د. تەها ڕەسوڵ

# پێکهاتەیەك لەخاك و مرۆڤایەتی



کارزان کۆیی
2021

# د. تەها ڕەسووڵ
# پێکهاتەیەک لە خاک و مرۆڤایەتی

کارزان کۆیی

**ناوی کتێب:**

**د. تەها ڕەسووڵ، پێکهاتەیەك لە خاك و مرۆڤایەتی**

ناوی نووسەر: کارزان کۆیی

تایپ: نووسەر

دیزاینی بەرگ: نووسەر

دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد

هەڵەگری: ڕێژین سەعدوون

نۆبەتی چاپ: یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠٢١

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

چاپ: چاپخانەی تاران

لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانەکان

ژمارەسپاردنی ( ١٤٩٢ )ی ساڵی ٢٠٢١ پێ دراوە

# د. تەها ڕەسووڵ
# پێکهاتەیەک لە خاک و مرۆڤایەتی

کارزان کۆیی
(کارزان مستەفا حاجی سابیر)

چاپی یەکەم
٢٠٢١

بەخشین دڵێکی گەورەی دەوێت
نەك سامانێکی گەورە.

# پەیڤێك بۆ دکتۆر تەها

هـاوڕێکەم ئـێمە بێگومـانین لەم کارەمانـدا لە چەنـد لایەکەوە زوڵمێکی گەورە لە بەڕێزتان دەکەین، لەبەر ئەوەی ئێوە هەمیشە کەسـێکی کـوردپەروەر و نیشتمانپەرسـت و شۆڕشـگێڕ بـوون، هەمیشـەش لەبەرەی پێشـێلکراواندا وەسـتاون و هەڵگـری ئـاڵای شۆڕشـی بەنەتەوەبـوون لە هەمـوو بوارەکانـدا، لە هەمـان کاتـدا وەک بزنسـمانێکی ڕۆشـنبیریی نەتەوەیـش بـۆ بەرژەوەنـدیی نیشـتمان، بـوونەتە سـمبولی بەرخـودان و بەخشـین... کـارە مەزنەکانیشتان هێندە زۆرە بەدەیان بەرگ تەواو نابێت، عەرەب واتەنـی "لایعـد ولا یحصـی" ئەو زانیارییـانەی ئـێمەش بەئاگـاین لەسـەر کارە جوانەکانتـان، زۆر کەمترە لەوەی ئێوە بەدرێژایی تەمەنتان ئەنجامتان داوە، کورد واتەنی ئەوەی ئێمە ئامـاژەی پـێ دەدەیـن "مەڵـۆیەکە لە خەرمـان" بەمەش بێگومـان لەپـێگە و گەورەیی هەڵوێسـتی بەرزی جوانی ئێوەی کـوردپەروەر کەم دەکەینەوە، لە هەمـان کاتدا ئەم کارەشمان دەبێتە هۆکارێک بۆ کـردنەوەی دەرگـای داواکاری و هاوکـاریی بەشـاڵاو، لە کاتێکدا ڕەنگە زۆرێکیشیان شایستەی ئەو هاوکارییە نەبن، لەگەڵ ئەوەدا بەداوای لێبـوردنەوە ئـێمە ناسـاندنی کـردار و ڕەوشـتی بەرزی ئێوەی نیشتمانپەرسـت وەک نموونەیەک لە کولتوور و ڕەوشـت و کاری جوانی تاکی مرۆڤی کورد بۆ مێژوو... زۆر بە گرنگتر و گەورەتـر و مەزنتـر دەبینیـنەوە لە پشـکی ئەو زیانـانەی بەرەو ڕووتان دەبێتەوە.

هاوڕێکەم: ئێوە لەم نیشتمانەدا لە چاوی زۆرینەدا بوونەتە پێشـەوا و سـەرکردەی پێشـڕەوی هەڵوێسـتی جوانی، لە هەمـان کاتـــدا لە چـــاوی زۆرێکـــدا زۆر جـــوانتر و گەورەتـــر و خۆشەویسترن لە بەرپرسەکان، لەبەر ئەوە من بە ئەرکی دەزانم و شایسـتەی ئەوەن ئـێمە و هەمـوو کوردپەروەرێـک بـۆ مێـژوو هەر خۆشەویستی و درود و گوڵت بۆ بنێژین.

لە کۆتایـدا هیـوادارم بەڕێزتـان و بنەمـاڵە و خۆشەویسـتانت بمانبەخشـــن لە کەموکــورتی ئەم کــارە خۆبەخشــییەمان، گەر کەسانێکیش ئەم کارەی ئێمە بەشایستەی گەورەیی ئێوە نەزانـن، ئەوا دەرفەت و کــاری چاکخوازیتــان هێنــدە زۆرە بــواری بــۆ هەمـــووان ڕەخســـاندووە ســـەدان خوێنـــدنەوەی بەپێزتـــر و شایستەتر بکەن لەسەر کارە جوانەکانت.

# بۆ "دکتۆر تەها ڕەسووڵ"م هەڵبژارد...؟

دکتۆر تەها ڕەسووڵ، وەک دواتر بە بەڵگەوە ئاماژەی پێ دەدەین، مرۆڤێکە هەمیشە لە خەمی میللەتەکەیدایە، گەر بەویژدانیشەوە بڕیاری لەسەر بدەین، نەک تەنها جێگەی شانازی شارێکە، بەڵکوو دەکرێت بکرێتە ڕەمزی شارستانی و مرۆڤایەتی میللەتێک.

مرۆڤێک پڕاوپڕ لە جوانی، لێوان لێو لە ڕەوشتی بەرزی نەریتی کوردەواری، پیاوێک ئاودامان لە ورە و بەرخودان تەمەنێک لە تێکۆشان، دکتۆر تەها... لە هەر شوێنێک بووبێت خوێنی کوردایەتی بەجەستەیدا گوزەری کردووە و وەک خزمەتکارێکی میللەتەکەشی بەردەوام لەنێو کۆڕ و مەیدانی خەباتدا کاری کردووە، لەسەرەتای لاوێتییەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی کوردانەی لەگەڵ هەموو پارت و کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستان هەبووە، ئەمەش دەرئەنجامی بەردەوامی بووە لە خزمەتکردنی هەڵگرانی ئالای شۆڕشی کوردایەتیدا، بەم شێوەیە توانیویەتی بە ئێستاشەوە بە میهرەبانی لەنێو دڵی کەسایەتییە سیاسییە شۆڕشگێڕە سەربەرزەکاندا بەسەربەرزی بمێنێتەوە.

لەبەر ئەوەی هەردووکمان نەوەی دوو گەڕەکی نزیک بەیەک بووین لە منداڵییەوە بەیەکتری ئاشنا بووین، بەڵام پاش ئەوەی بەئاگا هاتم لەوەی دکتۆر تەها لە خێزانێکی ناسراوی شاری سلێمانییە، وەک بنەماڵەش باگراوندێکی مەعریفییان هەیە لە

هەموو ڕووە جوانەکانەوە، لە هەمان کاتیشدا ماڵەکەیان کانگا و شـــوێنی خەبـــات و جێگـــای مرۆڤـــی ڕۆشـــنبیر و پەناگـــای شۆڕشـــگێڕانە، زیـــاتر لێـــی نزیـــک بـــوومەوە، لە ناوەڕاســـتی حەفتاکاندا زۆر جار دەمبینی لەگەڵ کۆمەڵێ گەنجی ڕۆشنبیردا کۆ دەبووەوە، لەوانە وەک "بەختیار عەلی" و "ئاراس فەتاح" و "فاتح ڕەسووڵ" و "فاروق ڕەفیق" و "حەمە عمر عوسمان- ناسراو بە جەنەڕاڵی پایز" و چەندین کەسی دیکە، بەتایبەت لە چاخانەی قەڵادزێیەکـان یەکترییـان دەگـرتەوە، بە هـۆی ئەو هاوڕێیانە و تێکەڵاو بوو بە کاری سیاسی، لەو کاتەوە ئاشنا بوو بە زۆرێک لە ئەندامانی ڕێکخراوە نهێنییەکان، هەر چەند ئەو کاتە لایەنگری برایانی حیزبی شیوعی عێراقی بوو، بەڵام لە هەموومـــانەوە وەک یەک نزیـــک بـــوو، لەبەر ئەوەی ئەو لەو دەمەوە زیاتر کەسێکی کوردستانی بوو نەک کەسێکی حیزبی، لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیشیدا ڕۆژ بە ڕۆژ کوردایەتی لە ناخیدا گەورەتر بوو، ئەوەی من ئاگادار بم ئەم پیاوە خۆنەویستە بێ پلە و پۆستە بەردەواملە خەمی میللەتەکیدا بووە و لەگەڵ ژانی میللەتەکەیدا ژیاوە، لەبەر ئەوە گەلەک جار دووچاری ئازار و ئەشکەنجە و ڕاونان و دژایەتیکردن بووەتەوە، بەڵام هەر کۆڵی نەداوە و هەمیشە بەدڵێکی ئاگرینی پڕ لەخۆبردووییەوە لەپێناوی نیشـتمانەکەیدا ڕۆڵێکـی دیـار و مەزنـی هەبـووە، بەبـێ ئەوەی ڕۆژێـک لە ڕۆژانجـگە لە زیـان سـوودمەندی مـادی بووبێـت دەرئەنجامی ئەو هەڵوێستانەی.

ئەوەی لای من جێگەی سەرنج و هەڵوێستوەرگرتن بوو، لە هەمان کاتدا بووە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ ستایشکردنی، تەنها ڕەوشتی بەرزی خودی خۆی بوو نەک کاریگەریی هاوڕێیەتی، بۆ نموونە: ئەم مرۆڤە هەر کارێکی مەزنی ئەنجام دابێت یا هەر چییەکی بەخشیبێت بە ئەرکێکی نیشتمانی سەرشانی خودی خۆی زانیووە، بەڵگەش بۆ ئەوە تائێستا نەبینراوە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە یا لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا ئاماژەی بە کارێکی چاکخوازی خۆی دابێت، بەمەش پێگەی گەورەیی خۆی سەلماندووە لەلای کەسانی ژیر و ڕۆشنبیر، ئەم ڕەوشتە بەرزەی کە جێگەی ڕێز و حورمەتە، پێچەوانەی کاری هێندێک لە دەوڵەمەند و بازرگانە تازە پیاکەوتووەکانە، کە بە ناوی کاری خێرخوازییەوە، بۆ ڕاکێشانی سۆزی خزمان و جەماوەر و ناودەرکردن و ناساندنی ناوی خۆیان و زیندووکردنەوەی ڕەچەڵەکیان، مزگەوتێک دروست دەکەن و بەو ناوەی مەبەستیشیانە ناوی دەنێن، لەگەڵ بەدیهێنانی ئەو مەرامانەشیاندا لەلایەن حکومەتەوە دەبەخشرێن لەباجی دەرامەت، بەڵام ئەو کارە خێرخوازییانەی "د. تەها ڕەسووڵ" ئەنجامی داون، دوور بووە لەو بەرژەوەندییانە، بەڵکوو زۆر جاریش باجی ئەنجامدانی کارە چاکخوازییەکانیشی داوە، لە هەمان کاتدا لەبری چاوەڕوانی پاداشت لە ئاستیشیاندا چەماوەتەوە... !

من هەرگیز چەمانەوە و گەورەیی ئەم پیاوە و فرمێسکەکانی ئەو ڕۆژەی خودی خۆم لەیاد ناکەم کە بەندەشی خستە گریان،



وێنەی (د. تەها ڕەسوڵ) لەکاتی قاچ ماچکرنی دایکی شەهیدی سەربڕاو (هیشام نەبیل) دا

ئەو ڕۆژەی "د. تەها ڕەسووڵ"م بینی لە کاتی بەخشینی خەڵاتی ڕێزلێناندا بە دایکی جەرگ سووتاو، دایکی شەهیدی سەربڕاو "هیشام نەبیل"دا چۆن لە ئاستیدا چەمایەوە، لە هەمان کاتدا زۆر بەسەربەرزییەوە لە بەرپێیدا پاڵ کەوت و هانای ئەمەک و پێزانینی بۆ قاچی ئەو دایکە جەرگ سووتاوە برد و لەپێش چاوی سەدان کەسدا بەسەربەرزییەوە و بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە لەبری هەموو کوردان، پێڵاوەکانی دایکی ئەو شەهیدە سەربەرزەی بەماچ پیرۆز کرد، من لێرەدا دەپرسم گەر ئەم هەڵوێستە واتای مەزنی و گەورەیی دکتۆر تەها نەبەخشێت، پێم ناڵێن ئەم هەڵوێستە کام پێناسەی دیکە هەڵدەگرێت؟

دکتۆر تەها زۆر لەمێژە بەبێ دابڕان بەئێستاشەوە ڕۆژانە بەردەوامدەستی زیندووان دەگرێت، بۆ دواڕۆژێکی گەش و بەدیهێنانی ئاواتیان و نەمردنی ناویان کۆمەک و هاوکارییان دەکات و هەنگاویان لەگەڵ دەنێت، بە هەمان شێوە بۆ مردووانیش لەپێناوی بەزیندووهێشتنەوەی ناویان و ناسندنی کاری چاکە و پێگەیان، لە ڕێگەی لەچاپدانی بەرهەماکانیانەوە یا دروستکردنی پەیکەرەوە ناوی زۆرێکیانی لە ونبوون پاراستووە.

**دکتۆر تەها مرۆڤێکە هەر وەک ئێمە دەیەوێت بەخۆشی بژی... بەڵام چێژی خۆشی ژیانی ئەو لەوەدایە بۆ خزمەتی نیشتمان بژی و هەستی کوردایەتی و کورد پەروەری و بەرخودان و شانازی بەکوردبوونەوە لەناخی تاکی کوردا زیاتر جێگیر بکات.**

زۆرێک لە پیاوانی بەئەمەک و خەمخۆرانی ئەم نیشتمانە تایبەتمەندییەکی تایبەتیان هەبووە بۆ هاوکاری و دەستگیری، بۆ نموونە: کەسانی کوردپەروەر و شۆڕشگێڕ بۆ سەرکەوتنی شۆڕش، یارمەتیی شۆڕش و پێشمەرگەیان داوە، یا کەسانی لەخواترس، بۆ ڕازیکردنی خوداکەیان و گەیشتن بە بەهەشت، یارمەتیی هەژارانیان داوە، بە هەمان شێوە ئەدەبدۆستان و وەرزشەوان و....تاد. بەڵام ئەوەی لە ڕەوشتی "د. تەها ڕەسووڵ"دا بەدی دەکرێت، ئەو سنوورانەی تێپەڕاندووە و دەستی هاوکاری و یارمەتی بۆ هەموو توێژەکان والا کردووە بێ سنوور و جیاوازی.

ئەوەی لەم نووسینەمدا بەئاستەنگم بینی و دوای خستم لەم دەربڕینە، ئەوە بوو نەدەمتوانی پێگە و گەورەیی خۆی پێ بدەم و هەموو کارە جوانەکانی هەژمار بکەم، نە دەشمتوانی

پێنووسی ویژدانم بخەمە گەڕوو سەدانکاری جوانی فەرامۆش بکەم و بڵێم ئەمانەن کارەکانی ئەم پیاوە شۆڕشگێڕە مەردە کە هەموو ژیانی خۆی بۆ جوانکردنی نیشتمان تەرخان کردووە، بەڵام لەسەر بیرۆکەی ئەم کارەم هاوڕێی خۆشەویستم"**شێخ جەمالی موزیع**" پێی وتم: "**شورەیی نییە گەر تۆ نەتوانی ئاماژە بە هەموو کارەکانی بدەی، شورەیی ئەوەیە ئاگاداری ئەو هەموو کارە مەزنانەی بیت و بێدەنگ بیت لە ئاستیدا**" لەو ڕوانگەیەوە بۆ ئارامکردنەوەی ویژدانم، بڕیارم دا ئاماژە بە هێندێک لە کار و هەڵوێستە جوانەکانی ئەو مرۆڤە خۆنەویستە بدەم کە ئاگادارم لێی، لەگەڵ هۆنینەوەی چەند وشەیەکی جوان کە شایستەی مەزنی ئەو مرۆڤە کوردپەرستە بێت و وەک مەدالیایەکی ڕێزلێنان لە گەردنی بئاڵێنم بەباشتر بزانم لەوەی هەر باسی نەکەم، لە کاتێکدا بێگومانم لەوەی ئەوەی ئاماژەی پێ دەدەم تەنها جۆگەلەیەکە لە ڕووبارێک لە گەورەیی و بەخشندەیی ئەو کوردپەرستە.

## ڕوونکردنەوەیەك بۆ ئەم ستایشە

ئەو کەسانەی لە نزیکەوە ئاشنامانن گەواهی ئەو ڕاستییە دەدەن ئێمە هەرگیز مەیلی پلە و پۆستمان نەبووە و لەسەرەتای لاویشمانەوە بە بەردەوام سەرچاوە و داهاتێکی باشمان هەبووە، لەبەر ئەوە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی کەسمان نەویستوە و لە کەسیش نزیک نەبووینەتەوە و منەتیشمان بە کەس نەبووە و ناشمانبێت بە "د. تەها ڕەسووڵ"یشەوە، ئەوەی لەخوارەوەش ئاماژەی پێ دەدەین مشتێکە لە خەوارێک، مەبەستیشمان لەم ڕوونکردنەوەیە تەنها بۆ ئەوەیە کاتێک ئێمە ئاماژە بە سەربەرزی و گەورەیی کەسێک دەدەین وەک "د. تەها ڕەسووڵ" مەبەستمان تەنها بەرزڕاگرتنی ڕەوشت و هەڵوێستی ئەو مرۆڤە ماندوونەناسەیە کە بە کردەوەکانی واتایەکی جوانی بەژیان بەخشیووە، تابیێتە پێشڕەو بۆ ئەنجامدانی کاری هاوشێوە و جوانتر، لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی چاوی لێ بکرێت و خزمەتکردنی نیشتمان ببێتە کولتوور لای هەمووان.

بێگومان لە مێژووی گەلی کوردا هەزاران کەڵەپیاوی خەمخۆری بەئەمەکی تێدا هەڵکەوتووە، بەڵام زۆرینەیان وەک سەربازێکی نەناسراو لە مێژوودا فەرامۆش کراون، زۆرن ئەو گومناوانەی پێویست بوو بکرانایە ڕەمزی ڕەوشت بەرزی مرۆڤایەتیی کورد و شانازییان پێوە بکرایە، بەڵام بەداخەوە زۆرێکیان گومناو بوون، لەو ڕوانگەیەوە وەک خەمخۆرییەکمان بۆ بەرزڕاگرتنی هەڵوێستی بەرزی مرۆڤانەی تاکی کورد، تا ئەو کەسە مرۆڤدۆست و نیشتمانپەرستانە ببنە هێما و نموونەی سەربەرزی و ڕێچکەی کاری جوانیان پەیڕەو بکرێت، وەک

دەست پێشخەریەک پێم باش بوو ستاییشی کەسێکی زیندوو بکەم تاچیدیکەش پێمان نەوترێت: "ئێمە گەلێکی مرد و پەرستیزیندوو کوژین" هیوادارم ئەم کارەشمان ببێتە سەرەتایەک بۆ ناساندنی کەسانی هاوشێوە.

لێرەدا بەدروستی دەزانم ڕوونکردنەوەیەک بدەم بۆ ئەو بەڕێزانەی لە نزیکەوە ماممانناسن سەبارەت بە نەبوونی بەرژەوەندیی کەسی و بێ لایەنی ئێمە لە ستایشکردنی ئەم مرۆڤەدا، چونکە ئەوەی ڕۆژێک لە نزیکەوە بە ئێمە ئاشنا بوو بێت یاخودگوتار و پێشنیارەکانی ئێمەی خوێندبێتەوە گەواهی ئەو ڕاستییە دەدات، کە ئێمە بەردەوام بێ باکانە و چاونەترسانە بەگژ هەموو دیاردە نادروستەکاندا چوینەتەوە و زۆرێک لە سەرکردە و بەرپرسان و بەچکە بەرپرسان و دەوڵەمەندەکانی ئەم هەرێمەشمان (بە مەلا و مێزەر لەسەرانەوە) بەئاشکرا بریندار و زویر کردووە لەسەر کاری ناڕەوا، هەمیشەش لە دەرەوەی بەرژەوەندیی حیزبەکانەوە ڕوانیومانەتە ڕووداوەکان و بەئاشکراش دەستمان خستوەتە سەر دیاردە نادروستەکان تاهێندەی دیکە خوێنی لێ نەچۆڕێت، لەبەر ئەوە زۆر جار بەچاوی دوژمنەوە تێمان ڕوانراوە و کەوتونەتە سەنگەرەوە لێمان، ئەوەش ئێمە بۆ خودی خۆمان بەگەورەترین شانازی و دەستکەوتمان زانیوە، هەمیشەش گوتارەکانمان ڕێچکەی دژایەتیی گەندەڵی گرتووە نەکپیاهەڵدان و بەدیهێنانی بەرژەوەندی، لەبەر ئەوە هەمیشە پشکی زیانمان بەرکەوتووە، بەڵام ئێمە لەناخدا سوودمەند بووین لە ئاسودەکردنی ویژدانمان، بۆسەلماندی ئەو ڕاستییە و سەلماندنی نەبوونی بەرژەوەندیمان لە ستایشی ئەم مرۆڤەدا، بە

چەند دێڕێک ئاماژە بە بەشێک لە ڕابردووی ژیانی خۆمان دەدەین.

من نەقیبی پۆلیسی خانەنشین (٣٤ ساڵ و ١٠ مانگ و ١٤ ڕۆژ) خزمەتی ڕاستەقینەم هەیە، وەک لە بەڕێوەبەرایەتیی خانەنشینی سلێمانی بە بەڵگەوە تۆمار کراوە، ئەمە جگە لەوەی پێنج ساڵ نەفی کراوم بۆ هۆرەکانی "چبایش" و "حمار" لە پارێزگای "ناصریە"، هەروەها چەند ساڵێکیش وەک ئەفسەری شۆڕش لە دادگای شۆڕش کارمان کردووە، ئەمە جگە لە زیندانی و ئاوارەبوون و... تاد. لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەش وەک هەڵوێستێک ئەو دەمەی ئەفسەر بووم لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لەبری بەژداریکردن لە شەڕی ناوخۆدا بۆ بەگژاچوونەوەی ئەو شەڕە خۆکوژییە کتێبێکم لەسە ئەرکی خۆم بەچاپ گەیاند بە ناوی "دۆزەخستان".



بەڵام بە شانازییەوە دەڵێم ئێستا هەموو سەرچاوەی بژێوی ژیانم کە لە حکومەتی هەرێمی وەردەگرم تەنها (٣٤٠/٠٠٠) سێ سەد و چل هەزار دیناری خانەنشینییە، من لێرەدا دەپرسم گەر ئەو (٣٤) ساڵە کەسێکی قەڵەم فرۆش بوومایە یا سەر بە ڕژێم بوومایە ئێستا مووچەکەم چەند دەبوو؟، بۆ زانیاریی بەڕێزتان تائێستا پارچەیەک زەویشم لە هەموو عێراقدا وەرنەگرتووە، لە کاتێکدا ئەندامێکی کارای یەکێتیی ڕۆژنامە نووسانم و پێشتریش وەک ئاماژەم پێ دا نەقیبی پۆلیس بووم، ئەوەی لێرەدا ئاماژەم پێ دا، بۆ بەدیهێنانی هیچ مەبەستێک نییە و پێویستم بە هیچ هاوکارییەکیش نییە، لەبەر ئەوەی ئێمە هەمیشە سەرقاڵی کاری بازرگانی بووین، لە هەمان کاتدا خاوەنی کارگەی بەرهەمەکانی "زەیتونی ئاوا" بووین، ئێستاش بارودۆخی بژێویمان لە زۆرباش باشترە، لێرەدا داوای لێبوردن لە هاوڕێیانم دەکەم بۆ ئەم ڕوونکردنەوەیە و دەبێت بمانبەخشن، لەبەر ئەوەی بەپێویستم زانی بۆ ئەو بەڕێزانەی لە نزیکەوە ئاشنامان نین کەمێک زانیارییان هەبێت لەسەر ژیانمان.

## گەشتێکی کورت بەنێو هێندێك لە هەڵویستەکانی دکتۆر تەها ڕەسووڵ لە دەرەوەی نیشتمان

لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە دەمزانی دکتۆر تەها، لەلایەک کوردایەتیی کردووەتە پیشە، لەلایەکی دیکەوە لە ڕێگەی ڕێکخراوە نهێنییەکانەوە دژی ڕژێمی بەعس وەستاوەتەوە، هەروەها ماڵەکەیانی کردووەتە شوێنی شاردنەوەی پێشمەرگە و کۆمەک و کۆبوونەوە، لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدات بۆ خۆڕۆشنبیرکردن و بەدەستهێنانی بڕوانامە، بەڵام هەرگیز نەمدەزانی لەو دەمەوە ئەم هاوڕێیەم، بڕیاری داوە هەموو تەمەنی خۆی تەرخان بکات بۆ جوانکردنی نیشتمان.

لەبەر ئەوەی لە منداڵیمەوە ئاشنای دکتۆر تەها بووم، چەندین جار چوومەتە ماڵیان، ڕاشکاوانەش دەڵێم: بە هێندێک ڕەفتاریان نامۆ بووم، بۆ نموونە: لەسەرەتای هەشتاکاندا شەوێک لەگەڵ هاوڕێم کاک "بێستونی حاجی مەجید" کە ئێستا بزنسمانە و لە هۆڵندا دەژی، ئەو کاتە خوێندکاری زانکۆ بوو وە کەسێکی مارکسی بوو، زیاتر کاک بێستون هاوڕێی کاک "حمە شوان"ی برای دکتۆر تەها بوو، چوینە ماڵی باوکی دکتۆر تەها، ئەو دەمە ماڵەکەیان لەپشتی کارگەی جگەرەی سلێمانی بوو، تەنیشت فەرماندەیی ئەنزباتی عەسکەری، هەر لە ئێوارەوە ئاگاداریان کردم کە هەر کەس دەبێت نوێنی خۆی بەرێت بۆ سەربان، ئەوەش لای من کارێکی نامۆ بوو، بەیانی من زوو هەڵسام بەنیازی ڕۆیشتن، کاک بێستون لەژێر بەتانییەکەوە وتی، جێگاکەت کۆ بکەرەوە و بیبەرەوە شوێنی خۆی، منیش وتم: یەکەم من میوانم دووهەمەم ئەمە کاری ژنە نەک پیاو، لە

وەڵامدا وتی یاسای ئەم ماڵە وایە، منیش وتم: ئەمە یاسای ئەم ماڵە نییە ئەمە یاسایئیۆەی شیوعییە و منیش شیوعی نیم، ***(سەرنج: ئەو دەمە هەموو خانەوادەکانی شار دایکانمان یا خوشکانمان هەر لە ئێوارەوە جێگایان لە سەربان دادەخست و بەیانیشانیش هەر ئەوان ئەو ئەرکەیان دەکێشا و کۆیان دەکردەوە، بەس لەبەر ئەوەی ئەوان بەردەوام میوانیان هەبوو، لە هەمان کاتدا خانەوادەیەکی ڕۆشنفیکر بوون و باوەڕیان بەیەکسانی تاکەکان هەبوو، پەیڕەوی ئەو شێوازەیان دەکرد، ئێستا لەدوای پەنجا ساڵ هەست دەکەم من هەڵە بووم. ک.ک.)*** بە هۆی ئەو تێکەڵاوییەمەوە بە ئێستاشەوە هەموو ساتێک چەخماخەی خانەدانی و سەروەری و هەڵوێستی بەرزی ئەو خانەوادەیە لە ئاسمانی یادگارییەکانی بیر و هۆشمدا هەر دەگرمێنێ و ناتوانم ڕۆڵی ئەم بنەماڵە کوردپەروەرە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا لەیاد بکەم، کە پێشمەرگە ئاسا قۆڵیان لێ هەڵماڵی بوو، بوێرانە خەباتیان دەکرد و ماڵەکەیان کردبووە شوێنی حەوانەوەی ڕێکخراوە نهێنییەکانی ئەو دەمە، من دڵنیا و بێگومانم لەوەی مێژوو ناتوانێت ڕۆڵی ئەم بنەماڵە تێکۆشەرە لە خەباتی ژێر زەمینی و تێکۆشاندا پەراوێز بخات، لەبەر ئەوە لەم بەشەدا وەک ئەوەی مەبەستمە تەنها ئاماژە بە هەڵوێستەکانی "د. تەها ڕەسووڵ" دەدەم لە دەرەوەی نیشتمان.

گەر بەوردی ئاماژە بە هۆکار و چۆنیەتیی بەجێهێشتنی نیشتمان بدەم لەلایەن ئەو مرۆڤەوە، یا باسی چۆنیەتیی ژیان و هەموو هەڵوێستەکانی بکەم کە کاتێک ئەم کۆچبەرە یاخیگەر و شۆڕشگێڕە لەبری نیشتمان تاراوگە دەکاتە سەنگەری بەرخودان، ئەوا بەدەیان بابەت و چەندین کتێب و ڕۆمان

کۆتـــایی نـــایەت، لەبەر ئەوەی دکتـــۆر تەهـــا لە نیشـــتمانێکی بریندارەوە بە هزرێکی نەتەوەیی گۆشکراو بڕیاری دابوو بەگژ بـاوبۆرانی قەدەر و دوژمنـدا بچێـتەوە و کـۆچ بکـات، کۆچێـک لەپێنـاوی گەڕان بەدوای ناسـنامە و مـافی زەوتکـراوی گەلێکـی سـتەم دیـدە، نەک بـۆ خۆشـی ژیـان، لەبەر ئەوە بەبڕوایەکـی پۆڵاینەوە و متمـانەیەکی پتەوەوە ماڵئـاوایی لە نیشـتمان کـرد و هەموو خۆشییەکانی ژیانیشی لە تاراوگە بەخشییە نیشتمان،

ئەوەندەی من لەیادم بێت "د. تەها ڕەسـووڵ" لەکۆتـایی سـاڵی حەفتا و نۆدا چووە دەرەوە، تـا سـەرەتای سـاڵی هەشـتا و دوو مـــایەوە، لەوێـــوە بەرەو ســـووریا ڕۆیشـــت، پـــاش مـــاوەیەک لەوێشـەوە بەرەو یەکێتیی سـۆڤەیت ڕۆیشـت بەزەمـالەی حیزبـی سۆشیالیسـت، لەبەر ئەوەی مـن هاوسـەفەری نەبـووم، لەدوای ئەم کۆچەشـــی دابـــڕام لە هـــاوڕێیەتی و پەیوەنـــدی، بێگومـــان بەناچـاری لێـرەدا بەیدەسـت زۆرێـک لە هەڵوێسـتە جوانەکـانی فەرامۆش دەکەم، بۆ زانیـاریی بەڕێزتـان ئەو زانیارییـانەی هەمە هێندێکی زانیـاریی خـۆمە و زۆرێکیشـی لە زاری هاوڕێکانمـانەوە گوێبیسـتی بـووم، بـۆ نمـوونە: لە دانیشـتنێکدا بە ئامـادەبوونی بەڕێـزان "دکتـۆر ئیحسـان فوئـاد" و "حـاکم حمـدی گلـی" کە ئەو دەمە سەرۆکی دادگای شۆڕش بوو ئێستاش بەڕێزی لە ژیاندایە و یەکێکە لە هاوڕێ خۆشەویست و نزیکەکانم، یادی بەخێر کاک "عـادل مـراد" لە مـاڵەکەی خۆیـدا، لەسـەر هەڵوێسـتی "د. تەهـا ڕەسـووڵ" بەسـەرهاتێکی گێڕایەوە گـوتی: "لەسـەرەتای سـاڵانی هەشـتاکاندا پـێم وا بێـت سـاڵی ١٩٨٢ بـوو، کاتێـک "د. تەهـا ڕەسووڵ" لە سووریا دەبێت وەک هاوکاریی مانگانە پارەی بۆ دەبـڕینەوە، بەڵام دکتـۆر تەهـا ئەو پـارەیە ڕەت دەکـاتەوە و

وەریناگرێت، دواجار پاش ماوەیەک داوای هەموو ئەو برە پارانە دەکات، لەدوای وەرگرتنی پارەکان، لە ڕێگەی کتێبخانەیەکەوە لە "قامیشلۆ" هەموو ئەو پارانە دەنێرێتەوە بۆ هێزی پێشمەرگە لە کوردستان، ئەوانەی ئەو دەمە لە سووریا ئاگاداری ئەم هەڵوێستەی بوون و لە ژیاندا ماون و گەواهی ئەو ڕاستییە دەدەن، ئەم بەڕێزانەن "دکتۆر مەحموود عوسمان، غازی ئیبراهیم یعقوب، دکتۆر جەلال زرار کە ئێستا لە دانیمارکە، دکتۆر پشتیوانی شەقلاوەیی... تاد." هەروەهالەدوای ئەنفالە بەد ناوەکەی کوردستانیش کاتێک "د. تەها ڕەسووڵ" دەچێتە سوید، لەوێ لەلایەن حکومەتی سویدییەوە هاوکاری دەکرێت بە هێندێک پارە بۆ دابینکردن و کڕینی پێداویستیی کەلوپەلی ناوماڵ، بەڵام دکتۆر تەها ئەو برە پارەیەش وەک دیاری دەبەخشێتە حیزبی زەحمەتکێشان و دەینێرێتەوە بۆ کوردستان.

ئەم هەڵوێستانەی دکتۆر تەها ڕەسووڵ پێمان دەڵێت: **"دکتۆر تەها لەسەرەتاوە مرۆڤێک بووەهەمیشە کامەران و شاد بووە بە گیرفانی خاڵی و ویژدانی پڕ لە ئاسوودەیی".**

ناوبراو دوای ماندووبوونێکی زۆر لەگەڵ گەیشتنی بە ڕووسیا، لە خوێندنگایەک لە شاری "ئیفانوفو" وەردەگیرێت و دەست دەکات بە خوێندن، بەردەوام دەبێت لە خەبات و تێکۆشان، هەمیشەش هەوڵ دەدات جوانترین ڕەوشتی مرۆڤایەتی لەخۆیدا بەرجەستە بکات، بۆ ئەوەی سیمای کورد وەک مرۆڤێکی سەردەمیانە بە شارستانی و ڕۆشنبیر بناسرێت، بۆسەلماندنی ئەو ڕاستییە و ناساندنی شوناسی نەتەوەکەی، لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا سەربەخۆ و بەتەنیا لە "مۆسکۆ" ڕۆژنامەیەک دەردەکات بە ناوی "ئاڵای ئازادی" بە زمانی

ڕووسی، بە گەواهی "دکتۆر موفق دەرگەڵەیی" و "ئاراسی شێخ جەنگی"، ئێستا ئەو ڕۆژنامەیە لە ئەرشیفدا پارێزراوە.

وەک دەوترێت "دکتۆر تەها ڕەسووڵ" لە تاراوگە کەسێکی زۆر چالاک و کوردپەروەر بووە، زۆربەی کاتەکانی خۆی لەوێ بۆ خزمەتی کورد و بەشداری بۆنە کوردییەکان تەرخان کردووە، لە هەر شوێنێکدا بۆنەیەکی کوردی یا خۆپیشاندانێک هەبووبێت ئەو ڕۆڵی کاریگەریی تێدا بینیوە و ئامادەیی هەبووە، هەر وەک هاوڕێکانی ئەو دەمەی دەگێڕنەوە دەڵێن: لە مانگێکدا ٢٥ ڕۆژی لەنێو شەمەندەفەردا بەڕێ دەکرد، نەک بۆ گەشت بەڵک و بۆ ئەنجامدانی کاری ڕێکخراوەیی و کوردایەتی، هەر لەبەر ئەوە بۆ خۆشی هاوڕێکانی بەتایبەت "دکتۆر ئیسماعیل عساف" ناوی نابوو "ئیبن بەتوتە" ***سەرنج: "ابن بطوطة" ناوی "محمد بن عبدالله بن اللواتي الطنجي" بووە، ناسراوە بەابن بطوطة، بیست و هەشت ساڵ بەردەوام لە کۆچ و گەڕاندا بووە، لە ساڵی ١٣٠٤ لە شاری "طەنجە"ی مەغریب لە دایک بووە و لە ساڵی ١٣٧٧ مردووە، کتێبێکی گەورەش لەسەر ژیانی و گەشتەکانی چاپ کراوە بە ناوی" تحفة النظار في غرائب الآمصار و عجائب الآسفار" ناسراوە بە "رحلة ابن بطوطة" وەرگێڕاوەتە سەرچەندین زمان لەوانە ئینگلیزی و فەرەنسی و بورتغالی. ک.ک.***

وەک ئاماژەی پێ دەدرێت هەر خۆپیشاندانێک پەیوەندیی بە کوردەوە بووبێت لە تاراوگە، دکتۆر تەها پشکی کاریگەریی تێدا بینیوە، نموونەکان زۆرن وەک خۆپیشاندانەکەی "گۆڕەپانی حەمرا" لە مۆسکۆ، دژ بەکیمیابارانی هەڵەبجە، وەک لەم وێنەیەدا خستوومانەتە ڕوو.




تەنانەت هاوکار وپشتگیریی تەواوی کوردانی "ناگۆرنی کەرەباخ"ی ئازربایجان "کوردستانی سوور"ی کردووە، کە کاتێک دەردەکرێن و دێنە سۆڤیەت هاوشانی ئەوان بەژداریی هەموو خۆپیشاندانەکانیان دەکات.

***سەرنج: کوردستانی سوور، یەکەیەکی کارگێری بوو، ئازربایجانی سۆڤیەت، ئەم هەرێمە ناوچەیەکی فراوانی لەسەر سنوورەکانی ئازربایجان و ئەرمینیا (ئەرمەنستان) گرتبووەوە، سەرچاوەکان باس لەوە دەکەنلە ساڵی ١٩٢١ بۆ یەکەمین جار ئەو هەرێمە بە کوردستان نێو براوە. ئەم هەرێمە تەنها شەش ساڵ ژیا و لە ٨ نیسانی ١٩٢٩ بەبەهانەی گۆڕانکاری و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی کارگێڕی لە یەکێتیی سۆڤیەت، کە دەسەڵاتی ناوەندی لە مۆسکۆ بڕیاری لێ دابوو، کوردستانی سوور لە بەینبرا، ک.ک.).***

وەک دەوترێت دکتۆر تەها لەوێ گەلێک دەستکراوە بووە لە هەموو ڕووەکانەوە، هاوکاریی خوێدکاران و خانەوادەی کوردی کردووە و دەستگیریی هەموو بیرۆکەیەکی کردووە گەر لە خزمەتی کوردا بووبێت، لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بۆ ناساندنی شوناسی نەتەوەیی چەندین کتێبی لەسەر ئەرکی خۆی لە ڕووسیا بەچاپ گەیاندوە، لەوانەی من ئاگاداری بم کتێبی "کەریم مولا" کە ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەی گەلی کوردە، هیی بەڕێز "ڕەزوان بادینی" بوو ئێستا دانیشتووی هەولێرە، لە ڕەسەندا خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە، بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کاری لەسەر ناساندنی شوناسی نەتەوەیی کردووە لە تاراوگە، هەر لە ڕووسیا لەسەر ئەرکی خۆی هەڵدەستێت بە چاپکردنی کتێبی "میخائیل لازاریف" لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد، کە "دکتۆر کەمال عەلی" وەریگێڕابوو.

***(سەرنج: پڕۆفیسۆر میخائیل سیمۆنە ڤیچ لازەریف-لازاریف: لە ساڵی ١٩٣٠ لە مۆسکۆ لە دایک بووە، زانستی مێژووی لە زانکۆی مۆسکۆ تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٦٤دا دکتۆرای دووهەمی بەدەست هێناوە لەسەر مێژوویکورد بە ناوی "کوردستان و مەسەلەی کورد ١٨٩٠ - ١٩١٧"، لە ساڵی ١٩٧٠دا نووسەر بەهێندێک گۆڕانکارییەوە کردویەتییە کتێبێکی چوار سەد لاپەڕەییبە ناوی "مەسەلەی کورد" بە زمانی ڕووسی بڵاوی کردووەتەوە،لازەریف یەکێک بووە لە کوردناسە شارەزا و بەناوبانگەکانی سۆڤیێتی جاران و ئەندامی بەشی کوردی بووە لە زانستگای ڕۆژهەلاتناسیی سۆڤیێتی، لازەریف شارەزا و پسپۆڕ بووە لە مێژووی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکاندا. شایانی***

***باسـه بەرهەمەكـانی لازەریـف پلەیەكـی بەرزی ئەكـادیمی و زانسـتییانەی هەیە و خۆیشـی وەكـوو كەسـایەتییەک و مێـژوو نووسێک هەتا دوا هەناسـەكانی ژیانی پێوەندییەكی دۆستانە و پتەو و بەویژدانـانەی لەگەڵ بزووتنەوەی كوردایەتیدا هەبووە. ک.ک.)***

دیارە هەوڵ و چالاكی و دەستگیرۆییەكانی زۆر لەوە زیاترە كە ئێمە ئاماژەمـان پێ داوە، بەڵام تەنهـا هەر ئەوەندەیە ئەوەی ئێمە گوێبیستی بووین و لەیادمان بێت و گەواهی بدەین.

## هەڵدانەوەی کەشکۆڵێك لە بەخشین و بەرخودان بۆ ئازادیی هەرچوار پارچە لەتکراوەکەی کوردستان لە هەگبەیەکی شاراوەدا

ئەوە من نیم دەڵێم: دکتۆر تەها ڕەسووڵ هەرچوار پارچە لەتکراوەکەی کوردستان بەماڵی خۆی دەزانێت و شۆڕشگێڕان و شەهیدانیشی بە هاوسەنگەر و برای خۆی هەژمار کردوون، لە هەمان کاتدا دوو هێندەی کوردستانی باشووریش لە خەمی پارچەکانی دیکەیدایە، ئەوە من نیم دەڵێم: دکتۆر تەها کەسایەتییەکی نیشتمانپەرست و دڵسۆزێکی ڕاستەقینەی گەلەکەیەتی و هەموو ویستگەکانی ژیانی و گیرفانی و تەمەنی خۆی بەخشییەوە بەنیشتمان، ئەوە مێژوویژیانییەتی وامان پێ دەڵێت، لەداوی ئاماژەدانمان بە هێندێک لە هەڵوێستە مەزنەکانی نێو هەگبە شاراوەکەی، ئەو هەگبەیەی پڕاو پڕە لە هەڵوێستی مرۆڤایەتی و کوردایەتی و مەردایەتی، بەڵام لەبەر ئەوەی دکتۆر تەها ئەو هەڵوێستانەی بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە و دژی خۆبردنەپێشەوە و ماسولکەدەرپەڕاندن بووە بەشاراوەیی ماونەتەوە.

زۆرن ئەو هاوکارییانەی دکتۆر تەها بەخشیویەتییە هەرچوار پارچە لەتکراوەکەی کوردستان، بەڵام کەسانی بەفام و ڕۆشنبیر دەزانن لەبەر پاراستنی گیانی و هۆکاری سیاسی و ناوچەیی ناکرێت لێرەدا ئاماژە بە زۆرێکیان بدەین! لەبەر ئەوە بەیدەست تەنها ئاماژە بە بەشێکی کەمی دەدەین لەوەی ئێمە دەیزانین، ئەوانەی دیکەی لە کۆمەک و هاوکاری و دەستگیری کە بەنهێنی

بەخشـــــیوی‌یەتی بەداخەوە هەر بەنهێنـــــی دەمێنێــــتەوە لەم بارودۆخەدا!

لە ســـاڵی (٢٠١٢) لە هەڵوێســـتێکی مەزنـــدا و لە کـــاتێکی پێویستدا یەکەم "ڕادیوێ"ی بەخشی بە کۆبانی، وەک هاوکاری و پشـتیوانی بـۆ ناسـاندن و بیسـتنی دەنگـی شۆڕشـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان، بەڵام تەنها مەرجێکی هەبوو، ئەویش لەبەر ئەوەی شـەهیدی قارەمـانی ڕۆژئـاوای کوردسـتان "ڕۆسـتەم جـودی" هـاوڕێی بـوو، داوای کـرد ڕادیـۆکە بە نـاوی ئەو شـەهیدە قارەمـانەوە بکرێـت، پـاش گەیانـدنی ڕادیـۆکە بەکۆبـانی نـاونرا "ڕادیـۆی دەنگـی جـودی" بەئێستاشـەوە لە کـاردایە، ئەو ڕادیـۆیە کـاریگەرییەکی زۆری هەبـوو بـۆ ناسـاندن و گەیانـدنی پەیـامی شۆڕشـی ڕۆژئـاوا، سـەرەتا ڕادیـۆکە لە شـاری "عـامودا" لەسـەر باڵەخـانەی سـەنتەری ڕۆشـنبیری جێگیـر کـرا، پـاش پەخشـی ئەزموونی تێبینی کرا پەخشـەکەی ناگاتە هێندێک شـوێن، لەبەر ئەوە ئامێر و بورجەکە گوازرایەوە بۆشاری قامیشلۆ تا ئێستاش هەر لەوێـــدایە، وەک بەڕێـــز "پـــۆلات جـــان" کە نووســـەر و ڕۆژنامەنووسێکی خەباتکاری شۆڕشی کوردییە و بە زمانەکانی کـوردی و عەرەبـی و تـورکی دەنوسـێت، ئەنـدامی لقـی کـوردی یەکێتیی نووسەرانی نێودەوڵەتییە لەسـەر گرنگی ئەو ڕادیۆیە لە لێدوانێکیدا گوتویەتی: "ڕادیـۆی جودی لە بواری ڕاگەیاندنا بـوو بە خوێنـدنگایەک و چەنـدین خوێنـدکار لەو ڕادیـۆیە دەرچـوون". لێرەدا بە پێویستی دەزانم بۆ مێژوو ئاماژە بەوە بدەم "ڕادیـۆی دەنگی جودی" خاوەنی شـەرەفی یەکەمین ڕادیـۆیە، مرۆڤە مەزنە گومنـاوەکەی کـوردایەتی لەبـری هەمـووان بەخشـییە شۆڕشـی ڕۆژئاوا بۆ ناساندن و بیستنی دەنگیان لەو کاتە هەستیارەدا.

لەدوای ئەوە بە هەمـان شـێوە وەک ئەرکێکـی نیشـتمانی و هەڵوێسـتی مەردانەی هەمیشـەیی بۆسـەرکەوتنی شۆڕشـی کوردستانی ڕۆژ ئاوا، دکتۆر تەها بۆ جاری دووهەم ڕادیۆیەکی دیکەی پێشکەش بە کۆبانی کرد، پاش گەیشتنی ڕادیۆکە بە کۆبانی و کارکردنی ناونرا "دەنگی کۆبانی".

بە هەمـان مەبەسـتی سـەرەوە ڕادیـۆیەکی دیـکە بۆجـاری سـێهەم دەکـاتە دیـاری و دەینێرێـت بـۆ عەفـرین، پـاش گەیشتنیڕادیۆکە و کارکردنی لە ٢٠١٣ ناونرا "دەنگی عەفرین".

دکتۆر تەها ڕەسووڵ، بەرامبەر خۆڕاگریی شاری کۆبانی، ئەو شارەی بووە هێمای بەرگری و قارەمانێتی و بەرخودان بۆ گەلی کورد و جیهان، بڕیار دەدات تەلەفزیۆنێکیش بۆ ئەو شارە قارەمانە بکاتە دیاری تا ببێتە دەنگ و ڕەنگێکی دیکەی شانازی ئەو شارە، بۆ ئەو مەبەستە تەلەفزیۆنێک لە ئیتالیا دەکڕێت بە هەمـوو کەرەسـتەکانیەوە دەیبەخشـێتە ئەو شـارە سـەربەرزە، ئەوەی دەمێنێـتەوە لەسـەر ئەوان تەنهـا ئەنجامـدانی کارەتەکنیکییەکانی دەبێت، بەباشـی دەزانـم لێرەدا بـۆ مێـژوو ئامـاژە بەوەش بـدەم ئەوەی شـەرەفی گواسـتنەوەی ئەم هاوکارییانەی بەرکەوت، هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بوو، لەگەڵ گواستنەوە و جێگۆڕکێی هێزەکانیاندا ئەو ئامێرانەیان لەژێر باردا شاردەوە تا گەیاندیانە شوێنی مەبەست!

وەک هەستێکی نیشتمانی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و بەرزڕاگرتنـی گیـان بەخشـانی نیشـتمان و مانەوەیـان بە زیندوویەتی، دکتۆر تەها ڕەسووڵ زۆربەی زۆری ئەو نەمرانەی لە شەڕی کۆبانیدا شەهید بوون لەسەر ئەرکی خۆی تابلۆی بۆ کردوون، ئەوەی من بۆ خۆم لەماڵەکەیدا بینیوومە زیاتر لە

٣٠٠ تابلۆ دەبێت، ئەم کارەشی کردووە بەو هیوایەی ڕۆژێک لە ڕۆژان مۆزەخانەیەکی نەتەوەیی نیشتمانی بکرێتەوە تا لەوێدا ئەو تابلۆیانە دابنرێن و نەوەی داهاتوو شانازی بکات بەخەبات و بەرخودانی ئەو نەمرانەی نیشتمان کە زۆربەیان ژن و کچانی قارەمان بوون، بۆ زانینی بەڕێزتان دەستگیرۆیی و بەخشینی ڕادیۆ لەلایەن بەڕێزیەوە تەنها لەو دەڤەرەدا خۆی نەبینیوەتەوە، ئەوەی من ئاگادار بم دکتۆر تەها لەسەر ئەرکی خۆی پتر لە١٧ ڕادیۆی دیکەشی پێشکەش بە کوردوستانی باشور کردووە، بۆ نموونە بۆ سلێمانی، هەورامان، سۆران، کەلار، کەرکوک، ڕەواندز، پشدەر، خانەقین... تاد. ئەمە جگە لەوەی هاوکارییەکی بێ ئەندازەی بەشەکانی دیکەی کوردستانی کردووە ناکرێت لێرەدا و لەم بارودۆخەی ئێستادا ئاماژەیان پێ بدەین... !

گەر ئامـاژە بە هاوکـاری و پشـتگیری و دەسـتگیری هێـزی پێشمەرگەش بکەین لەلایەن "د. تەها ڕەسووڵ"ەوە ئەوە بۆخۆی کاتێکی زۆری دەوێت، بەڵام هەر بۆ نموونە: یەکەم قەناس کە بەخشرا بە هێزی پێشمەرگەی حیزبی شیوعی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش بەڕێزی بوو بۆی دابین کردن.

مـن وەک خـودی خـۆم لەبەر ئەوەی چەنـدین جـار وەک خۆبەخش لە شەڕی دژ بە"داعش"دا بەژدار بووم لە گەرمیان، ئاگادار بووم چەندین جار ستافەکەی "د. تەها ڕەسووڵ" بە ناوی "کۆمەڵگای پەروەردەیی مارگرێتەوە" هاوکارییان دەبەخشییە هێزی پێشمەرگە لەبەرەکانی شەڕ لە "کفری و قەرەتەپە و گوڵەجۆ" بەبێ ئەوەی ڕۆژێک لە ڕاگەیاندنەکانەوە خۆی دەربخات و باس لە هاوکارییەکانی بکات، لەگەڵ ئەوەدا هاوکاریی دەیان پێشمەرگە و دەیان ماڵە شەهید و بریندار

شەڕی داعشی کردووە و ئەرکی ناردنەدەرەوە و چارەسەری زۆرێکیانی لەئەستۆ گرتووە، لەبەر ئەوەی زۆرێک لەو هاوکارییانە مادی بوون و پێشمەرگەش شایستەی زۆر لەوە زیاترە، لێرەدا بەجوانی نابینم ئاماژەیان پێ بدەم.

ئەوەی لای من جێگەی ڕێز و سەرنجە و پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت، "د. تەها ڕەسووڵ" لەبری حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان هەستاوە بە کۆکردنەوەی وێنەی زۆرینەی شەهیدانی دەستی داعش کە زیاتر لە (٨٠٠) وێنەیە، وە چەندین جار پێشەنگای بۆ کردوونەتەوە، لە هەمان کاتدا مەدالیای ڕێزلێنانی بۆ کردوون لە سعودیە، بەبێ ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ڕاگەیاندنەکانەوە بڵێت: "ئەوە کاری منە و من ئەنجامم داوە" ئەمە جگە لەوەی ئەرکی بەرهەمهێنانی دەیان سروودی نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ هێزی پێشمەرگە و شەهیدانی هەرچوار پارچە لەتکراوەکەی کوردستانی لەئەستۆ گرتووە.

لەبەر ئەوەی "د.تەها ڕەسووڵ" کەسێکی کوردپەروەر و نیشتمانپەرست و شۆڕشگێڕ بووە، هەمیشەش لەبەرەی پێشێلکراواندا وەستاوە و هەڵگری ئاڵای شۆڕشی بەنەتەوەبوون بووە و بزنسمانێکی دەستکراوە بووە بۆ بەرژەوەندیی نیشتمان، ئەمەش بووەتە هۆکارێک لەنێو کەسانی سیاسی و ڕۆشنبیران و ناودارانداا پێگەیەکی تایبەتی هەبێت و بەڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٤ بەفەرمی لەلایەن "سەلاحەدین دەمیرتاشە" وە بانگهێشت دەکرێت بۆ دیاربەکر، لە ڕێگەی نووسەر و سیاسەتمەدار و دانوستانکار هاوڕێی دیرینی

"ئـــۆجەلان" مامۆســـتا "مـــحەمەد ئەمـــین پێنجـــوینی"یەوە بانگهێشتەکەی بەدەست دەگات، دەرئەنجام بەژدار دەبێت، لەوێ چـاوی بە بەڕێـزان "گولتـان کشـاناک" هاوسـەرۆکی شـارەوانی ئـامەد و "ئەحـــمەد تـــورک" سیاســـەتمەدار و ئەنـــدامپەرلەمانی پێشووی تورکیا کە دواتر بووە هاوسەرۆکی شارەوانی مێردین و ســـەرۆکی شـــارەوانییەکانی دەرســـیم و ئـــامەد، هەر لەو سەردانەیدا چەندین کەسی شۆڕشگێڕی دیکە دەبینێت و چەندین کۆبـــوونەوە و دانیشـــتنی تایبەتیـــان لەگەڵ ئەنجـــام دەدات، دەرئەنجامی ئامادەبوون و کۆبوونەوەکانی سودێکی گەورەیان پێ دەبەخشێت.













کـۆمەک و هاوکـاریی هەڵوێـستەکانی دکتـۆر تەهـا بـۆ بەدیهێنـانی چارەسـەری دۆزی ڕەوای گەلـی کـورد لە هەر چوارپارچە لەتکراوەکەی کوردستاندا وای کردووە، زۆرێک لە

بەرپرسان و سیاسەتمەدارانی ئەو پارچانەی دیکەی کوردستان بەچاوێکی ڕێز و حورمەتەوە بڕواننە "د. تەها ڕەسووڵ" و سەردانی بکەن، بۆ نموونە: بەڕێز "غەریب حەسۆ" پەیوەندیی پێوە دەکات و دەڵێت: بەنیازم لەم ماوەیەدا سەردانیت بکەم، پاش ماوەیەک "غەریب حەسۆ" بەبێ ئەوەی ئاگاداری دکتۆر تەها بکات لەگەڵ ڕێزدار "ساڵح موسلیم" هاوسەرۆکی پارتی یەکێتیی دیموکراتی کورد لەناکاو سەردانی بەڕێزی دەکەن لە ماڵەکەی خۆیدا، دوای پۆزشهێنانەوەی "دکتۆر تەها ڕەسووڵ" لەسەر ئەوەی بەبێ ئاگادارکردنەوە هاتوون و ناتوانێت وەک پێویست میوانداری دروستیان بکات، بەڕێز "ساڵح موسلم" دەڵێت: "من کەسێکی ئاساییم و پێویستم بەوە نییە" پاشان بەڕێز "ساڵح موسلم" ئاماژە بە هەڵوێستەکانی دەدات و دەڵێت: هەڤاڵان و برادەران زۆر باسی تۆیان بۆ کردوومو دەمێکە گوێبیستی کار و چالاکییەکانتم و..........تاد.





هەر بۆ زانیاریی بەڕێزتان و بۆ مێژووش یەکەم پەیوەندی و چاوپێکەوتنی نهێنی پارتی یەکێتیی دیموکرات "پەیەدە" لەگەڵ ڕووسیا، لە قولەرەیسی لە ماڵی "د. تەها ڕەسووڵ" ئەنجام درا، یەکەم جار بەنهێنی دانیشتنەکە ئەنجام درا، بە ئامادەبوونی "یڤگینی ارچنتسییڤ" جێگری کونسڵی گشتی ڕووسیا، لە دانیشتنی یەکەمدا وەفدی ڕووسی داوایان کردئەو چاوپێکەوتنە بەنهێنی بمێنێتەوە و بڵاو نەکرێتەوە لەدوای ئەوە، وەفدی ڕووسی پاش ڕاوێژکردن و ئاگادارکردنەوەی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا و لایەنە پەیوەندیدارەکانی خۆیان، پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا دروست دەبێت، دەرئەنجام چەندین دانیشتن و کۆبوونەوەی فەرمی دیکە بەئاشکرا لە ماڵی "د. تەها ڕەسووڵ" ئەنجام درا بەئاگاداری ڕاگەیاندنەکان.

بێگومـــان هەمـــوو کەســـێکی ڕۆشـــنبیر بـــاش دەزانێـــت نزیکبـــوونەوە و پەیوەنـــدی و دۆســـتایەتی لەگەڵ ئەو کەســـە شۆڕشـگێڕانەدا هـیچ سـوودێکی مـادی لـێ نـاکەوێتەوە، بەڵکـوو زۆر جـار مەترسیداریشــە لەبەر ئەوەی ئەو بەڕێـزانە کەسـانی بازرگان یا دەوڵەمەند یا بەرپرسـێکی دەسـەڵاتدار نین، بەڵام "د. تەهـا ڕەسـووڵ" بەمەبەسـتی خزمەتکردنـی دۆزی ڕەوای کـورد ئەو پەیوەنـــدییانەی بە پێویســـت زانیـــووە، هەر بۆزانیـــاریی بەڕێزتان ئەوەی من ئاگادار بم دکتۆر تەها ڕەسووڵ پتر لە ١٩ ســاڵە ئەنـدامی کـۆنگرەی نەتەوەیـی کوردســتانە و بەژداریـی هەموو کۆنگرەکانی کردووە.






ئەوەی تێبینیم کردووە، دکتۆر تەها هەر کارێکی ئەنجام دابێت یا هەر چییەکی بەخشیبێت، بۆ ناساندنی دۆزی کورد و لەپێناوی بەرژەوەندیی نیشتمان و نەتەوەکەیدا بووە، نەک بۆ ناساندنی خودی خۆی و بەدیهێنانی مەرامێک، بۆ نموونە: لە یەکێک لە پارکەکانی ئۆکرانیا دەبینێت کەسانێکی زۆر وەستاون کە سەر بە حیزبی سۆسیالن نارەزایی دەردەبڕن بەرامبەر شکاندنی بەشێک لەڕووی پەیکەرەکەی لینین، لە هەمان کاتدا داوای کۆمەک و یارمەتی لە حکومەت و لایەنگرانی پارتەکەیان دەکەن بۆ چاککردنی ئەو پەیکەرە "د. تەها ڕەسووڵ"یش ئاگادریان دەکات کە ئەرکی نۆژەنکردنەوە و چاککردنی ئەو پەیکەرە دەخاتە ئەستۆی خۆی، لەدوای نۆژەنکردنەوەی پەیکەرەکە، حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئۆکرانیا سوپاس و پێزانینی خۆیان ئاراستەی "د.تەها ڕەسووڵ" دەکەن و پێی دەڵێن: ئێمە دەمانەوێت ڕێزلێنانت بۆ بکەین، بەڵام پێش ئەو ڕێزلێنانە دەمانەوێت بزانین چیت پێویستە و ئێمە چۆن دەتوانین پاداشتت بدەینەوە، لە وەڵامدا دکتۆر تەها دەڵێت: **"من پێویستیم بە هیچ هاوکاری و ڕێزلێنانێک نییە، بەڵام ئێمەی کورد سەرکردەیەکی قارەمانی ئاشتیخوازمان بەندە ئەویش "عبدالله ئۆجەلانە" پێویستە ئێوە ڕێز لەو بگرن و مەدالیایەکی ڕێزلێنانی پێ ببەخشن".** دەرئەنجام لەلایەن سەرۆکی حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئۆکرانیاوە مەدالیای ڕێزلێنان دەبەخشرێتە سەرۆک"ئاپۆ"، دواتر دکتۆر تەها ئەو مەدالیایە دێنێتەوە و دەیداتە دەست لایەنە پەیوەندیدارەکان و لەلایەن ڕاگەیاندنەکانەوە بڵاو دەکرێتەوە.

**دەست خۆش دکتۆر تەها ڕەسووڵ ئێوە نیشتمانتان لە دڵدا داناوە نەک لە گیرفان.**

زۆرن هەڵوێســت و بەرخــودان و بەخشــینەکانی "د. تەهــا ڕەسووڵ" بۆ ئەم نیشتمانە جەرگ سوتاوە، شایستەی ئەوەیە خوێنــدنەوەی زۆری بــۆ بکرێــت و بەرز ڕابگیرێــت، بەڵام هەر چەند دەکەم ناتوانم مافی خۆیی پێ بدەم، لەبەر ئەوە بەیدەست ناو بەناو پەنا دەبەم بۆ نووسینی هێندێک بەڕێز کە پێدەچێت ئەوان زیاتر پێگەی خۆیان پێ دابێت لە وتارەکانیاندا، بۆ نموونە نووسەری بەتوانا و ناودار بەڕێز "د. فاضل الجاف" لە سوید لە وتارێکیــدا بەزمــانی عەرەبــی بەم شــێوەیە بــاس لە "د. تەهــا ڕەسووڵ" دەکات، ئێمە بەکورتی بەشێکی لێرەدا دەخەینە بەر دیدەی بەڕێزتان.

# من الذي يدعم الثقافة



**د. فاضل الجاف**

ظهور الاثرياء و اصحاب رؤس الاموال من المهتمين بالشأن الثقافي ظاهرة ايجابية في تطوير المجتمعات.

ولنا في صحة هذا القول امثلة شتى: في روسيا القيصرية يعد اهتمام بافل ميخايلوفيتش تريتياكوف(١٨٣٢-١٨٩٨) مؤسس غاليريه تريتيتاكوف، الذي تحول فيما بعد المتحف الوطني في روسيا ظاهرة متميزة تاريخيا، وقد بدأ التاجر الثري الشغوف بالفن التشكيلي، بافل تريتيتاكوف باقتناء اللوحات الفريدة بعد شرائها من كبار فناني الروس، ليتحول بعد ذلك متحف وطني يعد اليوم من اهم متاحف العالم.

وفي كردستان، يمكن ان نعتبر ظاهرة الدكتور طه رسول الميسور الحال، في دعمه الانشطة الثقافية و تأسيسه مؤسسات ثقافية عديدة ظاهرة فريدة في ميدان الثقافة الكردية.

# خەرمانێك لە بەخشین و بەخشندەی و سەرووەرییەکانی دکتۆر تەها

**ئەوەندی من ئاگادار بم "د. تەها ڕەسووڵ"لە سەرەتای ژیانییەوە هەموو ڕۆژێک بەردەوام ژیان و گیرفان و تەمەن و خۆشییەکانی خۆی بێ دابڕان بەخشیوەتە ئەم نیشتمانە، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەوەی بە دکتۆر تەها کراوە تەنها هەر بەخودی دکتۆر تەها دەکرێت....... لەبەر ئەوە بەئاستەنگی دەبینم مرۆڤێک هەبێت نەک بتوانێ وەک "د. تەها ڕەسووڵ" بەخشندە بێت، بەڵکوو بتوانێ هەموو بەخشندەییەکانی دکتۆر تەها وەک خۆی بنووسێتەوە.**

**دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان**

بەخشین و بەخشندەی و کارە جوانەکانی "د. تەها ڕەسووڵ" زۆرن، یەکێک لە کارە مەزنەکانی ئەو مرۆڤە دامەزراندنی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفانە، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان لە ساڵی ٢٠١٣ بەخاوەنداریێتی و سپۆنسەری خودی خۆی دامەزراوە.

ئەم دەزگایە وەک دەزگایەکی ڕۆشنبیریی قازانج نەویست، وەک دامەزراوەیەکی میدیایی و ڕووناکبیری، لە ماوەی ڕابردوودا گەلەک بەردی سەخت و گرنگی خستووەتە سەر کەڵەکی ڕۆشنبیریی کوردی، لەسەر زۆر پرس و دۆزی ڕەوا و لەسەر چەندین سێکتەری جیاواز کاری کردووە، لە ماڵی گەورەی ئەدەبەوە بۆ مێژوو، بۆ جینۆسایدی ئەنفال و شەنگال، بۆ خەباتی ڕەوای پارچەکانی دیکەی نیشتمان، بۆ بیری سیاسی

و فەلسەفە و دنیابینییە نوێیەکان، بۆ هونەر و هەموو چەشنەکانی تری داهێنان، هەمیشە دەرگای ئەو دەزگایە لەسەر پشت بووە، ئەو دەرگا کراوەیەش دواجار بەرهەمی زۆر و دەستکەوتی ناوازەی بەدوای خۆیدا هێنا.

ئەم دەزگایە ئەوەندەی من بەئاگا بم، لە ساڵی "٢٠١٦"وە کاک "سیروان حمەسەعید حمەخورشید" وەک بەڕێوەبەری ئەو دەزگایە دەستبەکار بووە و گەلەک ماندوو بووە و خزمەتێکی زۆری ئەو دەزگایەی کردووە، بە شێوەیەک جێگادەستی بووەتە مایەی شانازی هەمووان، بە هاوکاریی چەندین کەسی دیکە کە بەفەرمی لەو دەزگایە کار دەکەن وەک "شاڵاو عەلی،تانیا فازیل،وریا حسن، ئومێد سەوزە، ئارام عەلی، باخان ئەحمەد، ڕێژین سەعدوون" ئەم بەڕێزانەش هەر کەسە و لە بواری خۆیدا لە ڕێگەی ئەو دەزگایەوە لە خزمەتی ئەم نیشتمانەدان.



**ئەم دەزگـایە سـێ ناوەنـدی تـوێژینەوەی لەخـۆ گرتـووە بەناوەکانی:**




١. ناوەندی توێژینەوە و هزریی شـەهید ئارام، کە بەشـێک لە کتێـبە هـزری فەلسـەفی و مارکسیسـتییەکان لەم ناوەنـدەوەک ڕێزێـک بـۆ خەبـات و تێکۆشـانی شـەهید ئـارام چـاپ و بـڵاو دەکرێتەوە.




٢. ناوەنـدی تـوێژینەوەی مێژوویـی جەمیـل ڕۆژبەیـانی، لەم ناوەندە کتێبەکانی بواری مێژوو وەک ڕێزێک بۆ کەسایەتیی ئەم بیرمەندە چاپ و بڵاو دەکرێتەوە.

٣. ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبیی عەبدول ڕەحمان زەبیحی لەم ناوەندە بڵاوکراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان وەک ڕێزێک بۆ ناوی ئەم کەسایەتییە چاپ و بڵاو دەکرێتەوە.

ئەم دەزگایە، ناوەندی ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان وەکووماڵێک بۆ هەموو هزر و بیر و باوەڕەکان بە دوور لە هەر جۆرە جیاکارییەک توانیویەتی بە سەدان کۆڕ و سیمینار و چالاکی لە بوارە جیاوازەکانی: سیاسی، هونەری، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، یاسایی، ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، زانست و هزر و ...تاد. ڕێک بخات، هاوکات ڕێخۆشکەر و هاوکار بووە بۆ ئەنجامدانی سەدان کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار لە بوارە جیاوازەکاندا بەبێ بەرامبەر بۆ تێکۆشەران و کەسایەتییە ئەدەبی و سیاسی و نووسەر و لێکۆڵەران و مامۆستایان و بیرمەندانی کورد.





دەزگای ناوبراو لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا توانیوەیەتی زیاتر لە (٥٠٠) ناونیشانی تازە لەبوارە جیاوازەکاندا بخاتە کتێبخانەی کوردییەوە.

لە هەمان کاتدا دەزگای ناوبراو وەکوو یەکەمین دەزگای ڕۆشنبیری و چاپ و بڵاوکردنەوە، توانیویەتی کتێبی مێژووی شارستانیەت کە بە گەورەترین سەرچاوەی مێژوویی لە ئاستی جیهاندا ئەژمار دەکرێت کە لە (٣١) بەرگ پێک هاتووە چاپ و بڵاو بکاتەوە.






هاوکات زیاتر لە (٨٨) کتێبی لە بواری جینوساید و ئەنفال بە تێچووی زیاتر لە (١٠٠) ملیۆن دینار بە زمانەکانی کوردی و فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی و شێوەزارەکانی کرمانجی و ڕێنووسی لاتینی چاپ و بڵاو کردووەتەوە.

ئەم دەزگایە هێندێک کتێبی بەچاپ گەیاندووە لەتوانای تاکەکەسدا نییە و ئەرکی دەوڵەتە، بۆ نموونە لە ئێران حکومەت بەو ئەرکە هەڵدەستێت، لەو کارانە "مێژووی فەلسەفەی ڕاتلیچ"ی چاپ و بڵاو کردووەتەوە کە تاکوو ئێستا لە کتێبخانەی عەرەبیدا نابینرێت، هەروەها "کۆبەرهەمەکانی ئانتۆن چیخۆڤ"ی چاپ و بڵاو کردووەتەوە.




ئەمانە بە تاکەکەس ئەنجام نادرێت، بەڵام دکتۆر تەها ئەرکی لەچاپدانی ئەوانەی گرتووەتە ئەستۆ و ئەنجامی داون، ئەوەی من ئاگادارم ئێستا لە هەوڵ دایە مێژووی جیهان بنووسێتەوە کە پێدەچێت لە سەد بەرگدا خۆی ببینێتەوە، لە هەمان کاتدا بەنیازە مێژووی فەلسەفە و مێژووی کەڵەپیاوانی کورد بنووسێتەوە ئەوانەش هەریەکەیان بۆخۆی سەد بەرگی دەوێت، من بێگومانم ئەوەی بە "د. تەها ڕەسووڵ" بکرێت و بتوانێت کەمتەرخەمی تێدا ناکات، یەکێک لە پڕۆژەکانیشی وەک ئەوەی لای من باسی کردووە بەنیازە هەموو بەرهەمەکانی دکتۆر جەمال نەبەزکۆ بکاتەوە و بە شێوەیەکی جوان لەچاپی بداتەوە، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان ئەو ئەرکە قورس و پیرۆزانەی سەربەخۆ خستووەتە ئەستۆی خۆی، بۆ نموونە لەبری حکومەتی هەرێم و وەزارەتی ڕۆشنبیری لە ٢٠١٥/٤/١٤ دەزگای

ناوبراو بە سپۆنسەری "د. تەها ڕەسووڵ" دوو پێشانگای لەیادی تـــاوانی ئەنفالـــدا لە هــۆڵی پەرلەمـــانی عێـــراق و پەرلەمـــانی کوردســـــتان کـــــردووە کە تێیــــدا پتــــر لە١٠٠ ســــەرچاوە بەزمانەکانیکوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و کرمانجی و لاتینی لەخۆ گرتبوو لەسەر تاوانی ئەنفال، کردنەوەی ئەو دوو پێشانگەیە و خستنەڕووی ئەو سەرچاوە گرنگانە و بەو زمانە جیاوازانە پێشتر و ئێستاشی پێوە بێت ئەزموونی لەو شێوەیە نەکـــراوە، ئەم دەزگـــایە بە تەنهـــا لەلایەن "د. تەهـــا ڕەســـووڵ ئیبراهیم" وە پشتگیریی مادی و مەعنەوی دەکرێت.

دەزگـــای ڕۆشـــنبیریی جەمـــال عیرفـــان لە درێـــژەی کـــار و چالاکییەکانیدا بۆ بەدیهێنانی خەون و ئاواتی خوێنەر و نووسەر و ئەدیب و بیرمەندانی کورد لە هەرچوار بەشەکەی کوردستان دەیـــان پـــڕۆژەی جێبەجـــێ کـــردووە لە بـــوارە جیاوازەکانـــدا بە مەبەســـتی خزمەتکـــردن بە ڕۆشـــنبیری و کتێبخـــانەی کـــوردی، وەدەیـان پڕۆژەی دیکەشی لەبەر دەستدایە و بە جێبەجێکردنی ئەم پـڕۆژانە لە داهـاتوودا بەشێکی گرنگیی خەون و ئاواتەکـان دەکات بە حەقیقەت.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا بە لیستێک ئاماژە بە ناوی هێندێک لەو کتێبـــانە دەدەیـــن کە لە ڕێـــگەی دەزگـــای ڕۆشـــنبیریی جەمـــال عیرفانەوە چاپ کراون، واتا لەسەر ئەرکی "د. تەها ڕەسووڵ" چـــاپ کـــراون و بـــڵاو کـــراونەتەوە، ئەوە جـــگە لەوەی "د. تەهـــا ڕەســــووڵ" خــــودی خــــۆی ســــەربەخۆ ئەرکــــی لەچاپــــدان و

سپۆنسەری سەدان کتێبی دیکەی گرتووەتە ئەستۆ لە دەرەوەی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی بدرێت لەسەر داواکاری خۆی.









زۆرن ئەو بەڕێزانەی لە وتار و نووسینەکانیاندا ئاماژەیان بە گرنگیی "دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان" داوە، پێم وایە زۆر لە ئێمە زیاتر و شایستەتر پێگەی خۆیان پێ داوە لەبەر ئەوە بەڕێزەوە هێندێک لە وتاری ئەو بەڕێزانە لێرەدا دەخەینە ڕوو، بۆ نموونە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس "جەواد حەیدەری" لە وتارێکیدا بە ناوی "دەزگای جەمال عیرفان و چەند قسەیەک" بەم جۆرە لە وتارەکەیدا ئامـاژەی بە گرنگـی ئەو دەزگـایە و هەڵوێستەکانی "د. تەها ڕەسووڵ" داوە.

# دەزگای جەمال عیرفان و چەند قسەیەك
## (دکتۆر تەها پیاوێك بۆ هەموو وەرزەکان و هەموو بوارەکان)



**نووسەر و ڕۆژنامەنووس جەواد حەیدەری**

وەختـــایەک منـــداڵ بـــووم هەمیشـــە ئەم قســـەیەم بەرگـــوێ دەکەوت، کە دەیانگوت ئەگەر خوا سەروەت و سامان بە کەسـێ بـدات، دڵـی لـێ دەسـتێنێ، ئەگەر دڵیشـی پـێ بـدات سـەروەت و سامانی پێ نادات، بەڵام ئێستا دەرکەوت کە وا نییە، دەکرێ هەم سامان بدات و هەم دڵ.

لەو بارەیەوە دکتۆر تەهـا ڕەسـووڵخۆی نموونەیەکە، هەنـدێ شـــار هەن کە قەت پیـــاوی چـــاک و پـــاکی لـــێ نـــابڕێ، لە هەر سـەردەم و کاتێکدا کەسـێک یـان چەنـد کەسـێک هەیە کە ببـنە شانازی بۆ شارەکە، سلێمانیش یەکێکە لەو شارانە کە هەرگیز

پیاوی باش و چاک و پاک و دڵسۆز و خەمخۆری لێ نەبڕاوە و لێی نابڕێ، ئەگەر پێشتر کەریمی عەلەکەی هەبووە ئێستاش کەسی دیکەی هەیە کە دەتوانین بڵێین دکتۆر تەها یەکێکە لەوان

بۆ یەک چرکەش بێت بیهێنە بەرچاوی خۆت، ئەگەر دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان لە ئێستادا نەبوایە، ئایا دونیای کتێب و کتێبخانەی کوردی شتێکی کەم نەبوو؟ ئایا وەرگێڕان و وەرگێڕەکان بێناز نەدەکەوتن، من هێمن ئاسا دەیڵێم و بێباکم، ئەگەر لە ئەمڕۆکەدا کە دونیای سۆشیال میدیا و ئینتەرنێت و ڕاگەیاندن تەنگی بە دونیای کاغەزی هەڵچنیوە و ڕۆڵی دونیای کاغەزی کاڵ و کەمتر کردووەتەوە، بەڵام هێشتا لەناو گۆڕەپانی مەعریفە و نووسین و خوێندنەوە و چاپی کوردی، کاغەز ڕۆڵی خۆی ماوە و کاریگەریی خۆی هەر هەیە و لەو بوارەشدا دەزگای جەمال عیرفان تا ئێستا ئەسپی خۆی تاو داوە و تاویشی دەدات.

شک و گومان لەوەدا نییە، کە دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵی خۆی گێڕاوە و کاری کەسنەکردووی کردووە "کارێک کە پێشتر کەس دەستی بۆ نەبردبێت و شەخسێک بە تەنها بیکات پێی دەڵێن کاری کەسنەکردوو" سەرەڕای ئەوەی کە تەمەنی کورتە "وەک بزانم دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال ڕۆژی ١٤-٢-٢٠١٣ دامەزراوە" بەم پێیە بێ تەمەنی ئەو دەزگایە هەشت ساڵ و دوو مانگ و چەند ڕۆژێکە، بەڵام ڕۆڵ و قورسایی ئەو چەندین ساڵە و کار و چالاکییەکانی بە قەر تەمەنی نییە و زیاترە.

کاتێک دەڵێم دکتۆر تەها پیاوێکە بۆ هەموو وەرزەکان، لەخۆڕا وا ناڵێم، ئەگەر چی دکتۆر تەها خاوەنی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفانە، بەڵام وەک خۆم لە زاری ئەوم بیستووە، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان وەک کەشتییەکەی نوح وایە هەموو شتێکی تێدایە، بووەتە مەکۆیەک بۆ هەمووان، هەر لە ڕۆشنبیر و خوێندەوار و نووسەر و شانۆکار و هونەرمەند و شانۆکار و ڕۆژنامەنووس و پەیکەرساز و ... هتد. ئەگەر باسی وەرگێڕان بکەی ناتوانی باسی دەزگای جەمال عیرفان و هاوکاری و یارمەتییەکانی دکتۆر تەها نەکەی، ئەگەر باسی ڕێزلێنان لە کەسایەتییەکانی کوردستان بکەی ناتوانی ئاماژە بە پەیکەرو ڕێزلێنانەکانی دەزگای جەمال عیرفان نەکەی، ئەگەر باسی موزیک و گۆرانی و هەڵپەڕکێ و کلیپ بکەی ناتوانی ئاماژە بە پشتیوانی و پشتگیرییەکانی دەزگای جەمال عیرفان و شەخسی دکتۆر تەها نەکەی، ئەگەر باسی لێکۆڵینەوە و نووسین و وەرگێڕان بکەی ناتوانی لە ئاست زەحمەت و دڵسۆزییەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان و شەخسی دکتۆر تەها بێدەنگ بی.

ساڵی پار کە کۆرۆنا سەری هەڵدا و ژیانی هەموو جیهان بە تایبەتی ژیانی کوردی هەژاری چەوساوەی خستە مەترسییە، ئەوە دەزگای جەمال عیرفان و شەخسی دکتۆر تەها بە سەدان ملیۆن تمەن یارمەتیی مادی و مەعنەوی بۆ خوشکان و برایانی ڕۆژهەڵاتی نارد و هاوخەمی و هاوسۆزی خۆی بۆ ئەوان دەربڕی و پشتگیریی کرد کە بتوانن لە بەرامبەر ئەو پەتا نەگریسە خۆیان بپارێزن.

دەزگـای جەمـال عیرفـان بە چـاپ و بڵاوکـردنەوەی سـەدان کتێب لە بوارەکـانی فەلسـەفە، مێژوو، زانسـت، ئەدەب، موزیـک، شـانۆ، چیـرۆک، ڕۆمـان، جێـپەنجەی خـۆی لەنـاو گۆڕەپـانی مەعــریفە و چــاپ و بڵاوکــردنەوەی کــوردی نیشــان داوە و کتێبخـانەی هەژاری کـوردی تـا ڕادەیەک ئـاوەدان کـردووەتەوە، هەر چەند هێشتا زۆر شت ماوە کە ئەو دەزگایە بیکات، هەڵبەتە نەکەمـی کـردووە و نە درەنـگ هـاتووەتەوە، ئەوەی پێـی کـراوە کردوویەتـی و دەشـیکات مـن دوو پێشـنیارم هەیە ئەگەر لێمـی وەربگرن.

١. گرنگیـدان بە پارچەکـانی دیـکەی کوردسـتان بە تـایبەت باکوور و ڕۆژئاوا و دروستکردنی پردێکی پەیوەندی لە بواری مەعریفـــی و ڕۆشــــنبیری و گرنگیــــدان بە نووســــەران و هونەرمەنـدان و ڕوونـاکبیران و ژنـان و چالاکـانی مەدەنـی ئەو دوو بەشــە لە کوردســتان، بە شـێوەیەک کە چـۆن لە ئێسـتادا پەیوەندییەکی بـاش لەنێوان باشـوور و ڕۆژهەڵات هەیە، ئـاواش پەیوەندییەک لە نێوان باشوور و باکوور و ڕۆژئاواش لە ڕێگەی دەزگای جەمال عیرفان بە هەموو لقو پۆپەکانییەوە دروست بێت و لە بواری چاپ و بڵاوکردنەوە گرنگی بە نووسین و کتێب و بەرهەمەکـانی بـاکوور و ڕۆژئـاوا بـدرێت و بە شـێوەیەک کە دەزگـای جەمـال عیرفـان ببێـت بە سـەکۆ و مەکـۆی ئەو دوو بەشەی کوردستان.

٢. ســاڵی جــارێ یــان چەنــد ســاڵ جــارێ، ســیمیناری، کۆنفرانسـی، دیبەیتـی، فێسـتیڤاڵی، بـۆ ڕۆژێ یان چەند ڕۆژێ لە لایەن دەزگـای ڕۆشـنبیریی جەمـال عیرفـانەوە ڕێـک بخرێـت بـۆ

قسەکردن و تاوتوێکردنی چەندین چەمک و بابەتێک کە دەزگاکە هەڵیدەبژێرێ یان پێشنیاری بۆ دەکرێ، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی پتەو لەناو پارچەکانی کوردستان پێکەوە دروست بێ.

لە کۆتاییدا گەرەکمە ئاماژە بە دوو پڕۆژەی گرنگی دەزگای جەمال عیرفان بکەم، کە سەرقاڵی ئەنجامدانی ئەو دوو پڕۆژەیەن.

یەکەم پڕۆژەی وەرگێڕانی ٨٠٠ کتێبی ئۆکسفۆرد بۆ سەر زمانی کوردی کە لە ئێستادا کاری وەرگێڕان و ئامادەکردنی ٢٥ کتێبیان تەواو بووە کە بەڕاستی ئەمە پڕۆژەیەکە کە تا ئێستا نەکراوە و نەبینراوە کە پێویستە دەستخۆشییان لێ بکرێ.

کام دەوڵەمەند و سەرمایەداری کورد ئامادەیە بڕی ٢ ملیۆن دۆلار سەرمایەگوزاری لە کتێب و کتێبخانە و چاپ و پەخش بکات، بەبێ ئەوەی چاوی لە یەک سەنت قازانج و سوود هەبێت؟ دەزگایەکی قازانج نەویست، هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت و ئەشێ بڵێین دکتۆر تەها نموونەتان زۆر بێ.

دووهەمین پڕۆژە، پڕۆژەی بەخشینی ١٠٠ هەزار کتێبە کە ئەو دەزگایە سەرقاڵی ئەنجامدانی ئەو پڕۆژەیە.

با ئەوەشم لەبیر نەچێت کە دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان و شەخسی دکتۆر تەها دەستی هەبووە لە دروستکردن و نوێژەنکردنەوەی چەند قوتابخانەیەک لە هەرێمی کوردستان.

دوا قسەم ئەوەیە کە یاخوا سەرمایەدارەکانی ئێمە، ئەوانەی کە گیرفانیان پڕە، هەمیشە سەرمایەکانیان لەو بوارانەدا بخەنە گەڕ و ئایندەیەکی پرشنگدار بۆ نەوەکانمان مسۆگەر بکەن.

دووباره سوپاس بۆ دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان و دکتۆر تەها ڕەسووڵ، نموونەتان زۆر بێ و هەرگیز نانی کەم نەخۆن و لەشتان ساغ و سەرتان بەرز و بیرتان تیژ و دڵتان فراوان بێ.

هەروەها بەڕێز "کەمال نوری مەعروف" شارەزا لە بواری شوێنەوار و مێژووی کۆنی کوردا، لە وتارێکدا بە ناوی "دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان لە خزمەتی ڕۆشنبیراندایە" بەم شێوەیە کار و چالاکییەکانی دەزگای ناوبراو هەڵدەسەنگێنێت.

# "دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان
# لە خزمەتی ڕۆشنبیراندایە"



**کەمال نوری مەعروف**

لای ڕۆشـــــنبیران لە کـــــردنەوەی ئەو دەزگـــــایەدا، ئەوە دیارەهەتاکوو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان لەسەر ئەرکی دکتۆر تەها ڕەسـوول بەڕێـوە دەچێـت. کـاری دەزگـاکەش لە کـردنەوەی پێشانگای کتێب و چاپکردنیان و دەستگیرۆیی نووسەران و بۆ چاپکردنی بەرهەمەکانیان، بەردەوامی هەیە.

ئەو کتێبانەش کە لەم دەزگایەدا چاپ کراون، لەو جۆرانەن کە نـاوازەن و لە دەزگاکـانی تـردا بەرچـاو نـاکەون. ئەویـش دەگەڕێتەوە بۆ لێهاتوویی سەرۆکی دەزگاکە لە هەڵبژاردنی ئەو کتێبانەدا کە بۆ قوتابییانی زانکۆکانی کوردستان بەسوودن و پێویستیان بەوە نییە لە کتێبخانەکاندا بەدوای سەرچاوە بگەڕێن.

ئەوەش زیـاتر خۆشەویسـتی ئەو پیـاوە دەردەخـات بـۆ قوتابییان و پێشکەوتنی باری ڕۆشنبیریی لە شارەکەدا. لەوەش بەدەر، ئەو سـەرچاوانەی کە لە زمـانی بیانیـدا هەن و لەسـەر کورد نووسراون، دکتۆر بۆ چاپکردنیان هەردەم لە هەوڵدا بووە

و بەچـــاپی گەیانـــدوون، کە زۆرینەیـــان لەســـەر مێـــژوو و شوێنەوارەکانی کوردستانن، لەگەڵ ئەوانەشدا بوارەکانی تریش پشکی خۆیان هەن و فەرامۆش نەکراون. زۆر جاریش یارمەتیی نووســەری داوە، یــان پاداشــتی کــردووە، ئەگەر بەرهەمەکەی شیاوی چاپکردن بووبێت، یاوەکوو لە کاتی نەخۆشیدا یارمەتیی داون و پاداشت کراون، لە خزمەتیاندا بووە و دەستی بە ڕووی نووســەرەوە نەنــاوە.لەوەش زیــاتر، ئەو دەزگــایە ژمــارەیەک کارمەندی هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی، کە ژیانی کۆمەڵێک گەنج لە کچ و کوڕ کە کاری تێدا دەکەن لە بێکاری ڕزگاریان بووە وماڵەکانیان بە مووچەکانیان ڕووناک بووەتەوە.

خۆزگە دەزگاکانی تری دەوڵەت لە هەرێمدا چاویان لەو کارە جوانەی ئەو کەڵە مێردە بکردایە و چەشنی ئەو خزمەتیان بە خاوەن بڕوانامە بێکارەکان بکردایە، کە دینارێک لە گیرفانیانا سەوزەڵەخانم دەڵێت.

هەزارسـلاوی خۆشەویسـتی بـۆ دکتـۆر تەهـا ڕەسـووڵ، خاوەنی دەزگای جەمال عیرفان، کە بە کردنەوەی ئەو دەزگایە ڕووناکی خستە ناو شارەکەمانەوە.

هەروەهـا بـرای نووسـەر و شـاعیر و وەرگێـر "ڕەسـووڵ سوڵتانی" لە وتارێکدا بە ناوی "دکتۆر تەها ڕەسووڵ سێبەرێکی ڕەحمەتە بۆ کتێبخانەی کوردی" بەم شێوەیە ئاماژە بە کار و هەڵوێستەکانی "د. تەهـا ڕەسـووڵ" و دەزگـای جەمـال عیرفـان دەدات و دەڵێت: "ئێستا دکتۆر تەهـا ڕەسـووڵ یەکێکە لە نـاوە دیارەکانی بواری ڕۆشنبیریی کەسایەتییەکە، وەکوو سەرمایەی گەل سەیری دەکرێ". لێرەدا وتـارەکەی بەڕێـزی وەک خـۆی دەخەینە بەردیدەی بەڕێزتان.

# دکتۆر تەها ڕەسووڵ،
# سێبەرێکی ڕەحمەت، بۆ کتێبخانەی کوردی



**ڕەسووڵ سوڵتانی**

پیاوە بە مشوور و دڵسۆزەکان، کۆڵەکەی میللەتن. ئەوانە زۆر جار بۆشاییەک پڕ دەکەنەوە، کە جگە لە خۆیان بە هیچ کەسێک پڕ نابێتەوە. بە تایبەتی لە نێو میللەتە بێدەوڵەتەکاندا، هەبوونی ئەو کەسانە نیعمەت و پێدراوێکی گەردوونە. زۆر جار هەبووە تاکەکەسێک لەنێو میللەتێکدا شانی داوەتە بەر باری قورسی بەرپرسیارەتییەک، کە تەنیا خۆی بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە و ئەو بەرپرسیارەتییە قورسەی هەڵگرتووە، ئەگینا هیچ کەس نە چاوەڕوانیی لێی هەبووە و نە داوای لێ کردووە. ئەو کەسانە، چرای نێو ئەنگوستەچاوەکانن، کە هیوابەخشی ڕێبواران و کاروانەکان و ڕەوێنەرەوەی دێوەزمەی بێهیوایین.

پاش ساڵی ٢٠٠٥ کە پارەیەکی زۆر وەک لێشاو ڕژایە هەرێمی کوردستانەوە و زۆر کەس لەپڕێک بوون بە کوڕێک و زۆر کۆنەسواڵکەر لە ڕێی خزم و دۆستێکەوە، بە ڕێی ڕاستدا یان بە فێڵ و گزی بوونە خاوەن ملیۆنان دۆلار و گەیشتنە

پێگەیەکی دەوڵەمەندی کە لە ژیانیاندا هەر خەونیشیان پێوە نەدیتبوو، ئەوانە هەتا ئێستاش و لە داهاتووشدا وەکوو زەروو دەمیان ناوەتە نێو خوێنی ئەو میللەتەوە و هەر خەریکی خوێنمژین و خۆ زەبەلاحکردنن. لەو نێوەدا کەسانێکیش هەبوون، کە بە هەوڵ و تێکۆشان و بە مشوور و زیرەکیی خۆیان توانییان شتێک بۆ خۆیان وەسەر یەک بنێن و لەگەڵ دەوڵەمەندبوونیاندا فەقیر و هەژاریشیان لەبیر نەچووەوە.

لە وڵاتانی پێشکەوتووی دنیادا، سەرمایەداری و دەوڵەمەندی بەرهەمی زانست و گرتنەبەری ڕێگەی زانستیانەیە. لەوێ بازرگانی زانستە و زانست لە خزمەتی سەرمایە و سەرمایەش لە خزمەتی زانستدایە.

لە وڵاتی ئێمە بازرگانی نەک زانست نییە و خزمەتی زانست ناکا، بگرە بازرگانەکان دوژمنی قەستەسەری زانست و کتێب و خوێندەوار و کتێبخوێندن و خەڵکی ئەهلی کتێب و خوێندنەوەیان پێ گێژ و گەلۆرە و پێیان وایە ئەوانە ئەگەر تۆزە ئەقڵێکیان هەبووایە دەچوون دوو دۆلاریان پەیدا دەکرد و سەریان نەدەخستە نێو کتێبی بێسەمەر و بێسوودەوە. ئەوە بۆچوونی بەشی هەرەهەرەزۆری بازرگانیی وڵاتی ئێمەیە بەرانبەر ئەوانەی کتێب دەخوێننەوە. ئەگەر تێسلا و مایکرۆسۆفت و فۆرد و دەیان کۆمپانیانی زلهێزی دیکەی ئابووری لە جیهاندا بەرهەمی زانستن، هاوکات ئەوانە هەزاران پسپۆڕیشیان لە سێبەری خۆیاندا پێگەیاندووە و بەردەوام خەریکی تاقیکاریی زانستی و بەرهەمهێنانی نوێ و داهێنانی نوێن. کە وا بوو لەوێ چەرخەی زانست و سەرمایە دوولایەنە خەریکی خزمەتی یەکترین. بەڵام لە وڵاتی ئێمە سەرمایە نەک بەرهەمی زانست

نییە، بگرە ڕێک بەرهەمی دوورە کتێبی و دوورە زانستبوونە. چەندی لە کتێب و زانست پتر دوور بکەویتەوە، ئەوەندە لە سەرمایەداری و دەوڵەمەندی نزیکتر دەکەویتەوە. چەندی لە مەعریفە و زانین پتر دوور بکەویتەوە، ئەوەندە لە دەوڵەمەندی نزیکتر دەبیتەوە. هەر بۆیە هێمن دەڵێ:

هونەرمەند و ژیانی خۆش مەحاڵە

هونەرمەند ڕەنجەڕۆیە ژینی تاڵە

....

لە ئاکامی ئەو ڕاستییە تاڵەدایە، وەختێک، پیاوێکی وەکوو دکتۆر تەها ڕەسووڵ، هەڵدەستێ بەشێک لە سامانەکەی خۆی دەخاتە خزمەتی بواری ڕۆشنبیری و کولتووری و کتێب و چاپ و پەخشەوە، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانیی هەبێ کە دینارێکی بۆ بگەڕێتەوە، ئەو کەسە دەبێتە ئەستێرەیەکی درەوشاوە لەو ئاسمانە تاریکەسەلاتەدا. لە وڵاتێکدا کەماڵی دەوڵەمەندەکان تەنیا تەلەفزیۆنی شاشەگەورەیان تێدایە و بە دەگمەن ماڵی سەرمایەدار و بازرگانێک هەیە کتێبخانەی تێدا بێت و ئەگەر هەشیانبێ، کتێبەکان تەنیا دیکۆرێکن و کەس لایان لێ ناکاتەوە و کەس تخوونیان ناکەوێ. بە دەردی زانایەک دەڵێ: ئاخر، وەرزش زیانی بۆ جگەرە هەیە و کتێبیش زیانی بۆ گەمژەیی هەیە.

لەو دۆخەدایە، ڕووناکبیرێکی خەمخۆر، بە ناوی دکتۆر تەها ڕەسووڵ، وەرگێڕان و نووسەران و توێژەران لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە و لەو تاریکستانەدا چرایەکی گەش دادەگیرسێنێ. ئەوە جگە لەوەی دکتۆر تەها لە زۆر بواری دیکەشەوە دەست و

دڵی ئاوەڵا کردووە و یارمەتیی زۆر بوار و لایەنی دیکەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک دەدات.

لێرەدا مەبەست پێداهەڵگوتن و پەسن و مەدحی ئەو پیاوە نییە. ئەوەندەی مەبەست تیشکخستنەسەر ڕاستییە تاڵەکانی سەردەمی ئێمەیە. سەردەمێک کە پاش سەدەیەک ماڵوێرانی و ئاوارەیی و دەربەدەری، هەل و دەرفەتێکی زێڕین بۆ تاکی کورد ڕەخساوە و پێویستە هەموو تاکێک لە هەمبەر ئەو سەدە تاڵەی ڕابردوودا و لە هەمبەر نەوەکانی داهاتوودا هەست بە بەرپرسیارەتی بکا، کەچی زۆربەی ئەوانەی لە سایەی ئەو دۆخەوە لە هیچەوە بوون بە شتێک، نەک هەست بەو بەرپرسیارەتییە ناکەن، بگرە گاڵتەیان بە ئەقڵی مشوورخۆرانیش دێ. لەو دۆخەدایە، ئەو دەگمەن کەسانەی هەڵدەکەون، کەسانی دەگمەنی وەکوو دکتۆر تەها، دەبن بە مەدالیای زێڕینی گەردنی ئەم چاخە و مایەی شانازیی ئێستا و داهاتووی ئەو میللەتە.

ئەگەر بەدرخانییەکان چەخماخەی شۆڕشی ڕۆژنامەگەریی کوردییان لێ دا و مێژوویەکی پڕ لە شانازییان بۆ خۆیان و ڕێبازێکی درەوشاوەیان بۆ میللەتەکەیان دیاری کرد، ئەوا تەها ڕەسووڵیش ڕێچکەیەکی کردووەتەوە، کە هەر کەسێک لە داهاتوودا درێژەپێدەری ئەو ڕێگەیە بێ، بە دڵنیاییەوە ناوی دەچێتە ڕیزی شانازییەکانی ئەم میللەتەوە.

بازرگان و دەوڵەمەندەکانی کورد پێویستە ڕاستییەکیان لەبەر چاو بێ، ئەویش ئەوەیە کە هیچ مرۆڤێک عومری نووحی بۆ نەهاتووە و هەر هەموو سامانی سەر ئەم گۆی زەوییەش دڵۆپێک ئاوی ژیان و نەمریی پێ ناکڕدرێ و دواجار هەموومان لە تویێ گڵدا ئارام دەگرین. دڵنیام ئەوانیش یەک بە یەک

خوازیارن پاش ئەم ژینە کورتە، بە شانازییەوە ناویان بێ و ناو و وەجـــاغی مەعنەوییـــان کـــوێر نەبێـــتەوە. هەر لەو سۆنگەیەشەوەیە کە زۆر کەس حەز دەکا ناوی بەسەردەرانەی قوتابخانە، مزگەوتێک یان نەخۆشخانەیەکەوە بمێنێتەوە، چونکە گەورەترین ترسی مرۆڤ، ترسی لەبیرچوونەوەیەتی پاش مردن و یەکێک لە شیرینترین هیواکانی مرۆڤ ئەوەیە پاش مردن ناوی کوێر نەبێتەوە و بە باشە و چاکە یادی بکرێتەوە و بە دەردی ئیمانداران ڕەحمەتی بۆ بنێرن. جا لێرەدایە، کە یەکێک لەو هەنگاوانەی ناوی مرۆڤەکان بە نەمری دەهێڵێتەوە ئەوەیە ناویـان بچێـتە سـەر ڕووپەڕ و ڕووبەرگـی کتێبەکـان و لەو ڕێگەیەوە ناوێکی نەمر تۆمار بکەن و تابۆ و تەلیسمی مەرگ بشکێنن و ژیانێکی نەمرانە بۆخۆیان دەستەبەر بکەن.

دکتۆر تەها ڕەسووڵ، ئیتر تاکێک نییە سەر بە یەک بنەماڵە بێـت، ئەو پیـاوە ئێسـتا یەکـێکە لە نـاوە دیارەکـانی بـواری ڕۆشنبیری و کەسایەتییەک کە وەکوو سەرمایەی گەل سەیری دەکرێ. کەسایەتییەک، کە هیوا دەخوازم هەزاران نموونەی لەم کوردستانەدا هەبێ و بگرە لەم ڕێبازەدا بازرگان و سەرمایەدارە بەمشوور و نیشتمانپەروەرەکان بکەونە کێبڕکێ.

یەکەم جار هاوینی ٢٠١٦ بوو کە دکتۆر تەها ڕەسووڵم دیت. لەوێ باسی وەرگێڕانمان کرد و پێشنیاری کرد، کۆبەرهەمەکەی ئانتۆن چیخۆف بکەمە کوردی. لەو کورتە دانیشتنەدا هەستم کـرد خەم لە زۆر کەلـێن و بـواری پڕنەکـراوەی کتێبخـانەی کوردی دەخوا، بەڵام بە تەنیا هەر ئەوەندەی پێ هەڵدەسووڕێ و پێ دەکرێ کە کردوویەتی و دەیکات. لە ماوەی دەستپێک تا تەواوکردنـی چیخۆڤـدا، دکتـۆر بەردەوام ئاگـای لـێم بـوو و بە خەمێکەوە دەیپرسی "کاکی برا، کارەکەت گەیاندە کوێ؟ ئەی

چیت پێویستە چۆنت خزمەت بکەین؟" ئەوەی لەو قسانەی دکتۆردا بۆ من زۆر گرینگ بوو، لەبز و زمانی خاکەڕایانەی دکتۆر بوو. ئەو کە بە تەمەن و ئەزموونیش زۆر لە من گەورەترە، بەردەوام وەکوو ڕەفیقێک منی دەدواند و زۆریش بە خەمەوە بوو. جگە لەوەی بەردەوام بە پەرۆشی باری ژیانمی دەپرسی و دەیگوت چیت پێویستە بفەرموو با دابینی بکەین.

پاش تەوابوونی چیخۆف، ڕۆژێکیان ناوی ڕۆمانەکانی دکتۆر برایم خانی یونسیم بۆ نارد. کە وەڵامی دامەوە، سەیرم کرد باشی دەناسێ. گوتی: پێم باشە قۆڵی لێ هەڵماڵی و بۆ ئێمەیان بکەیە کوردی. دیسان ورە و وزەیەکی لەڕادەبەدەری پێ بەخشیم. هێشتا لە وەرگێڕانی ئەو کۆمەڵە ڕۆمانە نەبوومەتەوە، هەر جارێکی تەلەفۆنی بۆ دەکەم یان خۆی بە تەلەفۆنێک بەسەرم دەکاتەوە، دەبینم پرۆژەی گەورەتری لە مێشکدایە.

کاتێک حەفتەیەک پاش سووتانی کۆگای کتێبەکانی جەمال عیرفان من بەو ڕووداوەم زانی و تەلەفۆنم بۆ کاک دکتۆر تەها کرد، پێم وا بوو ئێستا زۆر بە دڵشکاوی وەڵامم دەداتەوە، کەچی بەوپەڕی ورەبەرزی و باوەڕبەخۆبوونەوە لەگەڵ ئەوەدا کە خەمێکی قووڵ قووڵ لە دەنگیدا دیار بوو، فەرمووی: هەر چەندە خەسارەکە قورس و زۆرە، بەڵام بە هیممەتی کەسانی وەک ئێوە تێی هەڵدێنینەوە و قەرەبووی دەکەینەوە. کار لە پیاوان دەقەومێ و ئازایەتی ئەوەیە کۆڵ نەدەی...

هیوای تەمەندرێژیی زیاتر بۆ ئەو پیاوە مەزنە دەخوازم. هیوادارم ئەم سێبەری ڕەحمەتە هەر وا بەسەر بواری ڕۆشنبیری و کتێبخانەی کوردییەوە بێ و نموونەشی لە کوردستاندا زۆر بێ.

## یەکێکی دیکە لەکارە مەزنەکانی ئەو مرۆڤە دامەزراندنی کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێتە

# "کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت"

سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٩ ئەوەی لەیادمە لە سەرەتای دروستبوونیدا تەنها "پەیمانگای مارگرێت" بوو، ناوەندێکی سودبەخشی بێبەرامبەر بوو بۆ فێربوونی زمانە بیانییەکان و زانستی کۆمپیوتەر و خولی بەهێزکردن، دوابەدوای ئەوە بەمەبەستی خزمەتی زیاتر و پەرەپێدانی ئەو پڕۆژەیە بە پێویست زانرا ڕادیۆیەکی پەروەردەیی دابمەزرێنرێت، بۆ ئەو مەبەستە لەسەر ئەرکی خۆی "ڕادیۆی مارگرێت"ی دامەزراند کە چەندین بەرنامەی سوودبەخشی تێدا پەخش دەکرا، دوابەدوای ئەوە لە ساڵی ٢٠١٣ هەردوو "باخچەی ساوایانی مارگرێت" و "قوتابخانەی مارگرێت"ی بەزمانی ئینگلیزی کردەوە، مەبەستیش لەو دوو پڕۆژەیەکارکردن بوو لەسەر دروستکردنی کەسایەتی منداڵ و بڕوابەخۆبوونیان و فێربوونی میوزیک و کۆمپیوتەر و ئەلف و بێ ی کوردی و زمانی ئینگلیزی تا بە شێوەیەکی دروست ئامادە بکرێن بۆ قوتابخانە، سەرەتا ئەو قوتابخانەیە پێک هاتبوو لە سێ قۆناغ، بەڵام بەردەوام لە گەشەکردندا بوو لە ئێستادا ئەوەی بەئاگام لێی گەر بەهەڵەدا نەچوبێتم تا قۆناغی

نۆیەمی تێدایە و بەشێکی زۆری بابەتەکانیشی بە شێوەیەکی پراکتیکی لەلایەن کۆمەڵێک مامۆستای پسپۆڕەوە دەوترێنەوە، لە ساڵی ٢٠١٥ شدا، دایەنگەی مارگرێتی کردەوە بە مەبەستی ئامادەکردنی منداڵانی دوو مانگ تا چوار ساڵ بۆ باخچە و قوتابخانەکان، ئەوەی گرنگە هەر لە کۆمەڵگای پەروەردەیی مارگرێت لەسەرەتاوە بەئێستاشەوە بەشێک هەیە بە ناوی "دەزگای ڕۆشنبیریی مارگرێت" کە خۆیان بە بەرپرس دەزانن لە چاپ و بڵاوکردنەوەی زۆرێک لەو کتێبە مێژووی و پەروەردەییانەی کە خوێنەر سوودمەند دەبێت لێی، وە چەندین کاری گرنگیان ئەنجام داوە و سپۆنسەری دەیان سیمینار و فیستیڤاڵیان کردووە بۆ بەرژەوەندیی گشتی بەبێ بەرامبەر، دواتر ئاماژەی پێ دەدەین، بۆ زانیاریی ناونانی "کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت" و سەرجەم بەشەکانی بە ناوی مارگرێتەوە، دەگەڕێتەوە وەک وەفا و ڕێزلێنانێک لەلایەن خاوەنی ئەو دەزگایەوە، بۆ ئەو ئافرەتە قارەمانەی وەک یەکەم ئافرەتی کورد لە تەمەنی٢٠ ساڵیدا پەیوەندیی کرد بە شۆڕش و هێزەکانی پێشمەرگەوە وەک پێشمەرگە، هەر چەند شتێکی نامۆ بوو لەو سەردەمەدا ئافرەتان وەک پیاوان چەک هەڵبگرن، بەڵام مارگرێت جۆرج چەکی بەرگریی کردە شان و بە هۆی ئازایی و نەترسییەوە زۆر زوو بەناوبانگ بوو، بەداخەوە لە ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی قەڵاقومری لە بۆسەیەکدا بە شێوەیەکی گوماناوی شەهید کرا!

کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت وەک ناوەندێکی پەروەردەیی جگە لەوەی خەون و ئاواتی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی زانستخوازە، لە هەمان کاتدا هەڵمەتی ئاوەدانی

بەشـێکی دیـکەی کارەکـانیەتی، کە خـۆی لە دروسـتکردنی خوێندنگە و نەخۆشخانە و چەندین پڕۆژەی تردا دەبینێتەوە، ئەوەی جێگـای سـەرنج و دەسـت خۆشـییە، کۆمەڵگـەی پەروەردەیی مارگرێت هەر چەندە کۆمەڵگەیەکی لۆکاڵی ئەهلی سەربەخۆیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا "د. تەها ڕەسووڵ" لە ڕێگەی ئەو کۆمەڵگەیەوە کۆمەڵێک کار و چالاکی و خزمەت و هاوکاری پێشکەش بەم نیشتمانە کردووە نەک بە ناوی خۆیەوە بەڵک و بە ناوی ئەو کۆمەڵگەیەوە.

لە هەمووی گرنگتر **دکتۆر تەها ڕەسووڵ سەرجەم داهاتی "کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت"ی بۆ خزمەتکردنی نیشتمان تەرخان کردووە نەک بۆ گیرفانی خۆی.**



## هێندێك لە بەخشینەکانی کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت

١.لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٢/٢ لە سەرەتای دەستپێکردنی جەنگی دژ بە داعش ئەم کۆمەڵگەیە سەردانی پێشمەرگە قارەمانەکانیان کرد لەبەرەکانی پێشەوە لە گەرمیان، لەسەر ئەرکی "د. تەها ڕەسووڵ" کۆمەڵێک کۆمەک و هاوکاری و پێداویستیی باش و بەسودیانپێشکەش بە هێزی پێشمەرگە کرد لەو دەڤەرە.

٢.لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٣/٥ لە یادی ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەماندا لەسەر ئەرکی "د. تەها ڕەسووڵ" وەک وەفایەک و بۆ زیندووهێشتنەوەی ناوی شەهیدە سەربەرزەکانی دەستی داعش، کۆمەڵگەی مارگرێت پێشەنگایەکی وێنەیی بۆ شەهیدە سەربەرزەکانی کردەوە کە زیاتر لە (٨٠٠) وێنەی تێدا نمایش کرا.

٣. لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/١٠/١٠ کۆمەڵگەی مارگرێت لەسەر ئەرکی "د. تەها ڕەسووڵ" کۆنسێرتێکی ڕێک خست بۆ هەردوو هونەرمەند "ناسر ڕەزازی و نەجمەدینی غولامی" بەمەبەستی بەخشینی سەرجەم داهاتی ئەو کۆنسێرتە بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان لەبەرەکانی جەنگدا.

٤. لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/١١/١٥بەمەبەستی خزمەتکردن بەوەرزش و وەرزش دۆستان، کۆمەڵگەی ناوبراو لەسەر ئەرکی "د. تەها ڕەسووڵ" سپۆنسەری خولێکی وەرزشی کرد لە ناوچەی شارەزوور سەرجەم تیپە میللییەکانی ئەو ناوچەیە لەو خولەدا بەژدار بوون.

٥. له ڕێکەوتـی ٢٠١٦/١/٣٠ لەدوای بۆردومـانکردنی نـاوچە سنوورییەکانی کوردستان و وێرانکردنی چەندین گوند و خانوو لەو ناوچانەدا لـە لایـەن تورکیـاوە، کۆمەڵگەی مارگرێت لەسـەر ئەرکی "د. تەها ڕەسووڵ" بە مەبەستی بەهێزکردنی ئەو فشارەی لەلایەن ڕێکخراوە مەدەنییەکانەوە بەرپا بووبوو، لە هەمان کاتدا بۆ هاندانی تۆڕە نارەزاییەکان دژی بەکارهێنانی کاڵای تورکی گەلەک هاوکاریی مادی پێشکەش بەو ڕێکخراوە مەدەنییانە کرد.

٦. له ڕێکەوتـی ٢٠١٦/٢/١١ کـۆمەڵگەی مارگرێـت بە سپۆنسـەری "د. تەهـا ڕەسـووڵ" سـیمینارێکی ڕێـک خسـت بە ئامـادەبوونی دەیـان دکتـۆر و مامۆسـتای زانکـۆ، لە زانکـۆی ئەمریکـی لــە سـلێمانی لەسـەر جینۆسـایدی ئێزیـدییەکان و فرۆشـتنی کـچ و ژنەکانیـان، مەبەسـتیش لەم سـیمینارە بەجینۆساید ناساندنی ئەو کەیسە بوو لەلای گەلانی جیهان.

٧. له ڕێکەوتی ٢٠١٦/٣/١١ بە سپۆنسەری "د. تەها ڕەسووڵ" لە ڕۆژی جلوبەرگی کوردیدا کۆمەڵگەی مارگرێت پێشانگایەکی کاری دەست و خواردنی کوردەواری لە پارکی ئازادیی سلێمانی ڕێک خست، سەرجەم کارە دەستییەکان لەلایەن خوێندکارانەوە بە سەرپەرشتیی مامۆستاکانیان دروست کرابوون وە سـەرجەم خواردنەکـانیش لەلایەن مامۆسـتایانی کۆمەڵگـاکەوە ئامـادە کرابوون، داهاتی ئەم پێشەنگایە هەر هەمووی بەخشرا بە چەند خێزانێکی کەمدەرامەت لەلایەن لیژنەیەکەوە کە لە خوێندکاران و مامۆستایانی ئەو کۆمەڵگایە پێک هاتبوون.

٨. له ڕێکەوتی ٢٠١٦/٤/٢٧ کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت بە سپۆنسـەری "د. تەهـا ڕەسـووڵ" وەک ڕێزلێنانێـک و هانـدان،

پێشـانگایەکی وێنەیـی بـۆ هونەرمەنـدی شـێوەکار حەمە ناشـاد کردەوە.

٩. لە ڕێکەوتـــی ٢٠١٦/٥/٢٦ پـــاش ئەوەی کـــۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت زانی "پەیمانگای ڕاهێنان و گەشـەپێدانی مامۆستایان" هیچ ناوەندێکیان نییە بۆ خوێندنەوە و دانانی کتێب وەک سـەرچاوە، کـۆمەڵگەی نـاوبراو لەسـەر ئەرکـی "د. تەهـا ڕەسـووڵ" کتێبخـانەیەکی پێشـکەش بەو پەیمانگـایە کـرد لەگەڵ پێشکەشکردنی پتر لە (٢٠٠٠) دوو هەزار کتێبی جۆراوجۆر.

١٠. لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٩/٤ کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت بە سپۆنسـەری "د. تەهـا ڕەسـووڵ" هەسـتا بە کـردنەوەی پێشانگایەکی سیرامیک بۆ هونەرمەندی ڕەوانشاد "ناجیە تۆفیق" وەک وەفـا و ڕێزێـک بـۆ ئەو کـارانەی لە مـاوەی تەمەنیـدا پێشکەشی هونەری سیرامیکی کردبوو.

١١. لە ڕێکەوتـــی ٢٠١٧/٣/١١ بە سپۆنســـەری "د. تەهـــا ڕەسـووڵ" لە ڕۆژی بەرگـی کوردیـدا کـۆمەڵگەی مارگرێـت بـۆ جاری دووهەم هەستا بە کردنەوەی پێشـانگایەکی کاری دەسـت و خـواردنی کوردەواری لە پـارکی ئـازادیی سـلێمانی، سـەرجەم کـارە دەسـتییەکانیش لەلایەن خوێنـدکارانەوە بە سەرپەرشـتیی مامۆسـتاکانیان دروسـت کرابـوون وە سـەرجەم خواردنەکـانیش لەلایەن مامۆسـتایانی کۆمەڵگـاکەوە ئامـادە کرابـوو، داهـاتی ئەم پێشـــەنگایە هەر هەمـــووی بەخشـــرا بە چەنـــد خێزانێکـــی کەمدەرامەت لەلایەن لیژنەیەکەوە لە خوێندکاران و مامۆسـتایانی ئەو کۆمەڵگایە پێک هاتبوو.




١٢. لە ڕێکەوتــی ٢٠١٧/٤/٢٣ لە ڕۆژی جیهــانی کتێبــدا و لە دووهەمین فیستیڤاڵی سلێمانی بۆ کتێب، کۆمەڵگەی ناوبراو بە سپۆنسەری "د. تەها ڕەسووڵ" کتێبخانەیەکی کردەوە بە ناوی نووســەری گەورەی گەلەکەمــان "ئیبــراهیم ئەحــمەد" لە نــاو کتێبخانەی گشتی سلێمانی لەگەڵ پێشکەشکردنی چەندین کتێب و سەرچاوەی جۆراو جۆر بەو کتێبخانەیە.

١٣. لە ڕێکەوتـی ٢٠١٧/٤/٢٧ دوای ئەوەی بـۆ چەنـد ساڵێک فیسـتیڤاڵی وەرزشـی لە سـەرجەم شـارەکان نەدەکـرا بە هـۆی بـارودۆخی دارایـیەوە، کـۆمەڵگەی پەروەردەیـی مارگرێـت بە

سپۆنسەری "د. تەها ڕەسووڵ" بڕیاری دا بە سپۆنسەرکردنی فیستیڤاڵی ساڵانەی وەرزشی قوتابخانەکانی سنووری پەروەردەی ڕۆژئاوا لە سلێمانی لەو فیستیڤاڵەدا (٥٢) پەنجا و دوو قوتابخانە بەژدار بوون.

١٤. لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٤/٣٠ وەک ڕێزێک بۆ ڕۆژی سلێمانی، کۆمەڵگەی ناوبراو بە سپۆنسەری "د. تەها ڕەسووڵ" پێشانگایەکی وێنەیی لەو ڕۆژەدا کردەوە بۆ هونەرمەند "فرود باقی" لەژێر ناونیشانی "جوانییەکانی دوێنێی سلێمانی" سەرجەم وێنەکان ئاماژە بوون بە جوانی ساڵانی ڕابردووی سلێمانی.

١٥. لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٥/١١ بە مەبەستی جوانکردنی سیمای شاری سلێمانی و بەرزڕاگرتنی ڕۆژی ژینگە کۆمەڵەی ناوبراو بە سپۆنسەری "د. تەها ڕەسووڵ" هەستا بە دروستکردن و دانانی چەندین ماڵ بۆ حەوانەوە و گەشەکردنی باڵندە لە پارکی هەواری شار لەگەڵ بەخشینی پتر لە دوو سەد باڵندە بەو ماڵانە و ناشتنی دوو سەد نەمام هەر لەو پارکەدا.






١٦. هەر لە ساڵی ٢٠١٧ دا بەمەبەستی پیشاندانی بوێری و خۆڕاگریی کچ و ژنانی نەتەوەکەمان کۆمەڵەی ناوبراو لەسەر ئەرکی "د. تەها ڕەسووڵ" بەبڕی (١١٠٠٠٠٠٠) یانزە ملیون دینار سپۆنسەری فلیمی "دورگەی مرواری" کرد کە ناوەرۆکی فلیمەکە باس لە بوێری و مەردایەتیی کچ و ژنانی شەرەڤانان دەکات دژ بە تیرۆرستانی داعش لە ڕۆژئاوای کوردستان.

١٧. لە ساڵانی ٢٠٠٩ تا ٢٠١٣ کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت وەک وەفایەک بۆ خوێنی شەهیدە سەبەرزەکانمان و کەسوکاری پێشمەرگە خۆنەویستەکانمان زیاتر لە (٧٥) خولی بێ بەرامبەری بۆ کەسوکاری شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان کردووەتەوە لەسەر ئەرکی "د. تەها ڕەسووڵ".

١٨.له سـالانی ٢٠١٢ تـا ٢٠١٤كـۆمەڵگەی پەروەردەیـی مارگرێت لەسەر ئەرکی "د. تەها ڕەسووڵ" سەدان کتێبی چاپ و بـڵاو کردووەتـەوهکە بەشـی زۆری ئەو کتێبـانە دەربـارەی جینۆسـاید و نەهامەتییەکـانی گەلەکەمـان بـوون، بە مەبەسـتی بیرنەچـوونەوە و پیشـاندانی ئەو نەهامەتییـانە کە دەرهەق بە گەلەکەمان کراون بەدرێژایی مێژوو.

لێـرەدا بە پێویسـتی دەزانـم بەپێـی هێنـدێک لەو پسـولانەی بەردەسـتم کەوتـوون لە ژمێریـاریی کۆمەڵگـای نـاوبراو ئامـاژە بەبڕی تێچوونی هێندێک لەو هاوکارییانە دەدەم کە لە سـەرەوە ئاماژەم پێ داون کە دەکاتە (٤٦٢٦٥٠٠٠٠) چوار سەد و شەست و دوو ملیون و شەش سەت و پەنجا هەزار دینار.

کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت جگە لەوانەی ئاماژەمـان پـێ داوە سـەدان کـاری جـوانی دیکەی پێشـکەش بەم نیشـتمانە کردووە زۆرێکی ئێمە بێ ئاگاین لێی و بڕی تێچـوونی نـازانیین، لێرەدا وەک تێبینی ئاماژە بە هێندێکیان دەدەیـن بەبێ ئامـاژەدان بەبڕی تێچوونی وەک دابەشـکردنی ڕێزلێنـانی خـەڵاتی مارگرێت بەسەر خوێندکارە یەکەمەکانی سەر ئاسـتی هـەرێمی کوردسـتان و دابەشـکردنی ڕێزلێنـانی باڵـدار بەسـەر کەسـایەتییە دیارەکـانی بـواری پـەروەردە و دابەشـکردنی سـووتەمەنی بەسـەر هەزاران مـاڵی هەژار لە سـلێمانی و شـار و شـارۆچکەکاندا، کـۆمەڵگەی ناوبراو لەسـەر ئەرکی "د. تەهـا ڕەسـووڵ" گەلەک کـاری دیکەی ئەنجام داوە بەدروسـتی نـابینم لێرەدا ئاماژەیـان پێ بـدەم لەبەر

ڕاگرتنی ڕێزی کەسایەتی ئەو بەڕێزانەی هاوکارییان کراوە بە شێوەیەکی نهێنی، بۆ نموونە هاوکاریی چەندین هونەرمەندی کردووە، بە هەمان شێوە هاوکاریی چەندین ماڵپەر و ڕۆژنامەی سەربەخۆی کردووە و چەندین کەلوپەلی پێویستی بۆ زۆرێک لە دەزگا خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی هەرێمی ڕێکخراوە مەدەنییەکان دابین کردووە و هاوکاریی چەندین خوێندکاری کەمدەرامەتی کردووە و هاوکاریی چەندین هونەرمەند و نووسەری کردووە بەبڕینەوەی مووچەی مانگانە بۆ ئەو بەڕێزانەی هیچ مووچەیەکیان نییە بە شێوەیەکی نهێنی.

کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگریت وەک ئاماژەمان پێ داوە جگە لەوەی وەکوو کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی ئەرکێکی گەورەی خستووەتە سەرشان لە هەمان کاتدا لە ڕێگای هونەری پەیکەرەوە هەوڵی داوە ڕێز لە کەسایەتییە هونەرییەکان و ئەدیب و کەسایەتییە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بنێت ئەو کەسایەتییانەی کە بەشێکن لە مێژووی پڕ شانازی ئەم وڵات و میللەتە، زۆرن ئەو هەڵوێستە جوانانەی کۆمەڵگەی ناوبراو ئەنجامی داون ناکرێت لێرەدا ئاماژە بە هەموویان بدەین و کاتێکی زۆر لە خوێنەر بگرین لەبەر ئەوە تەنها ئاماژە بە هێندێک کاری نوێیان دەدەین لەمساڵەدا.



کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت بە سپۆنسەری "د. تەها ڕەسووڵ" پەیکەرێکی بۆ فقێ ئەحمەدی دارشمانە، باپیرە گەورەی میرەکانی بابان دروست کرد لە ڕێکەوتی ۲۰۲۰/۱۰/۲۷ لەلایەن ڕێکخراوی دینکەوە، بۆ پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان پەردە لەسەر پەیکەری ناوبراو لا درا.

هەروەها وەک ڕێزێک بۆ هونەرمەندی کۆچکردوو "عەتا چاوشین" کە یەکێک بوو لە هونەرمەندە دیارەکانی بواری گۆرانی میلی و زیاتر لە ۳۵ ساڵ خزمەتی هونەری کردووە کۆمەڵگەی ناوبراو بە سپۆنسەری "د. تەها ڕەسووڵ" پەیکەرێکی

شایستەی بۆ دروست کرد، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٩ لە مەراسیمێکی شایستەدا پەردە لەسەر پەیکەری ناوبراو لادرا.




وە لە ١١/١١/ ٢٠٢٠ کۆمەڵگەی ناوبراو هەستا بە سپۆنسەرکردنی کلیپێک لە مەراسیمێکی تایبەتدا لە هۆڵی تایتانیک بۆ گوێبیستی دوایین شاکاری هونەرمەندی کۆچکردوو "عەتا چاوشین".

هەروەها وەک ڕێزێک بۆ مامۆستا و شاعیر و نووسەری کۆچکردوو "ع.ع. شەونم" کۆمەڵگەی ناوبراو بە سپۆنسەری "د. تەها ڕەسووڵ" ئەرکی دروستکردی پەیکەرێکی بۆ ئەو

کەسایەتییە ناسراوەش گرتە ئەستۆ و لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/١٢ لە دەروازەی زانکـۆی هەڵەبـجە پەردە لەسـەر پەیـکەری نـاوبراو لادرا.



کۆمەڵگەی ناوبراو بە سپۆنسەری "د. تەها ڕەسووڵ" ئەرکی دروستکردنی پەیکەرێکیشی بۆ هونەرمەندی کۆچکردوو سابیر کوردستانی گرتە ئەستۆ، وە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/٢٢ پەردە

لەســـەر پەیـــکەری نـــاوبراو لادرا لە ســـەنتەری ڕۆشـــنبیریی کەرکووک.




ئەوەی ئێســـتا لە پـــڕۆژەی کـــۆمەڵگەی نـــاوبراودایە بە سپۆنســەری "د. تەها ڕەسـووڵ" دروسـتکردنی قوتابخـانەیەکە لە ناحیەی شۆڕشی سەر بە قەزای چەمچەماڵبە ناوی خوێندنگەی "پاداشتی بنەرەتی" ئەمەش هەوڵێکی دیکەیە بۆ گەشەکردن و پڕ زانیاریکردنی کۆمەڵگە، ئەوەی بەئاگا بم لێی دەست بەکار کراوە و لە قۆناغی کۆتاییدایە.



وە هەرەها ئەرکی دروستکردنی چەندین پەیکەری دیکەی گرتووەتە ئەستۆ وەک پەیکەری نووسەر و سیاسەتمەدار "بەهادین نوری" کە بڕیار بوو تاخۆی لە ژیاندایە بە ئامادەبوونی خۆی پەردە لەسەر پەیکەرەکەی لا ببرێت، بەڵام بەداخەوە پێش تەواوبوونی پەیکەرەکە بە هۆی خراپی باری تەندروستییەوە کۆچی دوایی کرد.



بە هەمان شێوە کۆمەڵگەی ناوبراو ئەرکی دروستکردنی پەیکەرێکی بۆ شاعیری ناوداری کورد محەمەد عومەر عوسمان ناسراو بە ژەنەڕاڵی پایز گرتوەتە ئەستۆ و کارەکە لە قۆناغی تەواوبووندایە.




هەر ئەمساڵیش کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی بەهێز و دوور لە توندوتیژی دژی ژنان لە (٨ مارس)دا لە ڕۆژی جیهانی ژنان ئەرکی دروستکردنی پەیکەرێکی لەئەستۆ گرت، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی

توندوتیژی دژی ژنان لە شاری چەمچەماڵ تاکوو کۆمەڵگەیەکی ئارام و لێوان لێو لە خۆشەویستی بنیاد بنرێت.





کـۆمەڵگەی نـاوبراو بەسپۆنسـەری"د. تەهـا ڕەسـووڵ" لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/٢١ "ماڵی کەلەپووری و ڕۆشنبیریی پشدەر"ی کردەوە، بەو هیوایەی ئەو ماڵە ببێتە لانکەیەک بۆ ڕۆشنبیران و هونەرمەنـدان کە بتـوانن تێیـدا کۆببنـەوە، کـۆڕ، سـیمینار و پێشـانگاکانیان بکەنـەوە، هـەروەها لـەو ماڵـەدا پلان دابنرێت بۆ ئاهەنگ و بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان.





کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت وەک دەردەکەوێت لە درێژەی کار و چالاکییەکانیدا هەمیشە هەڵگری پەیامی ژیان و خزمەت و پێکەوەیی بووە، جگە لەو ئەرکە پەروەردەیەی ئەنجامی داوە توانیوێتی لە هەمان کاتدا بێ جیاوازی لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا لە بوارە جیاوازەکانی کولتووری، ڕۆشنبیری، ئەدەبی، هونەری .......تاد. جێگا دەستی دیار بێت، بۆ نموونە دوای ئەوەی کۆمەڵگەی ناوبراو بڕیاری دا لەسەر ئەرکی "د. تەها ڕەسووڵ" پەیکەرێکی شایستە بۆ "شەهید شێخ مارف بەرزنجی" دروست بکات، لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/١٨ لە مەڕاسیمێکی شایستەدا لە شاری کەرکوک و لە باخچەی "شەهید شێخ مارف بەرزنجی" پەردە لەسەر پەیکەری نووسەر و ڕۆژنامەنووس و نیشتمانپەروەری ناوبراو لا درا.



لەم بارە ناهەمووارەی ئێستاشدا کە کوردستانی تێکەوتووە بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا کۆمەڵگەی ناوبراو بەپاڵپشتی لەگەڵ ڕێکخراوی "کەریمی عەلەکە" بە هەزاران دەمامک و دەستکێش و ئامێری تەعقیمی بەسەر شار و شارۆچکەکانی کوردستان دابەش کردووە بەبێ جیاوازی، لەم ڕۆژانەشدا تێچوویماڵی ڕۆشنبیری و کەلەپووری پشدەریشی لەئەستۆ گرت، کۆمەڵگەی ناوبراو سەدان کاری دیکەی ئەنجام داوە و دەیانی دیکەی لە پرۆژەدایە ناکرێت لێرەدا ئاماژە بە هەموویان بدەین.

وەک دەوترێت: دکتۆر تەها تەنها لەو شوێنانە خزمەتی کوردی نەکردووە کە خۆی لەوێ بووە، بەڵکوو لە هەر شوێنێک کورد هەبووبێت ئەو لەخزمەتیانا بووە، هەر لەو دیدەوە وەک نموونە ئاماژە بە دوو هەڵوێستی دەدەین.

١. شاری "کراسنەدار" لە ڕووسیا یەکێکە لەو شارانەی کە زۆرترین ژمارەی کوردانی ڕووسیای تیدا دەژی بەتایبەت ئەو کوردانەی لە دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لەو شارەدا نیشتەجێ بوون "د. تەها ڕەسووڵ" لە ڕێگای دەزگای خیرخوازی کەریمی ئەلەکەوە هاوکاری و کۆمەکی بەخشییە ئەو شارە بۆ کردنەوەی تەلەفزیۆنێک بە ناوی تەلەفزیۆتی یەکبوون تایبێتە دەنگی کوردان لەو شارەدا.

٢. لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٦/٢٤ شاری "وان"ی باکووری کوردستان بە هۆی بوومەلەرزەوە تووشی کارەساتێکی گەورە بوو کە بووە هۆکاری تێکچوون و داڕمانی بەشێکی زۆری

شــارەکە و گیانلەدەســتدانی ژمــارەیەکی زۆر لە هاوڵاتییــانی، هەفــــتەیەک لەدوای ئەو ڕووداوە لە شـــاری ســـلێمانی بە سپۆنســـەری "د. تەهـــا ڕەســـووڵ" لە ڕۆژی ٢٠١٥/٧/١ کۆنسێرتێکی بۆ خانمە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان "ڕۆژین" لە هۆڵی هۆتیل سلێمانی پالاس ساز کرد، کە تیایدا ژمارەیەک گـۆرانی پێشـکەش کـرد، دەرئەنجـام سـەرجەم داهـاتی فرۆشـی تکتـی کۆنسـێرتەکە، لەگەڵ بەخشـینی بڕێـک پـارە لەلایەن دکتـۆر تەهـــاوە وەک هاوکـــاری بەخشـــرا بەو شـــارە و لە ڕێـــگەی هونەرمەنــد "ڕۆژیــن"ەوە گەیەنــرایە شــاری وان و لە ڕێگــای شــارەوانی شــاری "وان"یشــەوە دابەش کــرا بەســەر خێــزانە زیانلێکەوتووەکانی ئەو شارە.



لە هەر شوێنێک پڕۆژەیەک بوبێت بۆ خزمەتکردنی ئەم نیشتمانە و دکتۆر تەها بەئاگا بووبێت لێی بەژداریی تێدا کردووە، بۆ نموونەلە ساڵی ٢٠٠٦ کاتێک چەند خولێک دەکرێتەوە بۆ فێربوونی دروومان لە گوندەکانی گەرمیان بە سەرپەرشتیی ڕووناک ڕەووف، دایکی بەڕێز دکتۆر بەرهەم ساڵح کە ئەو دەمە بەرپرسی سەنتەری ڕاگەیاندن و ڕووناکبیریی ژنان بوو، دکتۆر تەها ڕەسووڵ بۆ سەرکەوتنی ئەو پڕۆژەیە، هەر هەمووپێداویستیی ئەنجامدانی ئەو خولانە دەخاتە ئەستۆی خۆی.



بەسەرپەرشتی روناك رەووف بەرپرسی سەنتەر، خولێکی دروومان بۆ ژنانی ... چەند گوندێکی گەرمیان دەکرێتەوە، لەرۆژی ٢٠٠٦/٣/٢ لەلایەن روناك رەووف بەرپرسی سەنتەری راگەیاندنو روناکبیری ژنانەوە خولەکە ...

ئەگەرچی کاری سەنتەر لە بواری رۆشنبیریو راگەیاندنە.
بەڵام لەسەر داخوازی ژنەک... خۆیان کە دەیانەوێت فێر...

دكتۆر تەها بەمەبەستی بەرزڕاگرتنی خوێنی شەهیدان گەلەک کاری ئەنجام داوە، یەکێک لە کارەکانی دروستکردنی مۆنۆمێنتی شەهیدانی گوندی جافەرانە.



هێندە زۆرن بەخشین و هەڵوێست و کارەکانی "د. تەها ڕەسووڵ" بەدەیان کتێب تەواو نابێت کە لە ڕێگەی گەلەر و فێرگە و ماڵ و ناوەند و کۆمەڵگە و ڕێکخراوەکانییەوە ئەنجامی داون، لەبەر ئەوە بەداخەوە دەبێت زۆرێک لە کارەکانی ئەو فێرگە و ماڵ و ناوەند و کۆمەڵگە و ڕێکخراوانە فەرامۆش بکەین لێرەدا تەنها پێناسە و ئاماژە بە هێندێک لەو ماڵ و ناوەند و کۆمەڵگە و ڕێکخراوانە دەدەین کە خودی خۆی سەرپەرشتی و سپۆنسەرییان دەکات.

**١. گەلەری ئازاد شەوقی:**

بێگومان هەمووان دەزانیین هونەر و فەرهەنگ لە ئاستێکی گەورەدا دەتوانێت کۆمەڵگە لە گەشە و زیندوێتی و هەماهەنگیدا بهێڵێتەوە هەم لە ئاستی نێوخۆییدا هەم لە ئاستی جیهانیدا، وە نمایشکردنی کارە هونەری و فەرهەنگییەکان بە زمانە زیندووەکانی جیهان زۆر گرنگە بۆ داهاتوو، بۆ ئەو مەبەستە "د. تەها ڕەسووڵ" گەلەرییەکی دروست کرد بە ناوی "گەلەری ئازاد شەوقی" وەک ڕێزلێنانێک بۆ ئەو هونەرمەندە، دەرئەنجام ئەو گەلەرە بووە پێگەیەک بۆ ئاڵوگۆڕکردنی هونەری شێوەکاری نێوان شاری سلێمانی و هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان، وەسەدان پێشانگە و چالاکیی تێدا ئەنجام درا، هاوکات گەلەرییەکی دیکەیکردەوە بە ناوی ماموستا عەلی لەتیف، ئەویش یەکێکە لە هونەرمەندەکانی شاری سلێمانی و جێی شانازییە، بەرنامەی ئەم گەلەرییانە فراوان و گەورە بوون، واتە تەنیا خۆی لە نیشاندانی تابلۆ و سیرامیک و گرافیک و پەیکەردا نەبینیوەتەوە، بەڵکوو زۆر کاری دیکەی ئەنجام داوە لێرەدا بوار نییە ئاماژەیان پێ بدەین.



**٢. ماڵی هونەری بەدیع باباجان**

کردنەوەی هۆڵ و ماڵی هونەری هۆکارن بۆ گەشەکردنی هونەر لەنێو کۆمەڵگاکاندا بەتایبەت بۆ لاوان و ژنان و دواتریش بۆ هەموو ئاستە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا، دیارە هەر لەو دیدەوە "د. تەها ڕەسووڵ" دەبێتە هاوکارێکی گرنگ و بەرچاو بۆ ماڵی بەدیع باباجان وەکوو ماڵێک کە تیایدا پیشانگە بۆ شێوەکاران بکرێتەوە بە گشتی و کار بۆ کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ لاوان بە هەردوو ڕەگەزەکە و دواتریش کردنەوەی پیشانگە بۆ ئاستە جیاوازەکان، ناوی ماڵەکەش بە ناوی یەکێک لە شێوەکارە دیارەکانی کوردستانەوە ناو نراوە.




.

**٣. فێرگەی موزیکی قادر دیلان:**

ئەم فێرگەیەش بە سپۆنسەری "د. تەها ڕەسووڵ" دامەزراوە گەلەک کار و چالاکیی ئەنجام داوە.



**٤. ناوەندی چاندی ئارین:**

ئەم ناوەندە بە ناوی کچە شەرەڤان "ئارین میرکان"وە ناونراوە، ئارین میرکان لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ سێ برایدا بەژداریی شۆڕشی کرد، دواتر لە چالاکییەکی فیداکاری و کەم وێنەدا لەبەرخودانی "کۆبانێ"دا گیان بەنیشتمان دەبەخشێت، ئەم ناوەندە یەکێکی ترە لەو ناوەندە ڕۆشنبیریانەی دەزگایڕۆشنبیریی جەمال عیرفان بۆ درێژەدان و فراوانتربوونی بواری ڕۆشنبیری و بۆ کۆمەک و هاوکاری و ئاوەدانکردنەوەی ڕۆژئاوای کوردستان دامەزراوە.

هێندێک وا بیر دەکەنەوە بەخشین و هاوکاری و گەورەیی تەنها بەکەسانی پارەدار دەکرێت، بەڵام من بێگومانم وا نییە، لەبەر ئەوەی زۆرێک لەو کارانەی مرۆڤە جوانەکان ئەنجامیان داوە و بوونەتە سەروەرییەکی گەورە و خەڵکی بەڕێزەوە ئاماژەی پێ دەدەن بەپارە نەیانکردووە، بەڵکوو بەڕەوشتی جوانی خۆیان ئەنجامیان داوە، بۆ نموونە لێرەدا ئاماژە بە سێ هەڵوێستی "د. تەها ڕەسووڵ" دەدەین.

١. ڕۆژێک "د. تەها ڕەسووڵ" بۆ ئەنجامدانی کاری خۆی دەڕواتە بازار، لە شەقامێکی سلێمانی دوو منداڵی بۆیاخچی پێی دەڵێن مامۆستا پێڵاوەکانت بۆیاخ ناکەی؟ ئەویش بەڕوویەکی پڕخەندە و پێکەنینەوە دەڵێت: "نا ئەمڕۆ من پێڵاوەکانی ئێوە بۆیاخ دەکەم" دەرئەنجام وەک لە وێنەکەدا دەردەکەوێتپێڵاوەکانیان بۆ پاک دەکاتەوە، من ئاگادار نیم هاوکاریی کردوون یانا لەبەر ئەوەی ئەوە هیچ لەو هەڵوێستە مەزنەی کەمناکاتەوە کە دادەنیشێت و پێڵاوەکانیان بۆ پاک دەکاتەوە، من دەپرسم دەبێت لەوساتەدا ئەو دوو منداڵە چەند

دڵیان خۆش بووبێت چەند شانازییان بەخۆیان و کارەکەیانەوە کردبێت چەند پێکەنیبێتن، گەر ئەم ڕەوشتە واتای گەورەی و بەخشندەیی نەبەخشێت، پێم نالێن کام پێناسەی دیکە هەڵدەگرێت، من لێرەدا هیچ ناڵێم تەنها وتەیەکی برای شاعیر و نووسەر "هێمن بەرزنجی" دەخەمە بەر دیدەی بەڕێزتان کە لە وتارێکدا لەسەر ئەم هەڵوێستەی "د. تەها ڕەسووڵ" لەکۆتایی نووسینەکەیدا نووسیویەتی: **"سوپاس کاک دکتۆر تەها، کە تۆمان هەیت، دەستی میهرەبانیت لەجێگەی ئەو منداڵانە ماچ دەکەم، چونکە من ڕۆژگارێک بۆیاخچی و حەماڵ بووم دەزانم ئەو هەستە چەند خۆشە".**



٢. ڕۆژێک هاوڕێیانم کاک فایەقی فۆتۆگرافەر و کاک خۆشناو قادر لە بازاری قەزازی کارەبایی بۆ دکتۆر تەها دەدوێن و باس لەوە دەکەن کە کاتی خۆی تەنها ئەوان و کاک ڕزگار قادر و چەند کەسێکی دیکە خزمەتی حەمە گیانیان

کــردووە بەڵام ئێســتا بە هــۆی هەڵکشــانی تەمەنیــانەوە ئەو توانایەیان نەماوە، بەڵام ئێستا خۆشبەختانە چەند گەنجێک پەیدا بوون هەر لەو بازاڕەدا لەبری ئەوان حەمە گیان دەبەنە حەمام و ڕیشی دەتاشن و خزمەتی دەکەن لەوانە وەک نموونە ئاماژە بە کاک "جەمال مەجید عبدوڵا" دەدەن "دکتۆر تەها ڕەسووڵ"یش دەڵێت: حەز دەکەم ئەو کوڕە گەنجە ببینم کاتێک دەچنە لای لە هەمــان بــازاردا دکتــۆر تەهــا دادەچەمێــتەوە بەزۆر دەیەوێــت دەســتی ئەو کــوڕە گەنــجە مــاچ بکــات، بەڵام ئەو کــوڕە گەنــجە ڕێگــای پــێ نــادات، ئەوانەی لەوێــدا بــوون سەرســام دەبــن و دەپرسن بۆ دەتەوێت دەستی کاک جەمال ماچ بکەی، ئەویش دەڵێت: ئەو دەستانەی حەمە گیان دەشوات و ڕیشی دەتاشێت و خزمەتی دەکات شایستەی ماچکردن نییە؟



٣. هەر کاتێـک تەرمـی شـەهیدێک هـاتبێتەوە کوردسـتانی باشوور بەتایبەت شەهیدانی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان"د. تەها ڕەسـووڵ" وەک ئەرکێکی نیشـتمانی بەژداریـی پرسـەکەی کردووە و وەک خاوەن پرسەش لەسـەرەتای پرسـەکەوە بەپێوە وەسـتاوە و میوانـداری ئامـادەبووانی کـردووە و لە ئاسـتیاندا چەمـاوەتەوە، بەبـێ ئەوەی هـیچ پەیوەنـدییەکی کـۆمەڵایەتی هەبووبێت بەخاوەن پرسـەوە، زۆرن ئەو پرسانەی دکتۆر تەها وەک خاوەن پرسە بەژداریی تێدا کردوون وەک نموونە وێنەی ئامادەبوونی لە پرسەی شەهیدی قارەمان "دیار غەریب" ناسراو بە هەڤاڵ هەڵمەت دەخەینە ڕوو.



ئەم جـۆرە هەڵوێسـتانە گـرنگە و کـاریگەریی زۆری هەیە لەسـەر تاکەکـانی ئەم نیشـتمانە، لە هەمـان کاتـدا مرۆڤـایەتیش پێویستی بە کەسانی بەهەڵوێست هەیە ئەو هەڵوێستانەش زۆر کات بەبێ سەرەوەت و سامان ئەنجام دەدرێن و کاریگەرییەکی

زۆریشـی دەبێـت لەسـەر گەورەبـوون و ورووژانـدنی هەسـتی کـوردایەتی و هانـدانی تاکەکـان بـۆ کـاری چـاکە، بێگومـان ئەم هەڵوێسـتانەی هـیچ مەرامێکـی تـایبەتی تێـدا بەدی نـاکرێتجگە لە خەمخۆری نەبێت بۆ نیشتمان و بەرزڕاگرتنی خوێنی شـەهیدان، گەر هەڵســەنگاندنێکی ورد بکەینلەســەر بەخشــینی بــێ مەرام، بێگومان هەمووان دەگەینە ئەو ڕاستییەی بڵێین: ***"بەخشین دڵێکی گەورەی دەوێت، نەک سامانێکی گەورە."***

## یەکێکی دیکە لە کارە مەزنەکانی "دکتۆر تەها ڕەسووڵ"دامەزراندنی دامەزراوەی کەریمی ئەلەکەیە

## "دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە"

دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە لە ساڵی ٢٠١٩ بە سپۆنسەری "د. تەها ڕەسووڵ" دامەزرا، ئەم دامەزراوەیە دامەزراوەیەکی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی قازانج نەویستە، کارەکانی خۆبەخشانەیە بۆ خزمەتکردنی نیشتمان لە ڕێگەی هاوکاری و کۆمەک و بەخشین و .......تاد. ئەنجام دەدرێت، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم دامەزراوەیە لە ڕێگەی ئەنجامدانی کار و چالاکییەکانییەوە هیچ داهاتێکی دەست ناکەوێت، بەڵکوو ئەم دامەزراوەیە تەنها و تەنهاپارە خەرج دەکات لە گیرفانی خاوەن ئەو دامەزراوەیە بۆ جوانکردنی ئەم نیشتمانە، وە هیچ کەس و لایەنێکی حکومی و حیزبی تا ئێستا بە هیچ شێوەیەک هاوکاریی ئەم دامەزراوەیان نەکردووە، بەپێچەوانەوە چەندین جار ئەم دامەزراوەیە کۆمەک و هاوکاریی بەخشیوە بە دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان.

دامەزراندنی ئەم دامەزراوەیە بە بۆچونی ئێمە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەم: لەبەر ئەوەی دکتۆر تەها مەبەستی بووە کار و چالاکی و خزمەت و هاوکارییەکانی بە ناوی ئەم دامەزراوەیەوە پێشکەش بەنیشتمان بکات نەک بە ناوی خۆیەوە، دووهەم: بۆ ناساندن و بەرزڕاگرتنی هەڵوێست و کارەکانی"عبدولکەریم ئەلیاس_ کەریمی ئەلەکە".

سەرەتا ناوی ئەم دەمەزراوەیە "دەزگای خیرخوازی کەریمی ئەلەکە" بوو، دواتر ناوەکەی گۆڕدرا کرایە "دامەزراوەی

کەریمــی ئەلەکە"، ناونــانی ئەم دامەزراوەیە بە نــاوی کەریمــی ئەلەکەوە وەفایەکە بۆ هەڵوێستە جوانەکانی ئەو مرۆڤە، کەریمی ئەلەکە نــاوی "عەبــدولکەریم کــوڕی ئەلیــاس" بــووە، لەبەر خۆشەویستیی ناوی باوکیان گۆڕیوە بە "ئەلەکە"، کەریمی ئەلەکە پیاوێکی دڵ و دەروون پاک و لەخواترس بووە، لەسەر ئایینی باوباپیرانی کە مەسیحی بووە ڕۆیشتووە، سەرەتای ژیانی بە بازرگانیی دەست پێ کردووە، وەک بازرگانێکی ناودار و ناسراو لە ناوچەکانی کوردستانی عێراق و ئێران کاری کردووە، لە حکومەتەکەی شێخی نەمردا وەزارەتی دارایی پێ سپێردراوە، پیاوێکی زیرەک و تێگەیشتوو بووە، هەر کە هەستی کردووە جەنگی یەکەمی جیهانی ڕوو دەدات، دەغڵودانێکی زۆری عەمبار کردووە و لە ڕۆژانی گرانی و نەبوونیدا بە پارەیەکی کەم بە هەژارانــی فرۆشــتووەتەوە ئەم مــرۆڤە چــاکەخوازە هەمــوو ئێــوارەیەک بە مەنجەڵــی گەورەوە چێشــتی لێنــاوە و بەســەر هەژاراندا دابەشی کردووە، ئەلەکە جگە لە زمانی کلدانی، زمانی کــوردی و فارســی و عەرەبیــی زانیــوە، کەریمــی ئەلەکە دوا ساڵەکانی ژیانی لە بەغدا بردووەتە سەر، لە ساڵی ١٩٤٨ گیانی سپاردووە و لە گۆڕستانی "کاسۆلیک" لە بەغدا نێژراوە.

دامەزراوەی کەریمــی ئەلەکە لە ســەرەتاوە لەســەر چەنــدین ســێکتەری جیــاواز کــاری کــردووە، بەم تەمەنە کــورتەی مێژوویەکی پڕ لە شانازیی بۆخۆی تۆمار کردووە، بەئێستاشەوە بەردەوام هاوکاری و خزمەتەکانی بۆ هاوڵاتییان بەبێ جیاوازی لە بــوارە مرۆییەکانــدا بەردەوامــی هەیە و توانیــویتی لەســەر بەرفراوانترین پانتایی کارەکانی خۆی ئەنجام بدات، زۆرن ئەو کار و چالاکییانەی ئەم دامەزراوەیە ئەنجامی داون، لێرەدا ئێمە

بەکورتی ئاماژە بە هێندێک لە کار و چالاکییەکانی ساڵێکی دەدەین کە بەئاگاین لێی لە مانگی (٢٠٢٠/٣) تا مانگی (٢٠٢١/٣).

١. لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١٩ بە هۆی دواکەوتنی مووچەوە، کۆمەڵەی کەمئەندامانی سلێمانی بانگەوازێکیان کرد بۆ هاوکاریکردنی کەمئەندامان، دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە، هاوکاریی گەیاندە کۆمەڵەی ناوبراو لە شاری سلێمانی.

٢. لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/١٢ دامەزراوەیناوبراو چەندین پێداویستیی پزیشکی وەک دەستکێش و دەمامک و پاکژکەرەوەی بەخشی بە لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

٣.لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/١٥ دامەزراوەی ناوبراو لەسەر داوای هێندێک کەسی خەمخۆر دەستی هاوکاریی گەیاندە ٢٠٠ دوو سەد خێزانی هەژار لە شاری کەرکووک.

٤. لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/١٩ دامەزراوەی ناوبراو لە ڕێگەی نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی "سلێمانی"ە وە هاوکاری گەیاندە ئەو نەخۆشخانەیەی لە هەڵبجەی شەهید دروست دەکرا تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا.

٥. لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/١٩ دامەزراوەی ناوبراو هاوکاری بۆ ١٠٠ خێزان دابین کرد و گەیاندیە بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی، هەر لە هەمان ڕۆژدا دەزگای ناوبراو ١٠٠ خێزانی دیکەی بەسەر کردەوە و کۆمەک و هاوکاریی پێبەخشین، کە لە ڕێگای پەیج و دەزگا و هاوڵاتییانەوە ناونیشانیان نێردرابوو.

٦. لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/٢٠ دامەزراوەی ناوبراو هاوکاریی گەیاندە ١٠٠ خێزانی دیکە لە سنووری گەڕەکی شێخ محێدین.

٧. لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/٢١ بۆ جاری دووهەم هاوکاری بۆ ٥٠ پەنجا خێزانی دیکەی شاری چەمچەماڵ دابین کرد.

٨. لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/٢٢ دامەزراوەی ناوبراو لە درێژەی کارەکانیدا بۆ کۆمەک و هاوکاریکردنی هەژاران و ئاسانکردنی بەشێک لە پێداویستییەکانی ژیانیان لە ڕێگای بەڕێز "قایمقامی سلێمانی"یەوە هاوکاری بەخشییە ٢٠٠ خێزانی دیکەی ناو شاری سلێمانی.

(سەرنج: لەبەر ئەوەی هەڵمەتی کۆمەک و هاوکارییەکانی دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە بۆ خێزان و کەسانی هەژار بەئێستاشەوە بەردەوامە لە شاری سلێمانی لەبەر ئەوە بەدروستی نابینین کاتێکی زۆر لە بەڕێزتان بگرین و ئاماژە بە هەموویان بدەین ک.ک.)

٩. لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٥/٣ دامەزراوەی ناوبراو بە سپۆنسەری "د. تەها ڕەسووڵ" لە ڕێگای تیمێکی تایبەتی خۆبەخشەوە هاوکاریی گەیاندە شارۆچکەی تەق تەق کە تایبەت بوو بە دابینکردنی پێداویستیی پەنجا خێزان لەو شارۆچکەیە.



١٠. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٥/١٢ دامەزراوەی ناوبراو هاوکاری بۆ ١٠٠ خێزانی شاری ڕەواندوز دابین کرد و لە ڕێگای گروپی خۆبەخشەوە دابەش کرا بەسەر خیزانە هەژارەکاندا لەو شارە.



١١. لە ڕێکەوتـــی ٢٠٢٠/٥/١٩ دامەزراوەی نـــاوبراو بە سپۆنسەری "د. تەها ڕەسووڵ"کۆمەک و هاوکاریی گەیاندە ٢٠٠ خیزانی دیکە لە قەزای سۆران.



١٢. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٥/٢١ لە ڕێگەی تیمێکی خۆبەشەوە کە لە دانیشتووانی شارۆچکەی باوەنور پێک هاتبوون، دامەزراوەی ناوبراو کۆمەک و هاوکاریی بەخشییە ١٠٠ سەد خێزانی ئەو شارۆچکەیە.




١٣. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٥/٢٣ لە ڕێگای تیمێکی خۆبەخشی ئەو دامەزراوەیەوە کۆمەک و هاوکاریی گەیانرایە دەستی ٧٥ حەفتا و پێنج خێزانی هەژار لە شارۆچکەی سەید سادق




١٤. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٥/٢٣ دامەزراوەی ناوبراو لە ڕێگەی هەردوو هونەرمەند "لوقمان سەلیم" و "شاناز جەمال" هونەرمەندی بواری کاری دەستی هاوکاریی گەیاندە چاکسازیی ژنان و منداڵانی سلێمانی، هاوکارییەکانیش بریتی بوون لەو پێداویستییانەی ژنان و منداڵان بۆ ژیانی ڕۆژانەیان گرنگی هەیە.



١٥. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٩ دامەزراوەی ناوبراو بەمەبەستی هاوکاری و پاراستنی گیانی هاوڵاتییان هەڵمەتێکی بەخشینی ماسک و دەستکێش دەرمانی پاککردنەوەی دەست پێ کرد بەبێ بەرامبەر بۆ هاوڵاتییان، لەبەردەم باخی گشتی سلێمانیدا، ئەو پڕۆژەیە چەندین ڕۆژ بەردەوام بوو.



١٦. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٢٨ دامەزراوەی ناوبراو ئامێری تەعقیمی بەخشییە هەردوو نەخۆشخانەی "شەهید تاهیر عەلی والی بەگ" و "عەلی ناجی" بە مەبستی هاوکاریی نەخۆشخانەکە و ئەو هاوڵاتییانەی سەردانی ئەو نەخۆشخانەیە دەکەن تا بتوانن بەجێڵی ئامادەکراوی نێو ئەو ئامێرە دەستیان پاکژ







١٧. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٢٩ دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە ئامێری تەعقیمی گەیاندە هەردوو نەخۆشخانەی "شار" و نەخۆشخانەی "شەهید دکتۆر ئاسۆ"ی تایبەت بە کۆرۆنا، تاببێتە هۆکارێک بۆ خۆپارێزی پزیشکان و پەرستاران و ئەو هاوڵاتییانەی سەردانی ئەو نەخۆشخانەیە دەکەن.




١٨. ڕیکەوتــــی ٢٠٢٠/٧/٢ دامەزراوەی کەریمــــی ئەلەکە بە مەبەستی پاراستنی گیانی هاوڵاتییان ئامێری تەعقیم ی بەخشییە هەریەک لە "بــەڕێوەبەرایــەتی بــانکی خــوێنی ســلێمانی" و "نەخۆشــخانەی شــەهید دکتــۆر هــێمن" و "بەڕێــوەبەرایەتی خۆپاراستنی سلێمانی".







١٩. ڕێکەوتـــــی ٢٠٢٠/٧/٤ دامەزراوەی کەریمــــــی ئەلەکە بەمەبەســـتی خۆپـــارێزی مامۆســـتایان و فەرمـــانبەران و خوێنـدکاران٦ شـەش ئـامێری تەعقیمـی بەخشـییە وەزارەتـی پەروەردە لە شـــاری هەولێـــر و بەڕێـــوەبەرایەتی گشـــتی پەروەردەی سلێمانی.



٢٠. ڕێکەوتـــــی ٢٠٢٠/٧/٧ دامەزراوەی کەریمــــــی ئەلەکە بەمەبەسـتی خـود پـارێزی خوێنـدکاران لە کـاتی تـاقیکردنەوەی قۆنـاغی ١٢، ١٥٠٠٠٠ سـەد و پەنجـا هەزار دەمـامکی لە ڕێگەی "بەڕێـوەبەرایەتیی گشـتی پەروەردەی سـلێمانی"یەوە بەخشـییە پەروەردەکـانی سـلێمانی و هەولێـر و دهـۆک و گەرمیـان و هەڵەبجە و ڕانیە.



٢١. ڕێکەوتی٢٠٢٠/٧/١٣ دامەزراوەی ناوبراوئـامێری تەعقیم و دەمامکی بەخشییە بەڕێوەبەرایەتی نیشنگە و مانەوە لە شاری سلێمانی.




٢٢. ڕێکەوتـــــی ٢٠٢٠/٧/١٦ دامەزراوەی کەریمـــــی ئەلەکە ١٠٠٠٠ دە هەزار دەمامـک و ٣ سـێ ئـامێری تەعقیمی بەخشـییە شاری کەرکووک و چەمچەماڵ،بۆ ڕۆژی دواتریش بڕێکی باش لە پێداویسـتیی پزیشـکی گەیانـدە بەڕێـوەبەرایەتی تەندروسـتی چەمچەمـاڵ، هەر لە هامـان ڕۆژدا دەمـامکی بەخشـییە سـەنتەری چـالاکیی گەنجـانی شـۆڕش و نەخۆشـخانەی گشـتی شـەهید پێشڕەو لە چەمچەماڵ.






٢٣. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/١٩ دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە سێ لاپ تۆپی وەک دیاری بەخشییە "بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی گەورانی سلێمانی" هەر لە هەمان ڕۆژدا ئامێری تەعقیم و دەمامکی بەخشییە کۆلێژی هونەری زانکۆی سلێمانی.






٢٤. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٢٢ بەدروشمی "کەلار بەتەنها نییە، نیشتمان لە هەر کوێ بێت ئێمە لەوێین" دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە بە هاوکاریی ئیدارەی گەرمیان، بەمەبەستی پاراستن و خودپارێزی هاوڵاتییان دەرمانڕێژی ئەو شارەی کرد، پێشتریش چەند جارێک کۆمەک و هاوکاریی گەیاندبووە ئەو شارە.

٢٥. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٢٧ دامەزراوەی ناوبراو هاوکاری گەیاندە نەخۆشخانەکانی قەڵادزێ و ژاراوە، هەر لە هەمان ڕۆژدا دەرمانڕێژی فەرمانگەکان و نەخۆشخانەکانی شاری دەربەندیخانی کرد، هەر هەمان ڕۆژیش لە دەربەندیخان هاوکاریی پزیشکی گەیاندە ئەو شارە کە بریتی بوو لە دەمامک و ئامێری کۆڵەپشت بۆ دەرمانڕشتن و ئامێری تەعقیمکردن.







٢٦. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/١٢ دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە بە مەبەستی خودپاریزی هاوکاریی گەیاندە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆماتیزمی سلێمانی، هەر هەمان ڕۆژیش بۆ جاری سێهەم ٥٠٠٠ پێنج هەزار دەمامکی بەخشییە شاری کەرکووک،

پێشتریش لە بواری دابینکردنی خۆراکدا سێ جار هاوکاریی گەیاندووەتە هەژارانی ئەو شارە.

زۆرن ئەو هاوکاری و کۆمەکانەی دەزگای ناوبراو ئەنجامی داون لە بەخشینی ئامێر و دەمامک و پێویستی پزیشکی و کەلوپەلی خۆپارێزی، لەبەر کاتنەگرنی خوێنەر تەنها ئاماژە بە کات و شوێنەکان دەدەین

٢٧. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/١٧ مەڵبەندی فریاگوزاری تەندروستی شەهید ساڵەح لە خەلەکان.




٢٨. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/١٧ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی.

٢٩. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/١٨ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی ڕاپەڕین.



٣٠. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/١٨نەخۆشخانەکانی ڕەواندوز و سۆران.




٣١.ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٢٠ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلیمانی.



٣٢. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٢٠ گەیاندنی دەمامک و ئامیری تەعقیم و دەرمانی ڕشتن لەناو شەقام و فەرمانگە و خویندنگەکانی شاری کۆیە.



٣٣. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٢٦هاوکای تەندروستی بۆ شارۆچکەی عەربەت.




٣٤. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢مەڵبەندی تەندروستی ئێشکگری قەرەداغ.



٣٥. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٣ فەرمانگە و نەخۆشخانەکانی سەیدسادق.




٣٦. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٦بنکە و نەخۆشخانەکانی ڕانیە.



٣٧. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٦ نەخۆشخانەی فێرکاری شەهیدانی قەڵادزێ و بەڕێوەبەرایەتی ئاگرکوژێنەوە و نەخۆشخانەی گشتی عەبدول ڕەحیم.



٣٨. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/١٣ شاری ڕەواندوز و نەخۆشخانەکانی.



٣٩. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/١٣سەنتەری کۆنترۆڵکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سۆران.




٤٠. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/١٥قەزای شارەزوور.



٤١. ڕێکەوتـــی ٢٠٢٠/٩/١٦بەڕێـــوەبەرایەتی بەرگریـــی شارستانیی شاری ڕانیە وو فەرمانگە حکومییەکان ئەو ناوچەیە.



٤٢. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢٢ ناحیەی خورماڵ.




٤٣. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢٢ شاری هەڵەبجە.



٤٤. ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢٤ شاری پێنجوێن.



دامەزراوەی کەریمـــــی ئەلەکە بە سپۆنســـــەری "د. تەهـــــا ڕەســـوول" جــگە لە کــاری چــاکخوازی و کــۆمەک و بەخشــین لەبوارەکانی دیکەشدا دەستکراوە بووە و پەیکەر بۆ کەسایەتییە نەمرەکـــانی دروســـت کـــردووە، یەکێـــک لەو کەســـایەتییانەی کوردســتان شــەهیدی قەڵەم "عەبــدولخالق مەعــروف"ە کە یەکێک بــوو لەو کەســـایەتیانەی کە دەکرێــت وەکــوو ســـومبولێکی پــڕ شانازی سەیری بکەین.




هەروەهــا بەمەبەســتی ڕێزلێنــان لە شــاعیری گەورەی کــورد "عەبدوڵڵا پەشێو" دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە و لەســەر ئەرکی بەرێز "د. تەها ڕەسووڵ" بە ئەرکی زانی پەیکەرێکی تایبەت بۆ

ئەو شاعیرە دروست بکات بەرامبەر ئەو دڵسۆزی و پێگەیەیی ئەم شاعیرە هەیەتی لەناو ئەدەبی کوردیدا.



به هەمان شێوە وەک ڕێزێک بۆ شاعیری کۆچکردووی نەمر خاتوو "کەژال ئیبراهیم خدر" دامەزراوەی ناوبراو دروستکردنی پەیکەرێکی بۆ ئەو کەسایەتییە گرتە ئەستۆ، لەدوای تەواوبوونی پەیکەرەکە لە ڕێکەوتی ٦/٢٨/ ٢٠٢٠ لەناو باخی گشتی شاری قەڵادزێ دانرا.



دامەزراوەی کەریمـــــی ئەلەکە بە سپۆنســـــەری "د. تەهـــــا ڕەسووڵ" ڕیلیفیکی بۆ شـەهید "خوشکە سنەوبەر" لـە قـەڵادزێ دانـا وەک وەفایـەک بەرامبـەر بـەم خوشکە شـەهیدە کـە بـووە ئـایکۆنیکی تایبـەتی قـەڵادزێ و پشـدەر و دواتـریش هەمـوو کوردستان.




کـار و چـالاکی و بەخشـینەکانی ئەم دامەزراوەیە زۆرن و لە زۆر بـواردا کاریـان کـردووە و کـار دەکەن، بـۆ نمـوونە لە ڕێکەوتـی ٢٠٢٠/٨/٢٦ دامـەزراوەی نـاوبراو بە سەرپەرشـتیی بەڕێوەبەری شوێنەواری سلێمانی و کاک ئاکام عومـەر شـارەزا و پسـپۆڕە لەو بـوارەدا پـاککردنەوەی دیوارەکـانی شـوێنەواری "قزقاپـان"ی لەئەسـتۆ گـرت بـە پاڵپشـتی و هاوکـاریی مـاددی و مەعنەوی.



لەدوای چەندین ڕووداوی خنکاندن لە شارۆچکەی تەق تەق، "د. تەها ڕەسوول" لە ڕێگای دامەزراوەی کەریمی ئەلەکەوە، غەواسەیەکی بەخشییە ئەو ستافەی کاری ڕزگارکردن و دەرهێنانی خنکاوانیان دەکرد لەو شارۆچکەیە.

دامەزراوەی ناوبراو لە مانگی ٢٠٢٠/١٠ وە لەگەڵ هاتنی سەرمای زستان بەردەوام بەئێستاشەوە ڕۆژانە نەوت بەسەر خێزانە کەمدەرامەتەکانی شار و شارۆچکەکانی سلێمانی دابەش دەکات، ئەو دابەشکردنەش زۆرێک لە کۆمەڵە و سەندیکا و ڕێکخراوە ناحکومی و حکومەیەکانیشی گرتووەتەوە.

دامەزراوەی ناوبراو بە سپۆنسەری "د. تەها ڕەسوول" بەمەبەستی هاندانی خوێندنەوە و بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری لە

هەموو بوارەکاندا بڕیاری داوە بە بەخشینی کتێبخانەیەک لەگەڵ ١٠٠ سەد کتێب بە هەموو ناوەندەکانی خوێندن لە هەرچوار پارچەی کوردستان بۆ ئەو مەبەستەش ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار کتێبی تەرخان کردووە، ئەم پڕۆژەیە ئێستا لە بواری جێبەجێکردندایە.

بەخشین و کۆمەک و هاوکاری و چاکخوازییەکانی دکتۆر تەها زۆر لەوە زیاترە کە لە ڕێگەی ئەو دامەزراوانەوە ئەنجامی داون، یاخود ئێمە ئاماژەمان پێ داوە، لەبەر ئەوەیبەشێکی زۆری بەنهێنی ئەنجامی داون لەبەر نەشکاندنی شکۆی کەسایەتییەکان، ئێمەش لێرەدا لەبەر هەمان مەبەست ئاماژەی پێ نادەین.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، کە لە کۆتایی ئەم بەشەدا بەلیستێک ئاماژە بە ناوی هێندێک لەو کتێبانە بدەین کە لە ڕێگەی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفانەوە بەئاشکرا چاپ کراون، واتا لەسەر ئەرکی "د. تەها ڕەسووڵ" چاپ کراون و بڵاو کراونەتەوە، ئەوە جگە لەوەی "د. تەها ڕەسووڵ" خودی خۆی سەربەخۆ ئەرکی لەچاپدان و سپۆنسەری سەدان کتێبی دیکەی گرتووەتە ئەستۆ لە دەرەوەی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی بدرێت لەسەر داواکاری خۆی.

## لیستی کتێبە چاپکراوەکانی
## دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان

| |
|---|
| ١ تآريخ مملكة حماة الايوبية- ابراهيم بشار قاسم |
| ٢- في رثاء عامودا- عبداللطيف الحسيني-غسان جان كير |
| ٣- پاکیزەکانی ئەنفال- محمد ڕەئوف |
| ٤- نسل کشی در عیراق- هیومان رایتس ۆچ |
| ٥- کاریگەری ئاسەوارە کۆمەڵایەتییەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە- سەر هەنگ محمد- |
| ٦- تارماییەکانی هەڵەبجە- پ.د.مایکڵ.جەی.کیلی- و: کارزان محمد |
| ٧- جینۆساید زنجیرەیەک ..- تەها سلێمان |
| ٨- تیمور (ئینگلیزی)- عارف قوربانی- و: عبدالکریم عوزیری |
| ٩- تیمور (عربي)- عارف قوربانی- ت: سۆران علي |
| ١٠- تیمور (فارسی)- عارف قوربانی- و: ڕشید حیدری |
| ١١- تیمور (کوردی)- عارف قوربانی |
| ١٢- ئەنفال پرسی قوربانی- شۆڕش محمد حسین |
| ١٣- التهجير القسري والصهر القومي نوعان من الاباده الجماعية |
| آ.م.د. نبيل عكيد محمود |
| ١٤- هەڵوێستی ڕۆژنامەگەری میسری لەبارەی جینۆسایدی گەلی کوردەوە- |
| د. محمود زاید- و: ئیدریس جەبار |
| ١٥- دیدێکی نوێ بۆ یادکردنەوەی تاوانەکانی جینۆساید- عومەر محمد |
| ١٦- جینۆساید- د. سالار باسیرە |
| ١٧- کاریگەرییە یاساییەکانی تاوانەکانی ئەنفال- د. مونزر ئەلفەزل- و: خەلیل عبدالله |
| ١٨- مفهوم الجرائم ضد الانسانية في النظام الاساسي للمحكمة الجنائية الدولية- |
| د. جلال كريم رشيد- |
| ١٩- موقف الصحافة المصرية ما ابادة صدام حسين للشعب الكردي بالكيماوى |
| في عمليات الانفال- د. محمود زايد |
| ٢٠- گلاویژ (فارسی)- عارف قوربانی- و: دڵنیا کاموسی |

| |
|---|
| ٢١- عبدالحسن موحان-انفال- عارف قوربانى- و: رشيد حيدرى |
| ٢٢- تاوانى جينۆساید له یاسای نێودەوڵەتیدا- ئاوارە حسێن |
| ٢٣- الانفال حكايات من زمن مستقطع- خالد سليمان |
| ٢٤- ئاوازی نائومێدی-ئەنفال- لەتیف فاتیح فەرەج |
| ٢٥- شميله )فارسى(- عارف قوربانى- و: دڵنیا کاموسی |
| ٢٦- زهراء- عارف قوربانى- دڵنیا کاموسی |
| ٢٧- حبثة- عارف قوربانى- و: دڵنیا کاموسی |
| ٢٨- سێشەممە دەبمە جەللاد- خالد سليمان |
| ٢٩- هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال لەباشووری کوردستان ١٩٨٨- د. پشکۆ حمەتاهیر عبدالرحمان_م. حسيب محمود مجيد |
| ٣٠- تێگەشتن لە ئەنفال وەک جینۆسایدی کورد- تەها سلێمان |
| ٣١- AN DECLARATION THE AND GENOCIDE COUNTRY INDEPENDENT- ئاوارە حسێن |
| ٣٢- ئەنفال و کۆمەڵکوژی کورد- تەها سلێمان |
| ٣٣- بەرپرسیاریێتی تاوانکاری لەتاوانی ڕەشەکوژی شاری هەڵەبجە- |
| محمد محمد سعيد |
| ٣٤- پاکیزەکانی بیابان- عبدولقادر سەعید |
| ٣٥- چەمکێک لە بیرەوەرییەکانی ئەنفالی دوو- علاء نوری بابەعەلی |
| ٣٦- جینۆساید لەیاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان- د. سالار باسیرەیی |
| ٣٧- فاجعة الانفال كردستان- محمد رئوف عبد العزيز- داود نظرى |
| ٣٨- شنگال الشمس المدينة- بآقلام نغبه من كتاب العرب والعراقين |
| ٣٩- المسوولية المدنية الناشئة عن عمليات الانفال- فرهاد حاتم حسين |
| ٤٠- الايزديون قرابين كردستان- گۆران فتحي |
| ٤١- جینۆسایدی ئێزیدییەکان نووسین و دۆکۆمێنت- تەها سلێمان |
| ٤٢- تاقانەکانی ئەنفال- اسماعیل هەنارەیی |
| ٤٣- لە (ئەنفال)ەوە بۆ خوێندنەوەی ڕوویەکی تاریکی ناسیۆنالیزمی عەرەبی- |
| بەرزان فەرەج |
| ٤٤- پێشێلکاری مافەکانی منداڵ لەکارەساتی ئەنفالدا- بەختیار جەلال ئەحمەد |

| |
|---|
| ٤٥- هاشم (فارسی)- عومەر محمد- و: هاشم حوسینی |
| ٤٦- کێشەکانی ژنی جێماوەی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە- |
| د. پەیمان عبدالقادر مجید- |
| ٤٧- شنگال بووک- سەهەند محمد |
| ٤٨- جینۆسایدی زەڕگۆشەکان- سمکۆ سابیر |
| ٤٩- لەدوای ئەنفالەوە- کارا فاتیح |
| ٥٠- کۆمەڵکوژیی بارزانییەکان- عومەر محمد |
| ٥١- ئەنفال ناوچەی ئاوەسپی- سەرتیپ محمد جەبار |
| ٥٢- کورتەیەک لەمێژووی جینۆسایدی گەلان- تەها سلێمان |
| ٥٣- کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان- ڕێبوار ڕەمەزان |
| ٥٤- چوارشەممەی خوێناوی- ئیبراهیم هەورامانی |
| ٥٥- Cinosid- سالار باسیرەیی- Yusuf Dilsa |
| ٥٦- Semile- عارف قوربانی- zenciri Selim |
| ٥٧- Hepse- عارف قوربانی- zenciri Selim |
| ٥٨- The legel consequences of anfal- مونزر الفازیل |
| ٥٩- Qirkirina Sengaia- کەریم کودیت- |
| ٦٠- Some Observations on the anfal- عومەر شێخ موس |
| ٦١- Qizen enfal- محمد رەئوف |
| ٦٢- لەزمانی بەڵگەنامەکانەوە- عەدالەت عومەر |
| ٦٣- ریاح السموم والانفال- عبدالله کریم محمود |
| ٦٤- ئێزیدی و لالشی پیرۆز- سەرباز سیامەند |
| ٦٥- ئەنفال لەمیدیاکانی بەعسدا- ئەسعەد جەباری |
| ٦٦- ئەنفال تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی- ستارە عارف |
| ٦٧- تاوانێکی لەبیرنەکراو- نەجمەدین فەقێ عبدالله |
| ٦٨- ئارکۆلۆژیای شانۆ- نیهاد جامی |
| ٦٩- یانزە تێکستی شانۆیی- یاسین قادر بەرزنجی |
| ٧٠- گەڕان بەدوای شکسپیردا- پیتەر برۆک |
| ٧١- شانۆی فێمێنیستی- نیهاد جامی |

| |
|---|
| ٧٢- شانۆی ناشانۆ- شکۆ عومەر |
| ٧٣- کتێبی شانۆ- داستان بەرزان |
| ٧٤- خوێندنەوەیەک بۆ شالیر- دیار عومەر |
| ٧٥- ئەنتوان ئارتۆ- کۆمەڵێک نووسەر |
| ٧٦- لابۆری شانۆی لالش- کۆمەڵێک نووسەر |
| ٧٧- سایکۆلۆژیای کارەکتەر و توانا شاراوەکانی- عەلی عوسمان یەعقوبیان |
| ٧٨- ژان ژینیه ئەفسانه و واقیع- دانا ڕەئووف |
| ٧٩- کۆمەڵناسی شانۆ- نیهاد جامی |
| ٨٠- ئازاد شەوقی- بەختیار سەعید |
| ٨١- ژنانی شێوەکار له باشوری کوردستان- بەختیار سەعید |
| ٨٢- بەدیع باباجان- بەختیار سەعید |
| ٨٣- هونەری ئەوروپی سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنیسانس- وەهبی ڕەسول |
| ٨٤- ڕازێک له زاری درەختێکەوە- فەرهاد ساڵح |
| ٨٥- داهێنان له وێنەگرتندا- تەها لەتیف حەسەن |
| ٨٦- ڕەوتی فیلمسازیی کوردی- شۆڕش محەمەد حسێن |
| ٨٧- موزیکی شێرکۆ بێکەس- زۆزک قەرەداغی |
| ٨٨- گوڵ- زۆزک قەرەداغی |
| ٨٩- دارۆ- تێئۆ شتاینێر، کریستیان شتۆک- قادر میر خان |
| ٩٠- پەڕینەوە بە مەرزەکاندا- دانا ڕەئووف |
| ٩١- تێکستی شانۆیی و چەند سەرنجێکی ڕەخنەیی- |
| ئەحمەد محەمەد ئابلاخی |
| ٩٢- ۆلڤگانگ ئەمادیوس مۆزارت- و: فەرمان عەلی نوری |
| ٩٣- فرانز جۆزێف هایدن- و: فەرمان عەلی نوری |
| ٩٤- غازی محەمەد- بەختیار سەعید |
| ٩٥- سەرمایە- کاڕل مارکس- و: عەبدوڵا ڕەسولی |
| ٩٦- ئانتی دورینگ- فردریک ئەنگڵس- و: حوسێن حوسێنی |
| ٩٧- بنەچەی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت و دەوڵەت- فردریک ئەنگڵس |
| و: کەریم مەلا ڕەشید |

| |
|---|
| ٩٨- ماركسیزم یان سۆسیال دیموكراتی- پ.د.حەمید عەزیز |
| ٩٩- مێژووی ڕاستەقینەی كۆمۆنیزم- ڕیمۆند لۆتا- و: وەلید عومەر، |
| زەردەشت نورەدین |
| ١٠٠- چۆن ماركس بخوێنینەوە- پیتەر ئۆزبۆرن- و: پێشڕەو محەمەد |
| ١٠١- مێژووی چەپ لە توركیا- پ.ی.د. یاسین سەردەشتی، د.سەلام عەبدولكەریم، بەرزانی مەلا تەها، ماجید خەلیل |
| ١٠٢- بۆچی ماركس لەسەر حەق بوو- تێری ئیگڵتۆن- و: پێشڕەو محەمەد |
| ١٠٣- تێزەكان دەربارەی شۆڕش و دژەشۆڕش- لیۆن ترۆتسكی- و: پێشڕەو محەمەد |
| ١٠٤- لینین چۆن ماركسی خوێندەوە- لیۆن ترۆتسكی- و: پێشڕەو محەمەد |
| ١٠٥- ڕیفۆرمی كۆمەڵایەتی یان شۆڕش- ڕۆزا لۆكسمبۆرگ- و: بابان ئەنوەر، |
| كارزان عەزیز، پێشڕەو محەمەد |
| ١٠٦- دەربارەی پرسی جولەكە- كارڵ ماركس- و: پێشڕەو محەمەد |
| ١٠٧- كاری كرێ و سەرمایە- كارڵ ماركس- و: پێشڕەو محەمەد |
| ١٠٨- دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئابووریی سیاسی- كارڵ ماركس- و: پێشڕەو محەمەد |
| ١٠٩- بنەڕەتی ماتریالیزمی مێژوویی- هێربەرت مار كۆزە- و: كارزان عەزیز |
| ١١٠- بەشداریكردن لە ڕەخنەی فەلسەفەی مافی هیگڵ- كارڵ ماركس- |
| و: پێشڕەو محەمەد |
| ١١١- لە پۆلیسەوە بۆ پۆستمۆدێرنیزم- تێری ئیگڵتۆن- و: پێشڕەو محەمەد |
| ١١٢- جیهان لە لێواری دۆزەخدا- ئالان وودس- و: ناجی ئەفراسیاو |
| ١١٣- ماركسیزم و تیۆریزم- لیۆن ترۆتسكی- و: پێشڕەو محەمەد |
| ١١٤- پرسیارەكانی كۆمۆنیزم و شۆڕشی سۆسیالستی- گرامشی، لۆكسمبۆرگ، ترۆتسكی، لینین- و: ئازاد عەبدوڵا |
| ١١٥- بۆهیمیا، نەفیكردن و شۆڕش- ئێنزۆ تراڤێرسۆ- و: پێشڕەو محەمەد |
| ١١٦- مانیفێستی پارتی كۆمۆنیزم- كارڵ ماركس، فردریك ئەنگڵس- |
| و: پێشڕەو محەمەد |

| |
|---|
| ١١٧- ليبڕاليزمی نوێ، ئيمپرياليزمی نوێ خەباتی شار- دەڤيد هارڤەی- |
| و: بابان ئەنوەر |
| ١١٨- سەرەتا وەک تراژيديا دواتر وەک کۆميديا- سلاڤۆی ژيژەک- |
| و: ئەرسەلان ئەفراسياو |
| ١١٩- قەيرانی سەرمايەداريی و وەزيفەی مارکسيستەکان- ئالان وودس- |
| و: پێشڕەو محەمەد |
| ١٢٠- ڕيتمەکان، شەقامەکان، شارەکان- کانيشکا گونواردينا، کورت مايەر- |
| و: پێشڕەو محەمەد |
| ١٢١- ديالەکتيکی ترس- فرانکۆ مۆرتی- و: پێشڕەو محەمەد |
| ١٢٢- واقيعی مەجازی- ژان بۆرديار، سلاڤۆی ژيژەک، پۆل ڤيريليۆ، موراد فەرهادپور، محەمەد مەهدی ئەردەبيلی- و: وەليد عومەر |
| ١٢٣- دەروازەيەک بۆ فينۆمينۆلۆژيای ڕۆح- و: کارزان عەزيز |
| ١٢٤- مێژووی بازرگانيی کۆيلە، لە ئەفريقاوە بۆ ئەوروپا- ماريۆ سۆوسا- |
| و: عەلی مەولود |
| ١٢٥- شاری سلێمانی ململانێی گروپە کۆمەڵايەتييەکان ( ١٨٢٠-١٩٢٠)- |
| مامۆستا جەعفەر |
| ١٢٦- ناسيۆناليزم- ئێرنێست گلنير- و: عەبدوڵڵا ڕەسوڵی |
| ١٢٧- عادات و رسوومات نامەی اکراديە داب و نەريتی کورد- |
| مەلا مەحموودی بايەزيدی- پ.د.شوکريە رەسوڵ ئيبراهيم |
| ١٢٨- دژايەتييە هاوژييەکان، ناسۆناليزمە ڕکەبەرەکانی ناو تورکيا- ئايشەقازی ئۆغلو و فوئاد کەيمەن- و: ئازاد حاجی ئاقايی |
| ١٢٩- ڕابردووە هاودژەکان، خوێندنەوەيەکی ديسکۆرسيڤ لەناسيۆناليزمی کورد- |
| و: ئازاد حاجی ئاقايی- |
| ١٣٠- کوردستان ئازار و کۆڵنەدان- د.عەبدولڕەحمان قاسملوو- سيامەک بەهمەنی |
| ١٣١- ڕوانگەی دکتۆر قاسملوو، سەبارەت بە ديموکراسی بۆ ئێرانێکی فرەنەتەوە- |
| عەلی مونەزمی- حيسام ئەحمەدی |
| ١٣٢- سەرنج لەسەر سەيد قەزاز- زوهێر کازم عەببوود- و: گۆمەيی |
| ١٣٣- نەکورد کۆتايی هات نەتورکيش حەسايەوە- مەحموود نەجمەدين |

| |
|---|
| ١٣٤- پاشایەتیی ماد- ئیقرار عەلی یێف- و: سەلام ئیسماعیل پوور |
| ١٣٥- جولەکەکانی شاری سلێمانی- ڕێبوارحمەتۆفیق |
| ١٣٦- لیڤیەکانی عێراق (١٩١٥-١٩٣٢)- ف.هـ . جۆن گیلبەر براون- و: مینە |
| ١٣٧- فەرمانڕەوایی مەملوکەکان (١٧٥٠-١٨٣١)- موسی کاظم نورس- |
| و: عوسمان عەزیز عەلاف |
| ١٣٨- مێژووی ماد- م.ا.دیاکۆنۆف- و: عوبێد سورخابی |
| ١٣٩- جەنگێکی بێزراو- - حەبیب سوێدییە- و: مەریوان عەلی محەمەد |
| ١٤٠- کورد گەلی لەخشتەبراوی غەدرلێکراو- د.گوینەر دێشنەر- و: حمەکەریم عارف |
| ١٤١- - پاسەوانانی کەمالیزم- پ.د.خەلیل عەلی موراد- و: بەرزان مەلا تەها، |
| د.سەلام عەبدولکریم |
| ١٤٢- لەسەر قوڕ نوسییان- ئەدوارد کییرا- و: عوسمان عەزیز عەللاف |
| ١٤٣- حەمەڕەشید خانی بانە- - د.کەیوان ئازاد ئەنوەر |
| ١٤٤- مێژووی شوێنەوارناسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان- عوبێد سورخابی- |
| ١٤٥- - شوێنەوارەکانی کوردستان زمانی مێژوو- کەمال نووری مەعرووف- |
| ١٤٦- پەرەسەندنی شوناسی نەتەوایەتی کورد و ئەگەرەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان- سۆفیا ئێزابێلا وانج- پ.ی. دکتۆر یاسین سەردەشتی- |
| ١٤٧- زانایانی ئایینی کورد و قوتابییە ئەندەنوسیەکانیان- مارتن ڤان بروینەسن- |
| و: مینە |
| ١٤٨- کورد لە دیدی سوێدییەکانەوە- کۆمەڵێک نووسەر- و: کاوەئەمین |
| ١٤٩- کوردستان و کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست- پ.ی.د. کەیوان ئازاد ئەنوەر- |
| ١٥٠- فەلسەفەی مێژوو- د. داریوش ڕەحمانیان- و: جەلیلی موڕادی |
| ١٥١- بنەچەی کورد- فێردیناند هێنەربیشلەر- و: د. عطیە کریم محمد |
| ١٥٢- بەکر سدقی گیانی نەتەوەیی و ڕەوتی ڕووداوەکان- عەزیز یاوەر- |
| حسن یاسین- عوسمان حمەڕەشید گورون |
| ١٥٣- سەرەتایەک بۆ مێژووی شارستانییە دێرینەکان (دوو بەرگ)- |
| تەها باقر- و: عوسمان عزیز عەللاف- ئەفراسیاب ڕەشید کریم – |
| کەمال نوری مەعروف |

| |
|---|
| ١٥٤- ململانێ لەسەر کوردستان- ن.آ. خەلفین- و: جەلال تەقی |
| ١٥٥- نهێنی کۆنترین مێژوو- ئەلیکساندەر گەڕبۆڤسکی- و: جەلال تەقی |
| ١٥٦- لە کاژیکەوە بۆ پاسۆک- کاوە ئەمین- |
| ١٥٧- لانکەی مرۆڤایەتی ژیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا- ڕیڤ دەبلیو ئەی ویگرام و ئێدگار تی ئەی ویگرام- و: عبدالکریم عوزێری |
| ١٥٨- تورکیاو کورد- عەقیل سەعید محموز- و: عەلی میرزا عارف هەورامی |
| ١٥٩- مێژووی فەلسەفەی ئیسلامی- هێنری کۆربین- و: عومەر عەلی غەفوور |
| ١٦٠- مێژووی گەلانی موسڵمان- کارڵ برۆکلمان- و: عومەر عەلی غەفوور |
| ١٦١- مێژووی گەمژەیی- باربارا توکمان- و: ڕەسووڵ سوڵتانی |
| ١٦٢- جەنگی کورد- دەیڤید ئادەمسۆن- و: عەبدولکەریم عوزێری |
| ١٦٣- المکان والمساله المکانیه في کردستان العراق- د.خەلیل اسماعیل- |
| ١٦٤- جوگرافیای نەتەوەکان کورد وەک نموونە- د.خەلیل اسماعیل- |
| ١٦٥- ئاووهەواو هەرێمە ئاووهەواییەکان- د. قصی عبدالمجید السامرائی- |
| د. خەلیل کریم محمد - م. ئەحمەد علی ئەحمەد |
| ١٦٦- گوندنشینی لە هەرێمی چیایی- پ.د.خەلیل اسماعیل محمد- |
| د. ئەیوب خەلیل اسماعیل- |
| ١٦٧- دەروازەیەک بۆ جوگرافیای سروشتی (چ١)- اکرام حسن امین زەنگەنە- |
| ١٦٨- دەروازەیەک بۆ جوگرافیای سروشتی (چ٢)- اکرام حسن امین زەنگەنە- |
| ١٦٩- جوگرافیای گواستنەوە- شاد حمید محمد-ئەحمەد ڕەفیق کریم- |
| ١٧٠- هۆشیاری ژینگەیی- د. عادل مشعان ڕەبیع- و: ئەحمەد علی ئەحمەد |
| ١٧١- پیسبوونی ژینگە و جۆرەکانی- محمد السید عەجورە- و: ئەحمەد علی ئەحمەد |
| ١٧٢- بەڕێوبردنی ژینگە- د.زەکەریا تاحون- و: ئەحمەد علی ئەحمەد |
| ١٧٣- مێژووی ئایینی زەردەشتی- و: عەبدوڵڵا- |
| ١٧٤- شاری ڕووناکی زەردەشت- د.حسین وحیدی- |
| ١٧٥- هەڵوێستی ڕۆژئاوا لەبەرامبەر زەردەشتدا- جی دوشن گیمن- |
| و: حمەی کەریمی |
| ١٧٦- پەیامی زەردەشت- اکرم بهرامی- و: وریا قانع |

| |
|---|
| ١٧٧- زەردەشت پێغەمبەری ئێرانی دێرین- هاشم ڕەزا |
| ١٧٨- زەردەشــت و دینــی بهــدینان لەگەڵ پەیــامی زەدەشــت- د. عەلــی ئەکــبەر جەعفەری- و: هیوا میرزایی |
| ١٧٩- سەرهەڵدان و ئاوابوونی زەردەشتگەریی- ئار سی زنر- و: شەماڵ تەرغیبی |
| ١٨٠- فەلسەفە و ئایینی زەردەشت- ئەحمەد عەباسیان- و: ڕەزا مەنوچەری |
| ١٨١- ئاوێنەی باڵانوێنی ئایینی یەکتاپەرستی زەردەشتی- کەیخەسرەو شارۆخ- |
| و: فەرهاد عبدالحمید پەهلەوان |
| ١٨٢- ئایینە ئاسیاییەکان- میهرداد بەهار- و: هادی عارفی |
| ١٨٣- دە ڕۆژ لەگەڵ داعش لەناو دەوڵەتی ئیسلامی- یورگن تۆدنهۆفەر- |
| و: ئەحمەد تەها نارێنی |
| ١٨٤- کــاریگەری خێڵ و ئــایین لەســەر بــزوتنەوەی ڕزگــاریخوازی کــورد لەنێــوان ساڵانی ١٨٤٧-١٨٨١- گۆران سەلام- |
| ١٨٥- ڕێبازی سۆفیگەریی نەقشبەندی-خالیدی- کۆمەڵێک توێژەر- |
| و: محمەد حەمەساڵح تۆفیق |
| ١٨٦- نامۆبوونی ئایینی- سەلام مارف |
| ١٨٧- مێژووی ئایینەکان- عەلی ئەسغەر حیکمەت- و: هاشم عەلی وەیسی |
| ١٨٨- مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان (دوو بەرگ)- هەڤاڵ جومعە |
| ١٨٩- لێکۆڵینەوەی سۆسیۆمیدیایی- د. محمەد عەلی بەدەوی- و: مەم بورهان قانع |
| ١٩٠- ململانێی میدیا و دەسەڵات لەفەلسەفەی ڕاگەیاندن دا- نەوزاد جەمال |
| ١٩١- ئێتیکی ڕاگەیاندن و ڕوماڵی هەڵبژاردن- د. هێرش ڕەسوڵ |
| ١٩٢- گەندەڵی و ڕەنگدانەوەی لەڕۆژنامەنووسیی کوردیدا- دلێر عەبدولخالق |
| ١٩٣- بنەماکانی ئێتێک و ئێتیک لە ڕاگەیاندنی کوردیدا- د. مەغدید سەپان |
| ١٩٤- ڕۆژنامەنووس و تاوانەکانی ڕاگەیاندن- کارزان محمد |
| ١٩٥- کۆمەڵناسی ئابووری- د.ئیحسان محمەد حەسەن- و: فەیسەڵ عەلی |
| ١٩٦- ئابووری دارایی گشتی- فەیسەڵ عەلی |
| ١٩٧- مێژووی بیری ئابووری- لبیب شقیر- و: فەیسەڵ عەلی |
| ١٩٨- شیکاری ئابووری هەندەکی- د. عەفاف عبدالجبار- و: فەیسەڵ عەلی |

| |
|---|
| ١٩٩- چەمکە بنەڕەتییەکانی زانستی ئابووری- پ. اسماعیل عەبدولڕەحمان- |
| پ.حەربی محەمەد موسا عریقات- و: فەیسەڵ عەلی |
| ٢٠٠- زەمینەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی- د. ک. میر پۆلیسکی- و: ناسر حەقپەرەست |
| ٢٠١- تەوژمە سیاسییەکانی ئێران- فاتیمە سەمادی- و: بەرزانی مەلا تەها |
| ٢٠٢- ئایین لە دیموکراسیدا- پ.مارسێل گوشە- و: د.عادل باخەوان |
| ٢٠٣- عەلمانییەت لەبەرانبەر ئیسلامدا- پ.ئۆلئڤەر ڕوا- و: د. عادل باخەوان |
| ٢٠٤- کوردستان و عێراق ململانێی ناوخۆیی و ئایندەی سیاسی- کۆمەڵێک نووسەر- |
| ٢٠٥- پرسە سیاسی وقەیرانە هاوچەرخەکان- کۆمەڵێک نووسەر- |
| ٢٠٦- تورکیا و هەرێمی کوردستان: چ جۆرە پەیوەندییەک؟- د. سەردار عزیز- |
| ٢٠٧- پێگەی حیزب لە سیستەمی سیاسیدا- د. سالار باسیرەیی- |
| ٢٠٨- ململانێی سیاسیی لەنێوان موحافزکاران و ریفۆرمخوازان لەئێران- زەینەب مەهینی ئەسڵ- و: بەرزانی مەلاتەها |
| ٢٠٩- کاک فوئاد سوڵتانی- مەلەکە- |
| ٢١٠- اقتصاد المجتمع الديموقراطی- عبدالله اوجلان- |
| ٢١١- تێڕوانینی شۆڕشگێڕانە بۆ پرسی ئایین- عەبدوڵا ئۆجەلان- و: ستارە عارف |
| ٢١٢- ئابووریی کۆمەڵگەی دیموکراسی- عەبدوڵا ئۆجەلان- و: عومەر عەلی |
| ٢١٣- ئورفا؛ مێژوو، پیرۆزی و نەفرەت- عەبدوڵا ئۆجەلان- و: لوقمان عەبدوڵا |
| ٢١٤- ئیسلام و نیشتیمان پەروەری- عەبدوڵا ئۆجەلان- و: عومەر عەلی |
| ٢١٥- پیلانگێڕی دژ بە ئۆجەلان- کۆمیتەی ڕاگەیاندنی پارتی چارەسەر- |
| ٢١٦- ڕێبەرایەتی پەکەکە ڕێبەرایەتی ژنی ئازادە- عەبدوڵا ئۆجەلان- |
| و: لوقمان عەبدوڵڵا |
| ٢١٧- Gelawej- Qurbani Arif- Selim zenciri |
| ٢١٨- عزیز،یکی از شاهدان زنده کشتارهای دسته جمعی- عارف قربانی- |
| و: سوران سلیمی |
| ٢١٩- نهێنی نەمر- هاوبیر کامەران |
| ٢٢٠- لەبیقاعەوە بۆ قەندیل- محمود نجمەدین |

| |
|---|
| ٢٢١- وڵات- نەجات ناسیئ فەرەج |
| ٢٢٢- ڕەنگاڵە- عادل محمدپوور |
| ٢٢٣- پێغەمبەری جیۆپۆلیتیکا- مامەند ڕۆژە |
| ٢٢٤- بەگەمژەکردنی ئافرەت- کیاندۆخت نورا |
| ٢٢٥- توانای ئێمە- کۆمەڵێک منداڵی بەهرەمەند |
| ٢٢٦- گوڵبژێرێک بابەتی پەروەردەیی بۆ قۆناغی پێشچوونە خوێندگە- |
| د. ئەحمەد عەلی حەمە بابان_ نازەنین عوسمان محمد_نەزیرە ساڵح محمد |
| ٢٢٧- گوڵبژێرێک بابەتی پەروەردەیی بۆ قۆناغی پێشچوونە خوێندگە(چ٢)- |
| د. ئەحمەد عەلی حەمە بابان_نازەنین عوسمان محمد_نەزیرە ساڵح محمد- |
| ٢٢٨- بەکۆمەڵایەتیکردن و گەشەی منداڵ- د. ئەحمەد عەلی حەمە بابان_ |
| نازەنین عوسمان محمد_ نەزیرە ساڵح محمد- |
| ٢٢٩- ئەوساو ئێستای چیرۆکی منداڵان- محمەد فەریق حسن- |
| ٢٣٠- بۆچی پیاوان گوێناگرن و ژنان نەخشەکان ناخوێننەوە- باربارا پیس-ئالان- گرووپی وەرگێڕی NCGR |
| ٢٣١- شرح مناضر الانشاء- عزیز ناصری- |
| ٢٣٢- نووسین و بێدەنگی- ڕەبیع جابر- و: شوان ئەحمەد |
| ٢٣٣- پێشبینییەکان- بێرنارد لویس- و: شوان ئەحمەد |
| ٢٣٤- مۆدێرنە و کۆمەڵگە- د. محمود مخلوق- و: شوان ئەحمەد |
| ٢٣٥- ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین و گرووپەکانی تەکفیر لە میسر ١٩٧١-١٩٩١- |
| د. عبدالعزیم رمضان- و: شوان ئەحمەد |
| ٢٣٦- بەرەو ئیسلامۆلۆژی پراکتیکی- محمەد ئەرگۆن- و: شوان ئەحمەد |
| ٢٣٧- مێژووی ئەدەبی کوردی ب٢- د. عزالدین مستەفا ڕەسووڵ- |
| ٢٣٨- با دڵم هێشووی تۆ بگرێت- کەژاڵ ابراهیم خدر- |
| ٢٣٩- ئاگات لە هەڵوەرینی ڕۆحم نەبوو- ئەرخەوان - |
| ٢٤٠- من دەبێت خۆم بسمیلبکەم- کەژاڵ ئەحمەد- |
| ٢٤١- شێرکۆ بێکەس شاعیرێک لە گوڵی هەنار- ئاوات محمد- |
| ٢٤١- خامەکان بۆ شێرکۆ بێکەس دەدوێن- شالاو جەعفەر- |
| ٢٤٣- اسطورە شیرکو بیکس الشعریە- لوقمان محمد- |

| |
|---|
| ٢٤٤- ٩٥٥دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس- شێرزاد هەیینی- |
| ٢٤٥- حکایات لیلی والمجنون- حسێن القاضی- |
| ٢٤٦- کوژەکەی شین- دەریا هەڵەبجەیی- |
| ٢٤٧- چاکەتێک لەکۆنە دەکڕم- قوبادی جەلیزادە- |
| ٢٤٨- هایکۆکانی قوباد- قوبادی جەلیزادە- |
| ٢٤٩- دەنگی پێی ئاو ماچێک بەتامی خۆڵەمێش- سوهراب سپهری- و: توانا امین |
| ٢٥٠- کەشکۆڵی ئاغا- عومەری کریم ئاغا- |
| ٢٥١- مانا و دەلالەتە شاراوەکانی دەق- دانا عەسکەر- |
| ٢٥٢- شەریعەتی مەیل (دوو بەرگ)- هومایون صاحب کریم- |
| ٢٥٣- چوارینەکانی خیام(چ٢)- سادق هیدایەت- و: هاشم کریمی |
| ٢٥٤- دیوانی ڕۆژ هەڵەبجەیی- ڕۆژ هەڵەبجەیی |
| ٢٥٥- دووهەزار وێنە دووهەزار وشە- - شێرکۆبێکەس - ڕێبوار سعید |
| ٢٥٦- لێکۆڵینەوەی تیۆری ئەدەبی- رۆجەر ویبستەر- و: عەتا قەرەداغی |
| ٢٥٧- جارێکی دیکە شارێک کە خۆشمدەویست- نادری ابراهیمی- |
| و: ئەرسەلان حسن |
| ٢٥٨- توێژینەوەی لۆجیکی فەلسەفی- لۆدڤیک- و: د. حەمید عزیز |
| ٢٥٩- یاقووت و زمرووتی کوردی(ب٥)- حوسێن محمد عزیز- |
| ٢٦٠- نازیلا- یاسین بانیخێلانی |
| ٢٦١- کچەی مۆسیقا- یاسین بانیخێلانی |
| ٢٦٢- سپێدان ئێرە ئارامە- بۆریس ڤاسیلیف- و: ڕێباز مستەفا _ زرار جۆلا |
| ٢٦٣- ژنانی بێ پیاو- شهرنوش پارسی پور- و: زەینەب یوسفی |
| ٢٦٤- ئاوێنەی ژنێک- ڕێواس ئەحمەد بانیخێلانی |
| ٢٦٥- ڕێحانەی خوێناوی- تانیا کورد میرزا |
| ٢٦٦- خانم و سەگەکەی- ئانتوان چیخۆڤ- و: جەلال تەقی |
| ٢٦٧- شەوە سپییەکان- ف.دۆستۆیڤسکی- و: جەلال تەقی |
| ٢٦٨- پاسەوانی کێڵگەی هەرزن- جەی.دی.سالینجەر- و: محمد کریم |
| ٢٦٩- هەڵاتنی جوان- ئاناگاڤاڵدا- و: زریان محمود |
| ٢٧٠- سپوتنیکی نازەنین- هاروکی موراکامی- و: کامیل محمد قەرەداغی |

| |
|---|
| ٢٧١- وەهمەکان- ریچارد باخ- و: کامیل محمد قەرەداغی |
| ٢٧٢- لەحزوری جەلالەدینی ڕۆمیدا- ئیسحاق الشیخ یەعقووب- |
| و: کامیل محمد قەرەداغی |
| ٢٧٣- پەناهەندەیەک لەهەولێرەوە بۆ ئەمستردام- تالیب ابراهیم |
| ٢٧٤- براکوژی- نیکۆس کازانتزاکیس- و: عبدالکریم شێخانی |
| ٢٧٥- پڵنگە سپییەکە- ئارڤەند ئەدیگا- و: شلێر ڕەشید |
| ٢٧٦- هەستێک- خالید مجید فەرەج |
| ٢٧٧- گورگی زەنگۆڵەدار- نەجات نووری |
| ٢٧٨- ئەفسانەی سیڕەنگ- مەنسور یاقوتی- و: سەلاح نیساری |
| ٢٧٩- ئاو- کۆمەڵێک نووسەر |
| ٢٨٠- بەنگکێشتێکی عەودالّی بەهەشت- محمود امین- و: حمەکریم عارف |
| ٢٨١- گەردوون باکی بەکەس نییە- ئیرش ماریا ریمارک- و: تۆفیق عبدول |
| ٢٨٢- فیتنە- کەنعان مەکییە- و: هەڵکەوت عبدالله |
| ٢٨٣- مۆرانە- بزورگ علوی- و: ڕەسووڵ سوڵتانی |
| ٢٨٤- بۆ کوێ دەڕۆین، باوکە؟- جان لویی فۆیرنییە- و: سەلاح حسن پاڵەوان |
| ٢٨٥- تاقانەترین کچی خودا- ڤینۆس فایەق- |
| ٢٨٦- خۆشەویستیی لەزەمانی کۆلێرادا- گابریل گارسیا مارکیس- و: محمد کریم |
| ٢٨٧- مێژووی شارستانییەت ب١- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٢٨٨- مێژووی شارستانییەت ب٢- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٢٨٩- مێژووی شارستانییەت ب٣- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٢٩٠- مێژووی شارستانییەت ب٤- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٢٩١- مێژووی شارستانییەت ب٥- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٢٩٢- مێژووی شارستانییەت ب٦- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٢٩٣- مێژووی شارستانییەت ب٧- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٢٩٤- مێژووی شارستانییەت ب٨- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٢٩٥- مێژووی شارستانییەت ب٩- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٢٩٦- مێژووی شارستانییەت ب١٠- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٢٩٧- مێژووی شارستانییەت ب١١- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |

| |
|---|
| ٢٩٨- مێژووی شارستانییەت ب١٢- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٢٩٩- مێژووی شارستانییەت ب١٣- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٣٠٠- مێژووی شارستانییەت ب١٤- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٣٠١- مێژووی شارستانییەت ب١٥- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٣٠٢- مێژووی شارستانییەت ب١٦- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٣٠٣- مێژووی شارستانییەت ب١٧- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٣٠٤- مێژووی شارستانییەت ب١٨ - ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٣٠٥- مێژووی شارستانییەت ب١٩- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٣٠٦- مێژووی شارستانییەت ب٢٠- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٣٠٧- مێژووی شارستانییەت ب٢١- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٣٠٨- مێژووی شارستانییەت ب٢٢- ویل دورانت- و: دڵشاد خۆشناو |
| ٣٠٩- مێژووی شارستانییەت ب٢٣- ویل دورانت- و: دڵشاد خۆشناو |
| ٣١٠- مێژووی شارستانییەت ب٢٤- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٣١١- مێژووی شارستانییەت ب٢٥- ویل دورانت- و: ناسر سەڵاحی |
| ٣١٢- مێژووی شارستانییەت ب٢٦- ویل دورانت- و: ناسر سەڵاحی |
| ٣١٣- مێژووی شارستانییەت ب٢٧- ویل دورانت- و: ناسر سەڵاحی |
| ٣١٤- مێژووی شارستانییەت ب٢٨- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٣١٥- مێژووی شارستانییەت ب٢٩- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٣١٦- مێژووی شارستانییەت ب٣٠- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٣١٧- مێژووی شارستانییەت ب٣١- ویل دورانت- و: عەبدوڵلا ڕەسووڵی |
| ٣١٨- مێژووی فەلسەفەی ڕاتلێج ب١ لەسەرەتاوە تاکو ئەفلاتوون- کریستۆفێر چارڵز-ڤێستن تەیلۆر- و: سەعید کاکی |
| ٣١٩- مێژووی فەلسەفەی ڕاتلێج ب٢ ئەرستۆ تاکو ئۆگستینۆس- دەیڤد فۆڕلی- |
| و: سەعید کاکی |
| ٣٢٠- مێژووی فەلسەفەی ڕاتلێج ب٣ فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست- |
| جۆن مارێنبۆن- و: سەعید کاکی |
| ٣٢١- مێژووی فەلسەفەی ڕاتلێج ب٤ قۆناغی ڕێنسانس و عەقڵباوەڕی سەدەی حەڤدە- جەی.ئیچ. ئاڕ پارکینسۆن- و: سەعید کاکی |

| |
|---|
| ٣٢٢- مێژووی فەلسەفەی ڕاتلێج ب٥ فەلسەفەی بەریتانی و سەردەمی ڕۆشنگەری- ستیوارت براون- و: سەعید کاکی |
| ٣٢٣- مێژووی فەلسەفەی ڕاتلێج ب٦ ئایدیالیزمی ئاڵمانی- ڕۆبێرت سالمەن و کەتلین ئیم .هێگینز- و: سەعید کاکی |
| ٣٢٤- مێژووی فەلسەفەی ڕاتلێج ب٧ فەلسەفەی سەدەی نۆزدەیەم- سی . ئێل .تێن- |
| و: سەعید کاکی |
| ٣٢٥- مێژووی فەلسەفەی ڕاتلێج ب٨ فەلسەفەی سەدەی قاڕەی بیستەم- |
| ڕیچارد کێرنی- و: سەعید کاکی |
| ٣٢٦- مێژووی فەلسەفەی ڕاتلێج ب٩ فەلسەفەی زانست، لۆجیک و بیرکاری لەسەدەی بیستەم- ستیوارت جی.شانکەر- و: سەعید کاکی |
| ٣٢٧- مێژووی فەلسەفەی ڕاتلێج ب١٠ فەلسەفەی واتاناسین و بەها لەسەدەی بیستەم، فەلسەفەی ئینگلیزی – ئەمریکی سەدەی بیستەم- جۆن ڤی . کۆنفیلد- و: سەعید کاکی |
| ٣٢٨- کۆبەرهەمی ئانتۆن چیخۆڤ ب١ کۆچیرۆک ١- ئانتۆن چیخۆف- |
| و: ڕەسووڵ سوڵتانی |
| ٣٢٩- کۆبەرهەمی ئانتۆن چیخۆڤ ب٢ کۆچیرۆک ٢- ئانتۆن چیخۆف- |
| و: ڕەسووڵ سوڵتانی |
| ٣٣٠- کۆبەرهەمی ئانتۆن چیخۆڤ ب٣ کۆچیرۆک ٣- ئانتۆن چیخۆف- |
| و: ڕەسووڵ سوڵتانی |
| ٣٣١- کۆبەرهەمی ئانتۆن چیخۆڤ ب٤ کۆچیرۆک ٤- ئانتۆن چیخۆف- |
| و: ڕەسووڵ سوڵتانی |
| ٣٣٢- کۆبەرهەمی ئانتۆن چیخۆڤ ب٥ شانۆنامەکان ١- ئانتۆن چیخۆف- |
| و: ڕەسووڵ سوڵتانی |
| ٣٣٣- کۆبەرهەمی ئانتۆن چیخۆڤ ب٦ شانۆنامەکان ٢- ئانتۆن چیخۆف- |
| و: ڕەسووڵ سوڵتانی |
| ٣٣٤- کۆبەرهەمی ئانتۆن چیخۆڤ ب٧ دورگەی ساخالین- ئانتۆن چیخۆف- |
| و: ڕەسووڵ سوڵتانی |

| |
|---|
| ٣٣٥- کۆبەرهەمی ئانتۆن چیخۆڤ ب٨ نامەکان ١- ئانتۆن چیخۆف- |
| و: ڕەسووڵ سوڵتانی |
| ٣٣٦- کۆبەرهەمی ئانتۆن چیخۆڤ ب٩ نامەکان ٢- ئانتۆن چیخۆف- |
| و: ڕەسووڵ سوڵتانی |
| ٣٣٧- کۆبەرهەمی ئانتۆن چیخۆڤ ب١٠ نامەکان ٣- ئانتۆن چیخۆف- |
| و: ڕەسووڵ سوڵتانی |
| ٣٣٨- سەربەهوردی ڕۆژبەیانی بە کورتی- مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی- |
| کۆکردنەوەی/ ئەحمەد باوەڕ |
| ٣٣٩- تیۆری ڕیالیزم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا- د.ئەنوەر معەمەد فەرەج- د.خەلیل کەریم محەمەد- مامۆستا ئەحمەد عەلی ئەحمەد |
| ٣٤٠- بۆهیمیا،نەفیکردن وشۆڕش- ئینزۆتراڤێرسۆ- و: پێشڕەو محەمەد |
| ٣٤١- ڕەتدانەوەی کۆسمۆپۆلیتیزم- عەبدولرەحمان زەبیحی- و: عەلی کەریمی |
| ٣٤٢- فێرکردنی فەلسەفەی زانستی- ئیحسان تەبەری- و: د.حسێن خەلیقی |
| ٣٤٣- بنەماکانی فەلسەفە- ا.س.رابورت- - و: عومەر عەلی غەفوور |
| ٣٤٤- مێژووی فەلسەفەی نوێ- یوسف کەرەم- و: عومەر عەلی غەفوور |
| ٣٤٥- مێژووی فەلسەفەی ئەوروپی لەچاخەکانی ناوەڕاست- یوسف کەرەم- |
| و: عومەر عەلی غەفوور |
| ٣٤٦- مێژووی فەلسەفەی یۆنانی- یەسف کەرەم- و: عومەر عەلی غەفوور |
| ٣٤٧- گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی بەرگی ٣- عەتا قەرەداغی |
| ٣٤٨- ئیسلام و خۆرئاوا- بێرنارد لویس- و: ڕەزوان حەسەن |
| ٣٤٩- قەیرانی ئیسلام- بێرنارد لویس- و: ڕەزوان حەسەن |
| ٣٥٠- بەیەکگەیشتنی کورد و سویدییەکان- رۆهات ئالاکۆم- و: کاوە ئەمین |
| ٣٥١- داستانی گیلگامێش- و: شاسوار هەرشەمیی |
| ٣٥٢- ئاوڕێک لەزمانی سومێری- شاسوار هەرشەمیی |
| ٣٥٣- مێژووی ئارامییەکان لە کوردستان- شاسوار هەرشەمیی |
| ٣٥٤- تەتەڵە- شاسوار هەرشەمیی |
| ٣٥٥- عبدالرحمن زبیحی عولما صفحات من سیرة حیاتة- ت: علی شمدین |
| ٣٥٦- بیری ئوسوڵیی ئیسلامی - فواد مەجید میسری |

| |
|---|
| ٣٥٧- وانەکانی ژیانم (چ١)- د.عەلی وەردی- و: د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد |
| ٣٥٨- وانەکانی ژیانم (چ٢)- د.عەلی وەردی- و: د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد |
| ٣٥٩- سۆسیۆلۆژیای مەعریفە- د.عەلی وەردی- و: د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد |
| ٣٦٠- ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧) شاعیر و بیرمەند و فەیلەسوف و سۆفی- عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ- |
| ٣٦١- مێژووی فەلسەفەی یۆنانی لەگۆشەنیگایەکی ڕۆژهەڵاتیەوە- د.مستەفا ئەلنەشار- و: عومەر عەلی غەفوور |
| ٣٦٢- لاهوتی عەرەب و بنەوانی توندوتیژی- یوسف زێدان- |
| و: ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی |
| ٣٦٣- هەڵەکە لە کوێدایە؟- بێرنارد لویس- و: یاسین محەمەد |
| ٣٦٤- سەرمایە لەسەدەی بیست و یەک- تۆماس پیکیتی- بیلال ئیسماعیل حەمە |
| ٣٦٥- جەهلی پیرۆز دەورانی ئایین بەبێ کلتوور- ئۆلیڤەر روا- |
| و: عومەر عەلی غەفوور |
| ٣٦٦- سامانی نەتەوەکان- ئادەم سمیث- و: عووف عبدالرحمن |
| ٣٦٧- مێژووی خۆرهەڵاتی نزیکی کۆن- مارک ڤان دی میرۆپ- و: عەلی نادر |
| ٣٦٨- مێژووی فەلسەفەی ئیسلامی- هێنری کۆربین- و: عومەر عەلی غەفوور |
| ٣٦٩- فیقهی شۆڕش- یوسف زێدان- و: ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی |
| ٣٧٠- کۆلۆنیالیزم پۆست کۆلۆنیالیزم- ئانیا لومبا- و: عومەر عەلی غەفوور |
| ٣٧١- سیاسەتی ئایین و دەوڵەتانی سیکیولار- سکوت و هیبارد- |
| و: عومەر عەلی غەفوور |
| ٣٧٢- وانەکانی ژیانم (چ٣)- د. عەلی وەردی- و: د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد |
| ٣٧٣- فەرهەنگی فەلسەفی سویدی- ئینگلیزی- کوردی- یان هارتمان- |
| کەمال فەرەج محەمەد چوارتایی |
| ٣٧٤- تێزەکانی مارکس – ئەنگڵس- جان فریفیل- و: فواد مەجید میسری |
| ٣٧٥- پەیژەکانی ڕۆژهەڵات- ئەمین معلووف- و: د.هیواشەمسی بورهان |
| ٣٧٦- ڕەگوڕیشە مێژووییەکانی شەریعەتی ئیسلام- خەلیل عبدالکریم- |
| و: فیدا مورادخان |
| ٣٧٧- کۆماری خودا- عبدالرزاق جبران- و: فیدا مورادخان |

| |
|---|
| ٣٧٨- فەلسەفە وەک زانستێکی وردوڕێک وپێک- ئیدمۆند هوسەرڵ- |
| و: د.حەمید عەزیز |
| ٣٧٩- دڵدارەکەم داعشە- هاجەر عبدالصمد- و: حسن یاسین |
| ٣٨٠- وێرانە ماڵ- عبدالقادر سەعید- |
| ٣٨١- لەدیمەشقەوە بۆ پاریس- هاشم صالح- و: د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد |
| ٣٨٢- کەسایەتی تاکی عێراقی- د. عەلی وەردی- و: د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد |
| ٣٨٣- ڕێنیسانس- د. کەمال مەزهەر- و: فواد مەجید میسری |
| ٣٨٤- مێژووی مادەکان- جۆرج ڕاولینسۆن- و: هاشم محمد ئەحمەد کەرەمی |
| ٣٨٥- جەمال عیرفان ڕووناکبیرێکی گومناو- مۆفەق میراودەلی- |
| ٣٨٦- ڕۆژگار- تەها حسێن- و: شیروان هەڵەبجەیی |
| ٣٨٧- ڕەنگی مۆری سیاسەتی کوردی- گوڵتان کیشەناک- و: سەربەست زاگرۆس |
| ٣٨٨- دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی- ڕێبوار حسن- |
| ٣٨٩- ڕاپەڕن- ستیڤان هیسڵ- و: فازڵ محمود- کاروان ئەحمەد |
| ٣٩٠- حەمەی مەلا کەریم درەوشانەوەیەک لە تاریکیدا |
| ٣٩١- گەشتی ژیانم١- عەبدولڕەحمان بەدەوی و: عومەر عەلی غەفوور |
| ٣٩٢- گەشتی ژیانم٢- عەبدولڕەحمان بەدەوی و: عومەر عەلی غەفوور |
| ٣٩٣- نیچە- عەبدولڕەحمان بەدەوی- و: ئازاد بەرزنجی |
| ٣٩٤- بەهاری فەلسەفە- عەبدولڕەحمان بەدەوی- و: ئیبراهیم حاجی زەڵمی |
| ٣٩٥- سەردەمی هەڵەکان- محەمەد شوکری- و: نەجاتی عەبدوڵڵا |
| ٣٩٦- ئیمانوێل کانت- عەبدولڕەحمان بەدەوی- و: سامان عەلی |
| ٣٩٧- ئاکار لای کانت- عەبدولڕەحمان بەدەوی- و: سامان عەلی |
| ٣٩٨- جەستەیەکی لاواز بە خاچەوە. محەمەد عەبدولکەریم (د. حەکیم) |
| ٣٩٩- تایبەتمەندیی تاکی کورد- محەمەد فەریق حەسەن |
| ٤٠٠- بەراییەکانی مادیگەرایی لە فەلسەفەی عەرەبیی- ئیسلامیدا(بەرگی ١) – |
| حوسەین مەروە- و: سۆران سیۆکانی |
| ٤٠١- بەراییەکانی مادیگەرایی لە فەلسەفەی عەرەبیی- ئیسلامیدا(بەرگی ٢) – |
| حوسەین مەروە- و: سۆران سیۆکانی |

| |
|---|
| ٤٠٢- بەرایییەکانی مادیگەرایی لە فەلسەفەی عەرەبیی- ئیسلامیدا(بەرگی ٣) – |
| حوسەین مەروە- و: سۆران سێوکانی |
| ٤٠٣- بەرایییەکانی مادیگەرایی لە فەلسەفەی عەرەبیی- ئیسلامیدا(بەرگی ٤) – |
| حوسەین مەروە- و: سۆران سێوکانی |
| ٤٠٤- شەڕو ئاشتی- لیۆ تۆڵستۆی- و: جەوهەر مەحموود داراغا- (بەرگی١) |
| ٤٠٥- شەڕو ئاشتی- لیۆ تۆڵستۆی- و: جەوهەر مەحموود داراغا- (بەرگی٢) |
| ٤٠٦- شەڕو ئاشتی- لیۆ تۆڵستۆی- و: جەوهەر مەحموود داراغا- (بەرگی٣) |
| ٤٠٧- چەند لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە فەلسەفەی بوونگەرایی- |
| عەبدولڕەحمان بەدەوی- و: ئازاد بەرزنجی |
| ٤٠٨- گەمژەیی مارکیز- عەواد عەلی- و: سەباح ئیسماعیل |
| ٤٠٩- هەرزەکار- دۆستۆیڤسکی- و: جەوهەر مەحموود داراغا (بەرگی ١-٢) |
| ٤١٠- کرێکارانی دەریا- ڤیکتۆر هیگۆ- و: جەوهەر مەحموود داراغا |
| ٤١١- ئهو پیاوهی وێرای بپرسێ- نووسینی: کۆڕامێسن- و: جهلال تهقی |
| ٤١٢- دەربارەی ڕەخنە- نووسینی: ف. بیلینسکی- و: جەلال تەقی |
| ٤١٣- تێڕامانەکان، لە فەلسەفەی یەکەم- نووسینی: رینیه دیکارت- |
| و: عومهر عهلی غهفوور |
| ٤١٤- داستانی گیلگامێش- و: شاسوار هەرشەمی (چاپی دووەم) |
| ٤١٥- قووڵایی ستراتیژی، پێگەی نێونەتەوەیی تورکیا- نووسینی: ئەحمەد داودئۆغلوو- و: وریا غەفووری |
| ٤١٦- ئادەم سمس، خوێندنەوەیەکی ئابووریی بازاڕ- ئامادەکردنی: کامل وزنە- |
| و: فەیسەڵ عەلی |
| ٤١٧- ٢١ وانە بۆ سەدەی ٢١- نووسینی: یووڤاڵ نووح هەراری- و: ئاری ڕەشید |
| ٤١٨- دەیڤد ریکاردۆ، تێڕوانینە ئابوورییەکانی لەمەڕ ئابووریی بازاڕ. نووسینی: فەیسەڵ عەلی |
| ٤١٩- سەرەتایەک دەربارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە. |
| نووسینی:د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد. |
| ٤٢٠- عەلی وەردی داکۆکی لە خۆی دەکات. و: د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد. |

| |
|---|
| ٤٢١- ئێسکی بەراز و دەستە گەڕەکان. نووسینی: مستەفا مەستوور |
| و: بەسیر حسێن. |
| ٤٢٢- حەقیقەتی ون- نووسینی: د. فەرەج فۆدە. و: فیدا موورادخان. |
| ٤٢٣- چ فەلسەفەیەک بۆ سەدەی بیست و یەکەم؟ نووسینی: کۆمەڵە دانەرێک. |
| و: عومەر عەلی غەفوور. |
| ٤٢٤- سیانینەی غەرناتە- نووسینی: ریزوا عاشوور. و: عومەر عەلی غەفوور. |
| ٤٢٥- حاجی قادری کۆیی و گوتاری تازەگەریی کوردی- |
| نووسینی: ئیسماعیل مەحموودی |
| ٤٢٦- دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگەدا- نووسینی: ئیمیل دۆرکهایم. |
| و: بیلال ئیسماعیل حەمە. |
| ٤٢٧- کوردو دەوڵەت- نووسینی: بەرزان ئەحمەد کوردە. |
| ٤٢٨- وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست- نووسینی: م.ب. ڕودێنکۆ.- ئەنوەر قادر محەمەد لە ڕووسییەوە کردوویەتی بە کوردی و پاشەکی و سەرنج و تێبینیی بۆ نووسیوە. |
| ٤٢٩- بزاڤی ناسیۆنالیستی کورد. نووسینی: دەیڤید ڕۆمانۆ. و: هۆمەر فەیزی. |
| ٤٣٠- بنەماکانی نەخۆشیی دڵ و ڕەگەکان- دکتۆر کامەران ئەمین ئاوە. |
| ٤٣١- خڕخەپان و چەند چیرۆکێکی دی. نووسینی: گی دو موپاسان. |
| و: حەمە کەریم عارف. |
| ٤٣٢- پرسی عێراق. نووسینی: مستەفا کازمی. و: سامان عەلی. |
| ٤٣٣- ئەو جەستەیەی پیرنابێ ئەقڵێک لە دەرەوەی زەمەن. نووسینی: د. دیپاک چۆپرا. و: غازی محەمەد. |
| ٤٣٤- نەتەوەیەک بەبێ دەوڵەت. نووسینی: مایکڵ ئیپیڵ. و: بادینان محەمەد. |
| ٤٣٥- فەلسەفەی یاسا و سیاسەت لای کانت. نووسینی: عەبدولڕەحمان بەدەوی- و: سامان عەلی. |
| ٤٣٦- مێژوو و ڕەهەندەکانی سۆفیگەریی لە ئیسلامدا. نووسینی: ئانا ماری شمیل. و: زانا ناجی - هیوا مەحموود. |
| ٤٣٧- کوردەکان مێژوو، ئایین، زمان، سیاسەت. و: عەتا قەرەداخی. |
| ٤٣٨- ئەفسانە و مانا- نووسینی: کلۆد لیڤی شتراوس. و: سەلاح حەسەن پاڵەوان. |

| |
|---|
| ٤٣٩- درەختەکـان و تیـرۆری مەرزووق. نووسـینی: عەبـدولڕەحمان مونیـف. و: دلاوەر قەرەداغی |
| ٤٤٠- میتۆد و لێکۆڵینەوە. نووسینی: پ.ی د. سامان حوسێن ئەحمەد. |
| ٤٤١- دۆزەخ. نووسینی: ژان-پۆڵ سارتەر. و: د. نەجاتی عەبدوڵڵا. |
| ٤٤٢- فرانسیسـکۆس... قەدیسـی مـن. نووسـینی: نیکـۆس کـازانتزاکیس- و: دلاوەر قەرەداغی. |
| ٤٤٣- چـوارمێخە کێشـانەوەی مەسـیح. نووسـینی: نیکـۆس کـازانتزاکیس- و: دلاوەر قەرەداغی. |
| ٤٤٤- ڕاپۆرت بۆ گریکۆ. نووسینی: نیکۆس کازانتزاکیس- و: دلاوەر قەرەداغی. |
| ٤٤٥- مێژووی میدیا. نووسینی: دیاکۆنۆف ئیگەر میخایلۆفیچ. و: د. پێشەوا خالید |
| ٤٤٦- هۆمۆدیـۆس مرۆڤـی خوداڕهنـگ: مێژوویهکـی پـوختی داهـاتوو. نووسـینی: یووڤال نووح هـهراری- و: عەلی نادر. |
| ٤٤٧- کەژاڵ- نووسینی: مەندانا موعینی. و: ڕووناک شوانی. |
| ٤٤٨- سـەرکێشـیی یەکەمـی ئەقڵ- نووسـینی فـراس السـواح. و: د. نەوزاد ئەحـمەد ئەسوەد. |
| ٤٤٩- لە بارەی مێژوو و کولتووری کوردییەوە. نووسینی: د. زرار سدیق تۆفیق. |
| ٤٥٠- فەلسەفاندنی پەتا- نووسینی: ئازاد حەمە. |
| ٤٥١- کڵۆڵی مێژووگەرایی. نووسینی: کارڵ پۆپەر. و: بادینان محەمەد. |
| ٤٥٢- زەردەشت ئاوا دوا. نووسینی: فریدریش نیتشە. و: یاسین بانیخێڵانی. |

کۆتایی ئەم بەشەش بە وتارێکی "هەدیە کەریم" کۆتای پێ دێنم بە ناوی "من کچی مزگەوتم، کەریمی عەلەکەش باوکمە" لەبەر ئەوەی وتارێکی کاریگەرە و منیلەناخەوە گریان...... لەگەڵ خستنەڕووی چەند وێنەیەک تابتوانین بڵێین: دکتۆر تەها هاوڕێ و دۆستی هەمووانە.

## "من کچی مزگەوتم کەریمی عەلەکەش باوکمە"

**هەدیە کەریم**

بەیانییەکی زوو، کە هێشتا مجێور فوی بە بڵندگۆکەدا نەکردبوو، نوێژخوێنان بە دەنگ و نوزەی من بەئاگا هاتنەوە، من نازانم دایە و بابەم کێ بوون و بۆ چیش لەو سەرمایەی زستان بەو سپێدە ساڵحانە منیان لەبەردەم مینبەرێک فڕێ داوە و دەستیان لێ بەرداوم، یەکەمین ئامێز کە لە مزگەوتەکە پێی ئاشنا بووم، سنگی پیاوێک بوو، بۆنی کۆتر و گریس و ئارەقەی ماندووبوونی لێ دەهات، لەو ڕۆژەوە ئەو پیاوە بوو بە کۆڵۆمبس و دوورگەیەکی پڕ خۆشەویستی بۆ دۆزیمەوە. لەو ماڵە پڕ ئەوینەدا، باوکم ناوینام "هەدیە"، بۆ ئەوەی هەست بە

تەنهایی و بێکەسی و نامۆبوون نەکەم، ئیدی ئەو پانتاییە تازەیە، جگە لە من و دایکە نوێیەکەم، سێ خوشکی دیکەش لە ماڵەکەمدا بوونە هاودەمی هەمیشەییم، ئەو ناوە نوێیە بووە ناسنامە و پێی دەناسرامەوە.

زۆری نەبرد، هەر ئەو مزگەوتەی باوکم کردبوویە وێستگەی نزا و پاڕانەوە لە خودا، دوو خوشکی تریشی پێ بەخشیم، ئەوانیش لە دایک و باوکی جیاوازتر، کە قەدەری برسیەتی و ئاشوب، نابەرپرسیاریەتی باوان لە وەچەخستنەوە، بیرکۆڵی مرۆڤ لە بەرامبەر منداڵەکانی وای کردبوو، دەست لەوانیش بەربدەن، ئیدی لەو ماڵەدا، کە بەقەد گیرفانی بابم چکۆڵە بوو، بووینە شەش کچۆڵە و بەیەکەوە پێدەکەنین و نانمان دەخوارد و قاقامان لێ دەدا، پێکەوە هەر شەشمان بە نۆرە باوەشمان بە باوکماندا دەکرد و ڕومەتی دایکمان ماچ دەکرد، دەستی نەنکمان ڕادەموسا و لە دەوری کۆ دەبووینەوە، پێکەوە جانتای قوتابخانەمان لە یەک ڕەنگ دەکڕی و سبەینانیش پێکەوە دەست لەناو دەست ملی خوێندنمان دەبڕی، من خوشکی نێوەنجی بووم، بەڵام هەمیشە لە باوکم توڕە دەبووم، چونکە ئەوەندە میهرەبان بوو، هەموو جار دوو ماچی لە خوشکانی مزگەوتم دەکرد و یەک ماچیش لە کچانی گۆشت و خوێنی خۆی، ئاخر چۆن دەبێت مرۆڤ ئەوەندە میهرەبان بێت، جیاکاری لەنێوان خۆی و کچەکانی خۆی بکات، ئەوە دیمەنێکە بیرم ناچێتەوە.

پۆلی سێیەمی ناوەندی بووم، ڕۆژێکی پایز منی بردە نەخۆشخانە، لە ڕێگەی گەڕانەوە بای هەزار دینار پاقلەی لەناو کاغەزی کتێبدا بۆ کڕیم، پێم وایە هەر سێ هەزاری پێ بوو،

لـەوەش دڵـی هـەرزەیی منـی نەشـکاند و هـەر زوو پاقلەکـەمان خـوارد، لـە کاغـەزی پاقلەکـە، کـە نـازانم لـە چـی کتێبێـک لـێ کرابـــووەوە، نووســـرا بوو"کـــەریمی عەلەکـــە" چ پێشـــەوایەکی دادخواز بوو، چیرۆکی بەخشینەکانی کەریمی عەلەکەی تێدا بڵاو کرابووەوە، من لەو ڕۆژەوە وەک چۆن ئـەو نـاوی "هـەدیـە"ی بـە من بەخشـی، بـەو چەشـنەش مـن نـاوی "کـەریمی عەلەکـە"م پێدا، ئـەو نەخوێنـدەوار بـوو، نەیـدەزانی کـەریمی عەلەکـە کێیـە، بـەڵام هەمیشە کە من و خوشکەکانم بە بابە کەریم ناومـان دەبـرد ئـەو پێدەکەنی و بست بـە بسـت بـاڵای دەکـرد، لـەوە تێدەگەیشـت، کـە ئێمە لە خۆشـەویستیان ئەو نازناوەمان بە بەردا بڕیووە.

چەنـد سـاڵێکە بـابم مـردووە و ئێمـەش گـەورە بـووین، چەنـد خوشکێک بەرەو مـەنزڵی نـوێ ڕۆیشـتوون و جێیـان هێشـتووین، بەڵام هەمیشـە هەموو هەینییەک، بەفر بێت یـان بـاران، خۆڵبـاران بیت یان بەرد باران، هەر لەسـەر گڵکۆی ئەو باوکە میهرەبانە کۆ دەبینەوە و هـەریەکەمان گوڵێکی سـەر خـاک و خـۆڵی گۆڕەکـەی ئـاو دەدەیـن، منـیش گـەورە بـووم و بەشـی مێـژووی زانکـۆم لـە سـایەی میهرەبـانی ئـەو پیـاوە تـەواو کـرد، دەمزانـی تـا دینارێـک پەیدا دەکات بۆ ئەوەی لە خوێندنی ئێمـەی خـەرج بکـات، هـەموو جەستە و شکۆ و ماندوبوونی خۆی دەخسـتە خزمـەت ئێمـەوە، هەرچی لەتوانایدا بوو دینار بە دیناری ڕاو دەکرد، تا شـەوێک بە برسـیەتی سـەر نەنێینـەوە، کـە چوومـە زانکـۆ زیـاتر بـە کتێـب و مێژوو ئاشنا بووم، پتر کـەریمی عەلەکـەم ناسـی و هـەر دەمێـک ئـەو نـاوەم دەکەوتـەوە بـەرگوێ، بـاوکم بیـر دەکـەوتـەوە، لـەو

دەمەوە بەردەوام لەبەرخۆمەوە دەڵێم من هەدیەی کچی کەریمی عەلەکەم.

دوێنێ بەڕێکەوت، لەگەڵ پیرە نەنک و پیرە دایک، لەژێر سێبەری زڕ تووی حەوشەکەمان دانیشتبووین، لەو خانووەدا بەدیار ئێوارەی پڕ شەکەت و برسیەتی ڕەمەزانەوە چرکەمان دەژمارد، لەناو ئەو خانووەدا، کە هەر پنتێکی قاقایەک و هەر بستێکی ئازاری کەریمی باوکمە، لە دەرگا درا و نیعمەتی بەخشین و بەخشندەیی خێرۆمەندێک ڕووی لە ماڵەکەمان کرد، لە بۆکسی بەخشش و چاکەخوازییەکە، وێنەی "کەریمی عەلەکە" و ناوی دەزگای خێرخوازی ئەو پیاو چاکەی لەسەر بوو، چ قەدەر و چارەنووسێکی سەیرە، هەمیشە لە تەنگانەدا، لە برسیەتی و هەژاریدا، لە بێکەسی و بێلانەیدا کەریمێکی عەلەکە لە دەرگامان دەدات و ئاوڕمان لێ دەداتەوە، بەڕاستی من کچی کەریمی عەلەکەم، لە کاغەزی پاقلەکەی باوکم و لە چیرۆک و حیکایەتەکانی باوکم و لە بەخشینی ڕەمەزانیش هەمیشە کەریمی عەلەکەم بیر دێننەوە

خوا چاکەی باوکم و پاقلە فرۆشەکە و دەزگای خێرخوازیی ڕەمەزانیش ون ناکات، چونکە هەمیشە کەریمی عەلەکە فریامان دەکەوێتەوە.








BLACK ROSE







## هێندێك له كارەكانی "د. تەها ڕەسووڵ" بۆ بەكولتووركردنی هونەری پەیكەرسازی و جوانكردنی شار و بەرزڕاگرتنی خوێنی شەهیدان

دكتـۆر تەهـا ڕەسـووڵ: كەسـێكی تـایبەتە و هەمـوو بەهـا جوانەكانی مرۆڤایەتی و مەردایەتی و بەخشینی تێدا بەرجەستە بووە، كەسێكە هەمیشە بۆنی خاك و خۆڵ و نیشتمانی لێ دێت، لەنێـو خـانەوادەیەكی بەڕێـز و قەدرگرانـی شـاری سـلێمانیدا گەشـەی كـردووە و لە ڕێگـای كارەكـانییەوە زۆر جـار دڵـی ڕەنجاوی سلێمانی داوەتەوە و خەندەی بۆ زۆرێک لە كوچە و كۆڵانەكـانی شـار گەڕانـدووەتەوە ویادگـاری و مێـژووی كەڵەپیـاوانی لە لەبیرچـوونەوە پاراسـتووە و خەونـی زۆرێک لە گەنجـانی بەدی هێنـاوە، بەمەبەسـتی خزمەتكردنـی كەسـایەتییە گرنگەكـان و لە هەمـان كاتـدا بـۆ بەكولتـووركردنی هـونەری پەیكەرسـازی و جـوانكردنی نیشـتمان، ئەركـی دروسـتكردنی چەندین پەیكەری گرتووەتە ئەستۆ، لەوانەی من ئاگادارم ئاماژە بەهێندێكیان دەدەم.

### ١. نالی شاعیر:



کاتێک خەونی بیرۆکەی دروستکردنی پەیکەری "نالی" لای "چێنەر نزار"ی پەیکەرساز گەڵاڵە دەبێت "د. تەها ڕەسووڵ" لەو بیرۆکەیە ئاگادار دەکرێت، "دکتۆر تەها ڕەسووڵ"یش بۆ هێنانەدی خەونی چێنەری پەیکەرساز و گێڕانەوەی خەندە بۆ پارکی نالی، ئەو پارکەی کە بە ناوی شاعیری گەورەی کورد "نالی"یەوە ناونرابوو لە نێوەندی شاردا، بەڵام پەیکەری "نالی" لەئامێز نەگرتبوو، هەروەها بۆ نەمری مانەوەی و بەرزڕاگرتنی ئەو کەسایەتییە، کە دامەزرێنەری خوێندنگای شیعری بابانە و یەکێکە لە بەناوبانگترین شاعیرانی شێوەزاری کوردی ناوەند، دکتۆر تەها لە ڕێگای "کۆمەڵگای پەروەردەیی مارگرێت"ەوە بەشانازییەوە ئەرکی دروستکردنی ئەو پەیکەرە دەخاتە ئەستۆی خۆی و نەوەی گوندی "خاک و خۆڵ"ی دەشتی شارەزوور لە ناوەندی شاری سلێمانیدا بەرز ڕادەگرێت، پەیکەری ناوبراو بەبنکەکەیەوە دوو مەتر و ٨٠ سانتیم بەرزەو بە برۆنز ڕووپۆش کراوە.

## ٢. مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار:




وەک دەزانین مامۆستا "ئیبراهیم ئەمین باڵدار" یەکێک بووە لە پێشەنگ و ڕابەرە دیارەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن، داهێنەری یەکەم پرۆگرامی خوێندنی کوردییە، لە ساڵی (١٩٤٨)دا کتێبی ئەلفوبێیەکی نوێی بۆ فێرکردنی زمانی کوردی داناوە و دەستنووسەکەی ناردووە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی و لەوێ لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە دوای پەسندکردن نێردراوە بۆ شالیارێتی پەروەردە لە بەغداد، ڕێکخراوی وینسکۆش لە ساڵی (١٩٥١)دا پەسندی کردووە و چاپکردنەکەی بەخۆی دەسپێرن، "د. تەها ڕەسووڵ" بۆ بەرزڕاگرتنی گیانی بێگەردی ئەو مامۆستا نەمرە، لە هەمان کاتدا وەک ڕێزلێنانێکیش بۆ ئەو خزمەتە گەورەیەی بەخوێندنی

کوردی کردووه، ئەرکی دروستکردنی پەیکەرێک بۆ ئەو مامۆستا ناودارە دەخاتە ئەستۆی خۆی، بۆ ئەو مەبەستەش خانمە هونەرمەندی پەیکەر ساز "ئاسۆز جاف" پەیکەرێکی شایستە بە سپۆنسەری "دکتۆر تەها" دروست دەکات، دەرئەنجام لەبەر دەم بەڕێوەبەرایەتی چالاکییە هونەرییەکانی قوتابخانەکان لە شاری سلێمانی پەیکەری مامۆستای ناوبراو دانرا، بەم کارەی "د. تەها ڕەسووڵ" بۆ هەتا هەتایە "مێژە نایابەکەی مام زۆراب و دارا دوو داری دی" لە لەبیرچوونەوە پاراست و بەزیندوویی لەنێوماندا هێشتەوە.

**٣. هونەرمەند "ئەحمەد مەحموود" ناسراو بە "ئەحەی خولە سنەیی"**



ئەحمەد شەماڵ: لە ساڵی ١٩٢٢ لە گەڕەکی سەرشەقام لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، نازناوی خولە سنەیی لە باوکییەوە بۆ ماوەتەوە، لەبەر ئەوەی لە ڕەسەندا باوکی خەڵکی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، ئەحمەد شەماڵ لەگەڵ باوکیدا هەر لە منداڵییەوە گەلێک کاری سەختی کردووە،

وەک شــوانی و حەمــاڵی و تــونچێتی، ژیــانی پڕاوپــڕ بــووە لە سەختی و ناخۆشی، لە ساڵی ١٩٥٣وە دەستی بەکاری هونەری کردووە، خاوەنی چەندین بەرهەمە، ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆی و ئەویندارى و سروشتی کوردستانی تێدا بەدی دەکرێت و زیاتر بەخۆشەویستی کاسبکارانی سلێمانی ناسراوە، "ئەحمەد شەماڵ" وێــڕای ســەختی ژیــانی خــۆی بەکەســێکی دەم بەپێکەنــین و قسەخۆش ناسراو بووە و خۆشەویستی خەڵک بووە، ناوبراو لە ڕۆژی ٣ی نیسانی ساڵی ١٩٩٧ لە شاری سلێمانی بە نەخۆشی دڵ کــۆچی دوایــی دەکــات و لە گــردی ســەیوان بەخــاک دەسپێردرێت، لەبەر ئەوەی پەیکەرساز "چێنەر نزار" لە گەڕەکی سەرشــەقام گەورە بــووە و هونەرمەنــدی نــاودار "ئەحــمەد شەماڵ"یش کوڕی هەمان گەڕەک بووە، بیرۆکەی دروستکردنی پەیکەرێــک بــۆ "ئەحــمەد شــەماڵ" لای پەیکەرســازی نــاوبراو دروست دەبێت، بۆ ئەنجامدانی ئەو بیرۆکەیە پەیوەندی بە "د. تەها ڕەسووڵ"ەوە دەکرێت، ئەویش دیارە بەئاگا بووە لەوەی ئەم هونەرمەندە نزیکەی نیو سەدە بەئاوازێکی غەمگین خزمەتی هونەری کوردی کردووە و ٦٧ گۆرانی تۆمار کراوی هەیە، لە هەمان کاتدا وەک پێویست هیچ خزمەتێکی نەکراوە و تیشک نەخراوەتە سەر ژیان و بەرهەمەکانی، لەبەر ئەوە بڕیار دەدات ئەرکــی دروســتکردنی ئەو پەیــکەرە بخــاتە ئەســتۆی خــۆی، دەرئەنجام لە٤ی نیســانی ٢٠١٦ لە پارکێکی گەڕەکی چوارباخ پەیکەری ناوبراو دادەنرێت و ناوی نەمری و پەیکەرەکەی بۆ هەتاهەتایە بە سەربڵندی دەمێنێتەوە.

ئیــدی پێویســت نیــیە لە دانیشــتنەکانماندا؟ هەمــوو جارێــک لەدوای گوتنەوەی "لە شــەقامی سەرشــەقام خــوار حەمــامەکەی

نــوری- یەکەم کــۆڵان بەدەســتی چەپــا نزیکــی ئەگەر دووری" هەمــووان سوپاســی کەســایەتی نیشــتمانی و کولتــوور پەروەر دکتۆر تەها ڕەسووڵ بکەین؟

### ٣. مستەفا مەلا عەزیز:




مستەفا مەلا عەزیز ناسـراوە بە مسـتەفا پاشـای یامولکی لە ساڵی ١٨٦٦ لە گەڕەکی گۆیژەی شـاری سلێمانی لە دایک بووە و لە سـاڵی ١٩٣٦ کـۆچی دوایـی کـردووە و لە گـردی سـەیوان نێژراوە، ناوبراو کەسایەتییەکی دیاری مێژوویی بووە، لە هەمـان کاتدا ڕۆژنامەنووسێکی ناودار و سەرنووسەری گۆڤاری ڕۆژی کوردسـتان بووە، کاتێـک شـێخ مەحمـوودی حەفید لە ئەیلوولی ١٩٢٢ دەگەڕێــتەوە سـلێمانی و دەبێــتە مەلیکــی کوردســتان،

مستەفا پاشای یامولکی دەکاتە وەزیری مەعاریف، ئەویش خزمەتێکی زۆری خوێندن دەکات و چەندین قوتابخانە دەکاتەوە، ڕۆژنامەکەشی دەکاتە زمانحاڵی حکومەتەکەی ئەودەمە، کاتێک بیرۆکەی دروستکردنی پەیکەرێک بۆ ناوبراو لەلایەن "هاوکار عوسمان بەنا"وە دەوروژێت، وەک پێشنیارێک ئەو پرۆژەیە دەخرێتە بەردەم "د. تەها ڕەسووڵ" شۆڕە سواری بەکولتووورکردنی پەیکەرسازی و خوێندنەوە و هاوکاری و بەخشین، ئەویش وەک خۆی لە دانیشتنێکدا ئاماژەی پێ دا "مستەفا پاشای یامولکی" یەکێک بووە لەو کوردانەی لە سەرەتای سەدەی بیستدا ناوبانگی هەموو سنوورەکانی تێپەڕاندووە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ "مستەفا کەمال ئەتاتورک" دەرکردووە، تەنانەت بۆ مردنەکەشی شێوازی کوردانەی هەڵبژاردووە و ڕێگەی نەداوە بەعەرەبی تەڵقین بکرێت، لەسەر وەسیەتی خۆی تەلقینی بەکوردی دراوە، بەڵام ئێمەی کورد لەنێو خۆماندا گرنگییەکی ئەوتۆمان پێ نەداوە، لەبەر ئەو هۆکارانە "د. تەها ڕەسووڵ" ئەرکی دروستکردنی ئەو پەیکەرە دەخاتە ئەستۆی خۆی، لەدوای کارکردن لە ماوەی سێ مانگدا پەیکەرتاش "چێنەر نزار" بە بەردی کۆنی گەڕەکی مەڵکەندی بە شێوەیەکی تایبەت و ئەندازەیی پەیکەرێکی شایستەی بۆ دروست دەکات، لە ئێوارەی سێ شەمە ٢٠١٧/١٢/٥ پەردە لەسەر پەیکەری ناوبراو لابرا لە شەقامی سالم لەبەر دەم شارەوانی کۆنی سلێمانی.

### ٤. شەهیدی سەرکردە: عەتا محەمەد حاجی مەحموود:



ناوبراو ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی حیزبی سۆشیالیست بوو، لە سەنگەری بەرگریدا لە شاری کەرکووک لە میحوەری تەلوەرد، وەک لە گرتە ڤیدۆیەکدا تۆمار کراوە لەو کاتەی شان بە شانی باوکی دەجەنگێت، سەربەرزانە بەتەنیشت باوکییەوە شەهید دەکرێت، شەهیدبوونی عەتای کاکە حەمەی حاجی مەحموودی گوڵەخانە لای بەندە هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ شەهیدەکانی دیکە، بەڵام بەندە وەک کوڕی بەرپرسێک لە هەموو کوڕانی بەرپرسانم لا سەروەر و سەربەرزتر بوو، لەبەر

ئەوەی ئەو دەمەی شـــەهید بـــوو، بـــۆنی خـــاک و بـــاروت و نیشتمانی لێ دەهات، نەک بۆنی مارکە، شەهیدبوونیشـی زۆرێک لە کوڕانی بەرپرسان و خودی بەرپرسانیشی خڵتانی خەجاڵەتی کرد، من وەک خۆم هەر چەند هیچ پەیوەندییەکم بەو حیزبە و هیچ حیزبێکی دیکەوە نییە، بەڵام لەدوای شەهیدبوونی بەڕۆژێک گوتـــارێکم لەســـەر نووســـی و داوام لە بەرپرســـان و بەچـــکە بەرپرســان کـرد وەک کـاکە حەمە قوربـانی بەگیـانی خۆیـان و ڕۆڵەکانیـان بـدەن، وەک شـەهیدی نـاوبراویش پـێش پێشـمەرگە بکەون نەک پـێش کـامیرا، دیـارە بـەرگریی لـە خـاک و نیشـتمان لەلایەن ســەرکردەیەکەوە کە وەک پێشــمەرگە تەقــە بکــات و لە خۆڵدا بگەوزێت و شان بەشـانی کوڕە گەورەکەی لـە سـەنگەری بەرگریـدا بجەنگێـت و لـەتەنیشـتی خۆیـەوە ڕۆڵەکەی خـەڵتانی خـوێن بکرێـت، شایسـتەی ئەوەیە لەلایەن حکومەت و مـیللەتەوە ئەو هەڵوێســـتەی بەرز ڕابگیرێـــت، دیـــارە لەبەر ئەو هۆکـــارانە بیـرۆکەی دروسـتکرنی پەیکەرێـک وەک هەسـتێکی نەتەوەیـی و ئەرکێکـــی نیشـــتمانی و ڕێزلێنانێـــک لەلای "د. تەهـــا ڕەســـووڵ" دروسـت دەبێت، بەبـێ داواکـاری و ڕاسـپاردە سـەربەخۆ بڕیـار دەدات پەیکەرێک بۆ ئەو شـەهیدە نەمرە دروسـت بکـات، بۆ ئەو مەبەستە لەسەر ئەرکی "د. تەها ڕەسووڵ" پەیکەر تـاش "چێنەر نـزار" پەیکەرێکی شایسـتە بـۆ ئەو شـەهیدە دروسـت کـرد و لە گونــدی گوڵەخـــانەی دەڤەری شـــارەزوور، لە یـــادی ســـاڵانەی شەهیدا پەردە لەسەر ئەو پەیکەرە لا درا.

## ٥. شەهیدی قارەمان "شێخ محەمەد شێخ کەریم عیسا کەسنەزانی" ناسراو بە "حەمەڕەش"




ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی دەکات بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، لە ساڵی ١٩٧٨ خەباتی شار و شاخ پێکەوە گرێ دەدات و دەبێتە پێشمەرگە لە هەرێمی یەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، شەهید "حەمەڕەش" وێڕای پێنج جار برینداربوونی لە دەیان چالاکی و نەبەردیشدا بەژداریی ڕاستەوخۆیی کردووە، لە ئەنفالەکانیشدا هەزاران هاوڵاتی و پێشمەرگەی لە دەستی ڕژێم ڕزگار کردووە، یەکەم ڕەبیەش لە ساڵی ١٩٨٢ لەسەر جادەی "چەمچەماڵ_ سەنگاو" لە شۆڕشی

نوێـدا لەسـەر دەسـتی ئەم شـەهیدە و هـاوڕێ پێشـمەرگەکانی دەگیرێـت، لەدوای ئەنفـالە بەدناوەکـانی (١و٣)ش لەسـەر داوای خـۆی لە ناوچەکـانی گەرمیـان دەمێنێـتەوە، دواتـر دەبێـتە فەرمانـدەی هێزەکـانی پـارتیزانی لە گەرمیـان، لە ڕاپەڕیـنە مەزنەکەشـدا سەرپەرشـتیی ڕزگـارکردنی شـاری کفری دەکـات، پاشـان بۆ هاوکـاریی کـاک "عوسـمانی حـاجی مەحمـوود" بەرەو "دووز" دەڕوات، پاش ڕزگـارکردنی دووز لە ١٩٩١/٣/١١ لەسـەر جادەی نێوان دووز و تکریت بە گوللەی هاوەن بریندار دەکرێت، بەمەبەسـتی گەیانـدنی بـۆ نەخۆشـخانەی سـلێمانی هاوڕێکـانی بەرەو کفـری دەیـبەن، بەڵام لە ڕێگـای نزیـک "سـلێمان بەگ" دەکەونە بۆسـەیەکی "مجاهیدینی خەلق"ەوە و شـەهید دەکرێت.

بەنـدە ئاگـادارە لەوەی پێشـتر "د. تەهـا ڕەسـووڵ" نە شـەهید حەمەڕەش و نە بنەماڵەکەی دەناسی، بەڵام لە دانیشتنێکدا کاتێک "دکتـۆر عـومەر مـارف گـوڵ" بەوردی بـاس لە قارەمـانێتی و بەرخـودانی ئەو شـەهیدە سـەربەرزە دەکـات بـۆ دکتـۆر تەهـا، لە داستانی گرتنی بێتواتە و داسـتانی ڕزگـاری و داسـتانی قەیوان مـــاوەت و نەبەردی دۆڵەڕەق و نەبەردی زینـــانە، "د. تەهـــا ڕەسووڵ" وەک وەفایەک بۆ بەرز ڕاگرتنی خەباتی ئەو شـەهیدە و مـانەوە و پاراسـتنی نـاوی بە نەمـری بڕیـار دەدات ئەرکـی دروسـتکردنی پەیکەرێـک وپارکێـک بە نـاوی ئەو شـەهیدە سەربەرزە بخاتە ئەستۆی خۆی، دوای تەواوبوونی پەیکەرەکە لە گەڕەکـی شـێروانە نزیـک قەڵای شـێروانە پەیـکەری نـاوبراو دانرا، بەمەبەسـتی دروسـتکردنی پارکەکەش "دکتـۆر تەهـا" داری "باولونیا" لە دەرەی کوردستانەوە هاوردە دەکات بـۆ کـردنەوەی پارکێـک بە شـێوەیەکی سـەرنجڕاکێش بە نـاوی ئەو شـەهیدە قارەمـانەوە، بەڵام بـۆمێژوو بەرپرسـانی ئەو دەمەی ئەو دەڤەرە،

ڕێگر دەبن لە کردنەوەی ئەو پارکە بە ناوی ئەو شەهیدە قارەمانە سەربەرزەوە.

دەست خۆش دکتۆر تەها ڕەسوول بۆ ئەم هەڵوێستەت، بەڕاستی ئەمەیە هەستی نیشتمانی و هەستکردن بە بەرپرسیاریێتی بۆ بەرزڕاگرتنی گیانبەخشانی نیشتمان و مانەوەیان بەزیندوویی.

### ٦. ئەختەری ڕەشۆڵ:



ئەختەری ڕەشۆڵ ناوی "ئەختەر سالح ئەحمەد"ە ناسراوە بە "ئەختەری ڕەشۆڵ" لە ساڵی ١٩٢٩ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، هاوژینی ڕەوانشاد هونەرمەندی گۆرانی بێژ "ڕەشۆڵ عبداللە" بووە، لەکاتی هێنانەوەی تەرمی "شێخ مەحموودی

حەفید" بۆ شاری هەڵمەت و قوربانی لە ١٩٥٦/١٠/١٠ جەماوەریکی زۆر لەدەوری تەرمی شێخ مەحموودی حەفید کۆ دەبنەوە و داوای ئازادکردنی شێخ لەتیفی حەفید دەکەن، کە لە بەندیخانەی سەرەوەی ئەو دەمە بەند کرابوو، بەمەبەستی بەژداربوونی لە مەراسیمی بەخاکسپاردنی تەرمی باوکیدا، دەرئەنجام گرژی و ئاڵۆزی و پاشان خۆپیشاندانی لێ دەکەویتەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی نیگەرانی دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمەی ڕژێمی پاشایەتی، بەو هۆیەوە لەبەر دەرکی سەرا دەبێتە تەقە و ئەختەری جوانەمەرگ فیشەکێکی بەردەکەوێت و دەستبەجێ گیان لەدەست دەدات و شەهید دەبێت، بیرۆکەی دروستکردنی پەیکەرێک بۆ ئەو شەهیدە لەلای خزمانییەوە و بەڕێزان "سالار خوارەحم و هاوکار عوسمان" دروست دەبێت، بێگومان لەبری ئاگادارکردنی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەنجامدانی ئەم بیرۆکە جوانە، ئاگاداری "د. تەها ڕەسووڵ" دەکرێت، ئەویش لەپێناوی زیندووکردنەوەی مێژووی بەرخودانی کورد، لە هەمان کاتدا بۆ ناساندنی قارەمانێتی و شۆڕشگێڕی ژنی کورد لە مێژوودا، پاش ٦٣ ساڵ لە شەهیدبوونی، بڕیار دەدات لە ڕێگای "کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت"ەوە ئەرکی ئەنجامدانی ئەو بیرۆکەیە بخاتە ئەستۆی خۆی، دەرئەنجام پەیکەر ساز "چێنەر نزار" لە ماوەی سێ مانگدا لە هاڕاوەی بەرد، پەیکەرێکی شایستە دروست دەکات بە بەرزی زیاتر لە سێ مەتر بە بنکەکەیەوە، لە ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٤ لە بەردەرکی سەرا بەگوتنەوەی سروودی ئەی ڕەقیبەوە پەردە لەسەر پەیکەری ناوبراو لا برا.

### ٨. پرۆفیسۆر دکتۆر جەمال نەبەز:



دکتـۆر جەمـال نەبەز لە سـاڵی ١٩٣٣ لە گەڕەکـی گـۆیژەی شـاری سـلێمانی لە دایـک بـووە، نـاوی "جەمـالەدین تۆفیـق مەحمـوود"ە بە "جەمـال نەبەز" ناسـراوە، نـاو بـراو جـگە لە خوێنـدنی ئیسـلامی و دەرونزانـی و فیزیـا لە سـاڵی ١٩٥٤دا بڕوانـامەی بەکالۆریسـی لە بەشـی ماتماتیک لە زانکۆی بەغداد بەدەست هێناوە، لە شارەکانی (کەرکووک و هەولێر و بەغدا و بەسرا) وانەی گوتووەتەوە، لە ساڵی ١٩٦٢ چۆتە ئەورووپا بۆ تەواوکردنـی خوێنـدن، سـاڵی ١٩٧٠ بڕوانـامەی دکتـۆرای لە ڕۆژهەڵاتناسـی و پەروەردەی بەراوردکـاریی لە زانکـۆی هامبۆرگ بەدەست هێناوە، ساڵی ١٩٧٩ بڕوانامەی "دیپلۆم"ی لە بەشـی زانسـتە سیاسییەکانی زانکۆی بەرلین بەدەسـت هێنـاوە، بڕوانـامەی دکتـۆرای لە بـواری مێـژوودا وەرگرتـووە بەلێکـۆڵینەوەیەکی زانسـتی لەسـەر "میـر مـحەمەدی ڕوانـدز"، مـاوەیەکیش لە بەرلـین مامۆسـتا بـووە، دکتـۆر جەمـال نەبەز

یەکێک بووە لە سەرەکیترین دامەزرێنەری کاژیک و نووسەرانی کاژیکنامە، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە چالاکییەکانی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی "جواد مەلا " ناوبراو لە ١٢/٨/ ٢٠١٨ لە بەرلین کۆچی دوایی دەکات و لە ٢٢ هەمان مانگدا تەرمەکەی دەهێنرێتەوە شاری سلێمانی و لە گردی شێخ مارف بەخاک دەسپێردرێت، لەبەر ئەوەی هاوڕێی نزیکم کاک "دارا جلال سرۆچک" هاوڕێ دکتۆر "جەمال نەبەز" بوو لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکی پتەوی هەبوو لەگەڵ بنەماڵەکەیان، لەگەڵ "نیعمەت تۆفیق" خوشکی جەمال نەبەز و"دەوەن مەعروف" هاوڕێی جەمال نەبەز بەیەکەوە چووبوون بۆ فڕۆکەخانەی هەولێر بۆ پێشوازیی تەرمەکە، لەکاتی هێنانەوەی تەرمەکەدا من لە تاسلوجە لە پێشوازیی تەرمەکەدا بووم، ناو بە ناو پەیوەندیم بە کاک "دارا"وە دەکرد بۆ وەرگرتنی زانیاری، تا زانیاری بدەم بەوانەی چاوەڕوانی تەرمەکەیان دەکرد، بەتایبەت برا زەردەشتییەکان لە مزگەوتی "ئەحمەدی حاجی عەلی" چاوەڕوان بوون بۆ ئەنجامدانی پێشوازییەکی شایستە لە کاتی گەیشتنی تەرمەکەیدا، لەوێ چاوم بە "د. تەها ڕەسووڵ" کەوت، سەربەخۆ هاتبوو بۆ پێشوازی لە تەرمەکە، بەڵام دڵتەنگ بوو گلەیی دەکرد دەیگوت: "پێویست بوو ئێستا هەموو کورد لێرەدا لە پێشوازیی ئەم تەرمەدا بوونایە لەبەر ئەوەی "دکتۆر جەمال نەبەز" خزمەتێکی زۆری کوردی کردووە و خاوەنی خەرمانێکە لە بەرهەمی زانستی و زمان و ڕۆژنامەگەری و مێژوویی، لە هەمان کاتدا ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی بیر و هۆشیاری نەتەوەییدا" هەر لەو پێشوازییەدادکتۆر تەها باسی لەوە کرد کە بەنیازە پەیکەرێکی شایستە بۆ "دکتۆر جەمال نەبەز بکات"، لە هەمان کاتدا وتی بیر

لەوە دەکەمەوە گەر بوار بڕەخسێت هەموو کتێبەکانی کۆ دەکەمەوە و بە شێوازێکی جوان لە چاپیان دەدەمەوە، پاش ماوەیەک پەیکەر ساز "چێنەر نزار" لەسەر داوا و ئەرکی "د. تەها ڕەسووڵ" پەیکەرێکی شایستەی بۆ زمانزان و مێژوونووس و نووسەری کورد "پڕۆفیسۆر د. جەمال نەبەز" دروست کرد.

**(سەرنج: لەکاتی ئامادەبوونم لە مەراسیمی پەردەلادان لەسەر پەیکەری ناوبراوتێبینیم کرد لەبری ناوی "د. تەها ڕەسووڵ" وەک سپۆنسەر، ناوی کەسێکی دیکە نووسراوە، دوای بەدواچوون و دڵنیابوونم بە بەڵگەوە، دەرکەوت ئەو پەیکەرە لەسەر ئەرکی "د. تەها ڕەسووڵ" دروست کراوە و ناوێکی دیکەی لەسەر نووسراوە، پاش ماوەیەک لە دانیشتنێکدا لە دکتۆر تەهام پرسی ئەویش دووپاتی کردەوە ئەو پەیکەرە لەسەر ئەرکی خودی خۆی ئەنجام دراوە، دوای ئەوە پێم گوت و لەبری ناوی تۆ ناوێکی دیکە نووسراوە، لە وەڵامدا گوتی: ئەوە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئەوەی من ویستوومە و مەبەستم بووە ئەنجام بدرێت و بە ئەرکی سەرشانی خۆم زانیووە بۆ ئەو پیاوە مەزنە ئەنجام دراوە، جا بە ناوی هەر کەسێکەوە بێت بۆ من کێشە نییە. ک.ک.)**

من لێرەدا بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بە گەورەیی ئەم هەڵوێستە جوانەی "دکتۆر تەها ڕەسووڵ" نادەم... تەنها بۆ ئێوەی ڕۆشنبیریی بەجێ دەهێڵم.


Chenar Nzar چێنەر نزار
٨ دیسمبر ٢٠١٨ ·
پەیکەرێک بۆ پرۆفیسۆر دکتۆر جەمال نەبەز :
لەپای ئەو تەمەنە پڕ لە خزمەتەی بۆ ئەدەبیات و زمانەوانی کوردی ، لەسەر داوا و لەسەر ئەرکی بەڕێز دکتۆر تەها رسول و کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت بڕیارمان دا پەیکەرێکی شایستەی بۆ بەئەنجام بگەیەنین بەهیوای بتوانین خزمەتێک بەو کەسایەتیە پڕ جوانیە بکەین.

## ٩. دکتۆر جەمال ئەحمەد ڕەشید:




دکتۆر جەمال ئەحمەد ڕەشید، کەسایەتییەکی خۆشەویست و ناسراوی شاری سلێمانی بووە، سەرەڕای چارەسەرکردنی منداڵان لە هەمان کاتدا بەڕوویەکی خۆشیشەوە پێشوازی و مامەڵەی لەگەڵ دەکردن، لەبەر ئەوە بە باوکی منداڵان ناسرابوو، "دکتۆر جەمال ئەحمەد ڕەشید" یەکێک بوو لەو پزیشکانەی بە هۆی زیرەکی و هەڵوێستی جوانیوە نازناوی پزیشکی پرشنگی لێ نرابوو، ناوبراو لە ساڵی ١٩٤٥ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٦٨ کۆلیژی پزیشکیی تەواو کردووە، لە ساڵی ٢٠١٨ لە ئەڵمانیا بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد، "د. جەمال

ئەحمەد ڕەشید" لە یەکێک لە چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکانیدا باسی لەوە کردووە کرێکارێک ڕۆژێک تا ئێوارە کار دەکات و عارەق دەڕێژێت، تەنها بیست هەزار دینار وەردەگرێت، پرسیویەتی ئایا دەکرێت ئێوارە ئەو بیست هەزار دینارە بداتە پزیشکێک کە تەنها بۆ چەند خولەکێک سەیری منداڵە نەخۆشەکەی دەکات! بۆ ئەو مەبەستە و لەبەر هەمان هۆکار نرخی نۆرینگەگەی کردبوو بە پێنج هەزار دینار، لە کاتێکدا بەیاسای سەندیکای پزیشکان دەیتوانی بیست هەزار دینار وەربگرێت، پێش کۆچی دوایی ئەم مرۆڤە مەزنە بیرۆکەی دروستکردنی پەیکەرێک بۆ بەڕێزی لەلای "هاوکار عوسمان" دروست دەبێت، لەگەڵ پەیکەر ساز "چێنەر نزار" دەچنە سەردانی و بیرۆکەی کارەکەیانی بۆ باس دەکەن، بەڵام بەڕێزی ئەو دەمە ڕازی نابێت و دەڵێت: "من لەو ئاستەدا نیم پەیکەرم بۆ دروست بکرێت" لەپاش کۆچی دوایی "دکتۆر جەمال ئەحمەد ڕەشید"..... "د. تەها ڕەسووڵ" بۆ خزمەتکردنی نیشتمان و بەرزڕاگرتنی هەڵویستی ئەم پزیشکە مەزنە تا هەمووان بە ڕێچکەی کاری چاکەکاری ئەم خۆنەویستەدا بڕۆن و نەهێڵت ئەم ڕێچکەیە کوێر بێتەوە، سەربەخۆ بڕیار دەدات بە دروستکردنیپەیکەرێک بۆ ئەو مرۆڤە مەزنە، بۆ ئەو مەبەستە پەیکەر ساز "چێنەر نزار" ماوەی هەشت مانگ بەردەوام دەبێت لە کارکردن بە بەردی هاڕاو تاپەیکەرێکی شایستە دروست دەکات بۆ بەڕێزی، لەدوای تەواوبوونی پەیکەرەکە لە ڕۆژی ٢٠١٩/١٠/١٢ لەبەر دەم نەخۆشخانەی "د. جەمال ئەحمەد ڕەشید" پەیکەرەکە دانرا.

## ١٠. خاتوون میخائیل یونان، ناسراو بە خاتوونەی سستەر:




خاتوونەی سستەر لە ساڵی ١٩٢٤ لە گوندی "سنات"ی قەزای زاخۆ لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٤٣ خوێندنی پەرستاری لە شاری بەغداد تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٥٢ دوای نۆساڵ لە خزمەتی پەرستاری لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، هاتووەتە شاری سلێمانی، ئەو دەمە یەکەم ژن بووە لە سلێمانی بڕوانامەی مامانی هەبووە بەفەرمی، زۆرێک لە نەوەکانی ئەودەمە لەسەر دەستی ئەم خاتوونە لە دایک بوون وەک نموونە بەندە، ناوبراو بە جۆرێک تێکەڵی خەڵکی شار بووبوو، خۆی بەیەکێک لەوان دەزانی، ئاشنایەتی و دۆستایەتییەکی زۆری لەگەڵ خەڵکی سلێمانی هەبوو، لەگەڵ گەنجێکی

کریستیانی بە ناوی "یوسف لیۆن" هاوسەرگیریی دەکات و سێ کچ و کوڕێکی دەبێت بەم ناوانە "ڕیاز و فریال و نورهان و مارگرێت" ناوبراو لەدوای پتر لە پەنجا ساڵ لە خزمەتی شاری سلێمانی و خزمەتی پەرستیاری لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا لە ٢٠٠٢/١١/١٦ ماڵئاوایی لە توێژی پەرستیاری و نەخۆشخانە و نیشتمان دەکات و لە نزیک گۆڕی "ڕیازی" کوڕی لە گۆڕستانی کریستیانییەکان لە سلێمانی بەخاک دەسپێردرێت، خاتوونەی سستەر مۆمێکی درەوشاوەی شاری سلێمانی بووە و توانیویەتی هەزارەها پەرستیاری دڵسۆز پێ بگەیەنێت، ئەمە جگە لەوەی چەندین جار شەوانە بەدزی ڕژێمی ئەودەمەوە بە ناوی مامانییەوە ڕۆیشتووە تیماری پێشمەرگەی بریندار کردووە، بۆ بەرزڕاگرتنی ئەو هەڵوێستانەی و نەمردنی ناوی "د. تەها ڕەسووڵ" لە ڕێگای "کۆمەڵگای پەروەردەیی مارگرێت"ەوە ئەرکی دروستکردنی پەیکەرێک دەخاتە ئەستۆی خۆی، بۆ ئەو مەبەستە هونەرمەندی پەیکەر ساز "چێنەر نزار" پەیکەرێکی شایستەی بۆ دروست دەکات و لە ڕۆژی دووشەمە ٢٠١٨/٨/١٣ لەبەر دەم نەخۆشخانەی منداڵبوون پەیکەرەکەی دادەنرێت.

**(سەرنج: ئەو پەیکەرانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ داون هەر هەموویان لە مەراسیمی شایستەدا لە بۆنە و یادەکاندا بە ئامادەبوونی بەرپرسان و کەسایەتییە ناسراوەکان و جەماوەرێکی زۆر پەردەیان لەسەر لادراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دکتۆر تەها ڕەسووڵ ئەنجامدانی ئەو کارانەیبە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیووە و نەی ویستووە وەک کەسێکی چاکەخواز خۆی نمایش بکات، بەژداریی ئەو بۆنانەی نەکردووە. ک.ک.)**

هەر چەنــد زانیــاریی تەواوم نیــیە لەســەر هەمــوو ئەو پەیــکەرانەی "د. تەهــا ڕەســووڵ" ئەنجــامی داون، بەڵام گەر بەوردی ئاماژە بەو پەیکەرانە بدەم کە زانیاریم هەیە لەسەری ئەوە کاتێکی زۆری دەوێت و ڕەنگە کاتێکی زۆریش لە خوێنەر بگرێت، لەبەر ئەوە بەداوای لێبوردنەوە تەنها ئاماژە بە ناوی هێندێک لەو پەیکەرانە دەدەین کە "د. تەها ڕەسووڵ" ئەرکی دروستکردنی گرتوونەتە ئەستۆ بەبێ ڕوونکردنەوە.

١. پەیکەری شاسوار جەلال سەعید، سەرکردە دیارەکەی کۆمەڵە، ناسراو بە شەهید ئارام.






٢. پەیــــکەری ئـــازاد عبدوالمجید عەبـدولغەفار، ســــەرکردەی خـــاکی و ڕوونـــــاکبیر و هـــــونەر پەروەری گەلەکەمــــــان، ناسـراو بە شـەهید "ئـازاد هەورامی".



٣. پەیــکەری شــێرکۆ بــێکەس، یەکێـک بـوو لە شـــــــاعیرە گەورە و ناودارەکـــانی کـــورد و جیهـان، مـاوەی زیـاتر لە نیـو سـەدە بە شـیعرەکانی خزمەتـــی بە هـــونەری کـــوردی و مرۆڤـــایەتیی کردووە.




٤. پەیکەری وەلید کـــوڕی کوێخـــا مـــحەمەد، هـــۆنراوە نووســـێکی کـــوردی ســـەدەی هەژدەهەم بـــووە، سەرمەشـــقی شـاعیرانە لە شیعری نائومێـــــــــدی و کـــــــڕوزانەوەدا، بە "وەلـــی دێـــوانە" ناسراوە.



٥. پەیـــــکەری ئەحـــمەد حەســـەن عەزیـــــــز بەگ، شــاعیرێکی ڕەوتــی نـــوێی شـــیعری کـــــــــوردی و تێکۆشـــــــەرێکی نـاوداری کوردسـتان بــــــــووە، وەک ئەســـــــتێرەیەکی درەوشـاوە هەمیشـە بەسەر ئاسمانی شیعر و ئەدەبی کوردییەوە دەدرەوشێتەوە، بە "ئەحمەد هەردی" ناسراوە.

٦. پەیکەری عەبدوڵڵا بەگی سلێمان بەگ، شاعیر و ڕۆژنامەوان و چالاکەوانێکی سیاسیی کوردە، لە هەمان کاتدا یەکەم شاعیری نوێی کوردە کە شێوازی عەروزی عەرەبی لە




شیعری کوردیدا لابردووە و بە شێوازی فۆلکلۆری کوردی هۆنراوەی نووسیووە، ناوبراو ناسراوە بە "گۆرانی شاعیر و عبدوڵڵا گۆران".

دکتۆر تەها ڕەسووڵ چەندین پەیکەری دیکەی ئەنجام داوە لە شار و شارۆچکەکانی ئەم نیشتمانە، وەک پەیکەری ئەندازیار "حەسیب ساڵح" و کاک "ئەنوەری دارتاش" و پەیکەری "پاشای کۆرە" و"ئارین میرکان" و... تاد. وە پێدەچێت چەندین پەیکەری دیکەی ئەنجام دابێت و ئێمە بێئاگابین لێی، لە هەمان کاتدا

چەندین پەیکەری نۆژەن کردووەتەوە لەسەر ئەرکی خۆی وەک پەیکەری "زەکیە ئەلکان" و پەیکەری "چنار و هێمن" و... تاد. هەروەها بڕیاری داوە لەسەر ئەرکی خۆی پەیکەر بۆ ئەم بەڕێزانەش دروست بکات، دەست بە بەشێکی ئەم کارانە کراون و هێندێکیشیان لە قۆناغی تەواوبووندان.

١. ژەنەڕاڵی پایز
٢. سیاسەتمەدار بەهادین نوری
٣. محەمەد ئەمین زەکی بەگ
٤. ژنە شاعیری کۆچکردوو کەژاڵ ئیبراهیم خدر
٥.شەهید عبدولخالق مەعروف
٦. کەریمی ئەلەکە
٧. عەبدوڵڵا پەشێو
٨. جونەمەرگ عەتا چاوشین
٩. فەقێ ئەحمەدی دارشمانە
١٠. شاعیری ناسراو ع.ع. شەونم
١١. کەمالی شاعیر
١٢. پەیکەری ڕێز و وەفا بۆ هونەرمەندی نیشتمانپەروەر ئەحمەد کایا.

بەڕێزان ئەو کارانەی "د. تەها ڕەسووڵ" ئەنجامی داون، لەم بەشەدا ئێمە ئاماژەمان بە هێندێکیان داوە، واتە زۆر کەمترە لەوەی بەڕێزی ئەنجامی داون، لە هەمان کاتدا، ئەو ستایشەی ئێمە کردوومانە زۆر کەمترە لەو ستایشەی شایستەیەتی بکرێت،

لەبەر ئەوە ناچار پەنا دەبەمە بەر گوتارێکی بەڕێز کاک ئاریان لە ژمـــارە (٧٨٠٣)ی ڕۆژنـــامەی "کوردســـتانی نوێـــدا" بـــڵاوی کردووەتەوە لەسەر "د. تەها ڕەسووڵ" بە ناوی "باوکی پەیکەر" کە پێدەچێت ئەو بەڕێزە خوێندنەوەیەکی جوانتر و شایستەتری کردبێت بۆ هێندێک لە کارەکانی، ئەمەش بەشێکە لە گوتارەکە.




# باوکی پەیکەر

**ئاریان**

لە دەروازەی هەر پارکێک و لە شەقامی گشتی هەر شارێکدا ناوی لەسەر پەیکەری پاڵەوانێکی نەتەوە، سیمبولێکی نیشتمان هەڵکۆڵراوە، "د.تەها ڕەسووڵ" نەسلێکی ناوازەیە کە ئولفەتی بەوەوە گرتووە بۆ ئەوانی دیکە بژی، ئەو پیاوە "مارگرێت"ی زیندوو کردەوە و لە ڕێگەی کتێبەوە ڕۆحی کردەوە بە بەر "جەمال عیرفاندا"دا، چاپکراوەکانی "جەمیل ڕۆژبەیانی" کردەوە کانگای گەوهەری مێژوو، ناوی "شێخ عەلی کەشکۆڵی" خستە سەر نەخۆشخانەیەک، پەیکەری "نالی" گەڕاندەوە پارکەکەی

خۆی، "مەحوی و سالم و کوردی" بە نیشتمانی خۆیان شاد کردەوە، لە پێناو بەخشینی شکۆی پتر بە تێکۆشانی نەتەوە "زەکی ئەلکان"ی نوێ کردەوە و "بێریتان"ی خستە یادەوەریمانەوە و "ئارین میرکان"یشی کردە پەیکەر، ئەو پیاوە بە سپۆنسەرکردنی پەیکەری "ژنە شەرڤان"ی ڕۆژئاوا، کە گوزارشتە لەو جەنگە پیرۆزەی کچانی ڕۆژئاوا لە پێناو مرۆڤایەتیدا دەیکەن، نیشانی دا کە لە جوگرافیای باشووردا کەسێک هەیە چیرۆکی بەرخودانی ئەوان بۆ داهاتوو بگێڕێتەوە، ئەو جوامێرە لەپەنا دروستکردنی پەیکەرەکەی "شەهید ئارام" یادەوەری شۆڕە سوار و جوامێرێکی یەکێتی و کوردایەتی بۆ هەمیشە دەهێڵێتەوە، سەرباری دەیان پەیکەری دیکە لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان وەک هێمای کاریگەری ئەو کەسایەتییانە بەناوچەکانی خۆیان بەخشراون، ماوەی ڕابردووش لە کردەیەکی چەپەڵدا کۆڕشکێنەکانی تاریکی پەلاماری مەزاری مێژوو نووسی کورد "ئەمین زەکی بەگ" دەدەن و دەیشکێنن، دیسانەوە ئەو پیاوە ئەرکی نۆژەنکردنەوەی دوامەنزڵی دەگرێتە ئەستۆ، ئیستاشدوا بەخششی خۆی سپۆنسەرکردنی پەیکەرێکی ناوازەی شەهید "ئازاد هەورامی"یە، لەڕاستیدا باوکایەتیکردنی "د.تەها ڕەسووڵ" بۆ پەیکەری کەسێتییە ناودارەکانی مێژووی ئێمە، لە دۆخێکدا کە بە هۆی قەیرانی دارایی و خەمساردی دامەزراوە فەرمییەکانی ئەو وڵاتەوە کەس لایان لێ ناکاتەوە، جێی ڕێز و ستایشە، چونکە ئیدی لەسایەی جوامێری ئەو پیاوە، مێژوومان، ڕابردوومان، پاڵەوان و زانا و داناکانمان هەمیشە لە ڕێی پەیکەرەکانیانەوە لە نێو یاد و یادەوەریماندا دەمێننەوە.

# قۆرخكاری بە ناوی كاری خێرخوازییەوە بۆ بەرژەوەندیی تایبەت

پێویستە ئێمە زۆر بەوردی بڕوانینە ئەو كارانەی بە ناوی كاری خێرخوازییەوە یا نیشتمانپەروەرییەوە ئەنجام دەدرێن، دروست وایە ژیرانە هەڵسەنگاندنی بۆ بكەین و لە یەكدیان جیا بكەینەوە لەگەڵ ئەو قۆرخكارییانەی دەكرێن لەلایەن هەلپەرستانەوە بۆ ناساندن و ناوبانگدەركردن و بەدی هێنانی مەرامی تایبەت بە ناوی كاری خێرخوازییەوە لەسەر هەست و دەروونی خەڵكی، بۆ ڕوونكردنەوە و گەیشتنی ئەو پەیامەی مەبەستمە، پێم باشە هەڵسەنگاندن و بەراوردێك بكەم لەسەر كارێكی خۆم و دروستكردنی مزگەوت و بەخشینێكی دكتۆر تەها ڕەسووڵ.

زۆرن ئەو كارانەی "د. تەها ڕەسووڵ" ئەنجامی داون بۆ جوانكردنی ئەم نیشتمانە بەبێ چرپە و خۆدەرخستن و قۆرخكاری، بۆ نموونە لێرەدا ئاماژە بەكارێكی دەدەین پێم وایە زۆرێك بێئاگان لە ئەنجامدانی ئەو كارەی... لەدوای ئەوەی بەڕێزێك لە ڕۆژنامەی "كوردستانی نوێ"دا گازندەی نەبوونی بنكەی تەندروستی دەكات لە گوندی "بێستان سوور"ی بچووك لە ناحییەی عەربەت، دكتۆر تەها بە هۆی پەیوەندییەكی كۆمەڵایەتییەوە سەردانی ئەو گوندە دەكات و دروستكردنی بنكەیەكی تەندروستی لەو گوندە دەخاتە ئەستۆی خۆی، لەدوای تەواوبوونی پڕۆژەكە، دكتۆر تەها لەبری ئەوەی ئەو بنكە تەندروستییە بكات بە ناوی خۆیەوە یا بە ناوی بنەماڵەكەیانەوە، دەیكات بە ناوی سەركردەیەكی قارەمانەوە، كە ٤٤ ساڵ لە ڕیزەكانی كۆمەڵە خەباتی كردووە و شەرەفی بەشداریكردنی

هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی پێ بڕاوە، ٣٩ ساڵیش وەک فەرماندە و سەرکردەیەکی نموونەیی بێ دابڕان خەباتی کردووە، ئەویش "مەحموود عبدالرحمن عبدالقادر"ە ناسراوە بە "خولە کەشکۆڵ".




من بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم کارە چاکخوازیە بێ مەرامەی "د. تەها ڕەسووڵ" کە تەنها مەبەستی خزمەتکردنی نیشتمان بووە نەک مەرامێکی تایبەت، باس لە کاری بەناو خێرخوازیی هێندێک لە دەوڵەمەندەکان ناکەم، کە کاتێک بنکەیەکی تەندروستی یا هەرکارێکی دیکە دەکەن، لە سەرەتای دەستپێکردنی پڕۆژەکەیانەوە تا تەواوبوونی چەندین جار و لە هەموو قۆناغەکانیدا وێنەی لەپاڵدا دەگرن و لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە بڵاوی دەکەنەوە داوتریش دەیکەن بە ناوی خۆیانەوە یا بە ناوی بنەماڵەکەیانەوە، من بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم کارەی دکتۆر تەها ئاماژە بە کارێکی بە ناو چاکخوازی خودی خۆم دەدەم هەر لەو دەڤەرەدا و لە هەمان ساڵدا، ڕاستگۆیانە لە بەهای کارەکەی خۆم کەم دەکەمەوە لە ئاست ئەم بەخشینە بێ مەرامەی "د. تەها ڕەسووڵ"دا.  لە هەمان ئەو ساڵەی ئەو بنکە تەندروستییە دروست کرا ساڵی ٢٠١٣ چەندین خێزانی کوردی کوردستانی ڕۆژئاوا لە سووریاوە ئاوارەی کوردستانی باشوور بوون، دەرئەنجام حکومەتی هەرێم لە کەمپێکدا لە ناحییەی عەربەت جێگیری کردن، بەندە بە ناوی خەمخۆری و هەستکردنمان بە ئەرکی نەتەوەیی و دڵدانەوەی ئەو برا ئاوارانە، نیوەڕۆ

خوانێکمان به ناوی بەرهەمەکانی "زەیتونی ئاوا" بۆ سەرجەم دانیشتووانی ئەو کەمپە ئامادە کرد بەئاگاداری بەڕێوەبەری ناحیەی ئەو دەمەی عەربەت "حاکم هۆشیار مستەفا" و بەرپرسانی ئەو ناوچەیە، کە بریتی بوو لە پەردە پلاو و شلەی ترخێنە و چەندین خواردنی دیکەی کوردەواری و شیرینی و هەموو جۆرە میوەکانی ئەو وەرزە، لەگەڵ بەخشینی چەندین یاری منداڵانە لە بوکەشووشەوە تا دوو چەرخە، بەڵام وەک پڕوپاگەندەیەکیش بۆ کارگەکەمان لەسەر دیارییەکانمان نوسیبوو "دیاری بەرهەمەکانی زەیتونی ئاوا" بۆ ناساندنی بەرهەمی کارگەکەمان بە ناوی ئەو کارە خێرخوازییەوە، لە هەمان کاتدا هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەکانمان بانگهێشت کرد، ئەوە بوو بۆ چەند ڕۆژێک زۆرێک لە کەناڵەکان و ڕاگەیاندنەکان هەواڵی سەرەکییان ئاماژەدان بوو بەو کارە خێرخوازییەی ئێمە، لەڕستیدا ئەو کارەمان زیاتر کارێکی پڕوپاگەندەی بازرگانیی سەرکەوتوو بووە، نەک کارێکی خێرخوازی یا چاکخوازی وەک ئەوەی ئاماژەی پێ دەدرا.



هەواڵ | بیروڕا | گەلەری | چاوپێکەوتن | ئابوری | وەرزش | تەکنەلۆجیا | هەمەڕەنگ | ئەدەب و هونەر | ژنان | تاراوگە

سلێمانی.. نیوەڕۆخوانێك بۆ کوردانی رۆژئاوا

15:10:00 20/1/2013 Share Like 0 چاپ کردن

وەکو هەڵوێستێکی نیشتمانی و لە کارێکی خێرخوازیدا، هاووڵاتییەکی شاری سلێمانی نیوەڕۆخوانێکی کراوەی بۆ سەرجەم دانیشتووانی کەمپی ئاوارەکانی سوریا لە عەربەت رێکخست.

وەکو هەستکردن بە ئەرکی هاونیشتمانی و دڵدانەوەیەك بۆ ئاوارەکانی سوریا، کە ئێستا لە پارێزگای سلێمانین، هاووڵاتی کارزان کۆیی کە دانیشتووی شاری سلێمانییە، نیوەڕۆخوانێکی بۆ سەرجەم دانیشتووانی کەمپی ئاوارەکانی سوریا لە عەربەت رێکخست و بە چەند جۆرێك خواردن بۆ هەموو خێزانەکان نانی ئەو رۆژە دابینکرابوو.

ئەم هەنگاوە وێڕای ئەوەی کارێکی خێرخوازییە، بووەمایەی خۆشحاڵی دانیشتووانی کەمپەکەو رایانگەیاند چ ئەم هەڵوێستەی ئەم برایەو چ کۆمەکی هاووڵاتیانی تر بۆمان، وایلێکردوین هەست بە غەریبی ناکەین.

جێی ئاماژەیە کەمپی ئاوارەکانی سوریا لە عەربەت زیاتر لە 400 هاووڵاتی کوردانی رۆژئاوا تێیدا نیشتەجێن.

PUKmedia

لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە بەوردی بڕوانینە ئەو کارانەی بە ناوی کاری خێرخوازییەوە یا نیشتمانپەروەرییەوە ئەنجام دەدرێن، دەبێت هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، بۆ نموونە: ئەگەر "د. تەها ڕەسووڵ" مزگەوتی دروست بکردایە من ئەم هەڵوێستەم نەدەکرد لە سەری، وە ئەگەر لە دوا ڕۆژیشدا مزگەوتێک بکاتەوە من پۆزش بۆ خوێنەر دەهێنمەوە و دەڵێم: "بمانبورن دکتۆر تەها ڕەسووڵ ئەو کەسایەتییەی لەدەست دا کە ئێمە ئاماژەمان پێ داوە" چونکە مزگەوت دروستکردن نە کارێکی نیشتمانپەروەری و نە کارێکی خێرخوازییە، بەڵک و کارێکە بۆ دەستەبەرکردنی بەهەشت و چەند مەرامێکی تایبەت ئەنجام دەدرێت.

**(سەرنج: من لێرەوە بۆ مێژوو بەئەرکی دەزانم بڵێم ڕەوشت و بەخشینە بێمەرامەکانی"دکتۆر تەها ڕەسووڵ" و هەموو تەها ڕەسووڵە جوانەکانی ئەم نیشتمانەی کورد، بەکەریمی ئەلەکەشەوە، پێویستە بکرێنە پەیام و ڕێنمایی و فەرموودەی دروست و لە خوێندنگاکانا بخوێنرێن، بۆ هاندانی ئەنجامدانی کاری جوانی، لە هەمان کاتدا دەبێت هەڵوێستەکانیان بکرێنە نەمامی بەرخودان و لە ناخ و گیانی وەچەکانماندا بیاننێژین، تا کارەکانیان ببنە باخچەی سەروەری و نەوەی دواڕۆژیشمان بەرهەمی جوانی باپیرانیان تێدا بدرونەوە و سەیرانی سەربەرزی تێدا بکەن. نەک نەوەی داهاتووی بەکولتوور و فەرهەنگی عەرەبی دەشتەکی١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر ئاشنا بکەن. ک.ک.)**

# ڕۆژە ڕەشەکانی سەردەمی دڵەڕاوکێیی
# مەرگی کۆرۆنا و
# هەڵوێستەکانی دکتۆر تەها

**ئەو کارە مەزنانەی "د. تەها ڕەسووڵ" لەو ڕۆژە ڕەشانەدا ئەنجامی دان بە ناوی بەخشین و هاوکارییەوە، جگەلەوەی مێژوویەکی پڕشنگداری بۆ ڕەوشتی بەرزی تاکی کورد تۆمار کرد لە هەڵوێستی بەخشین و دەستگیرۆیی، لە هەمان کاتدا بێ هەڵوێستی و بێباکی و خەمساردی زۆرێک لە حیزبەکان و بەرپرسان و سەرکردەکان و سەرمایەدارانی ئەم هەرێمەشی خستە ژێر پرسیارەوە!**

ئەو کارانەی دکتۆر تەها لەوکاتە مەترسیدارەدا ئەنجامی دان بەتایبەت لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنادا، من پێم وایە "تەنها بەو پیاوە سپییانە دەکرێن کە بەبێ پلە و پۆست خۆشەویستی خەڵکن و لە ڕۆژانی ڕەشیشدا وەک ئەستێرە دەدرەوشێنەوە".

ئەو کارانەی دکتۆر تەها ئەنجامی دان بە ناوی دەزگای خێرخوازیی کەریمی ئەلەکەوە گەلەک زۆرن، ئاماژەدان و هەژمارکردنی هەموویان کاتێکی زۆر لە بەرێزتان دەگرێت و بەسەدان پەڕەش تەواو نابێت، لەبەر ئەوە دەبێت هەمووان بمانبەخشن زۆر بەکورتی ئاماژە بەهێندێکیان دەدەین، بۆ

نمــوونه: هەر لە ســـەرەتاوە دەســـتی هاوکـــاری و کـــۆمەک و بەخشینی گەیاندە هەزاران خێزانی هەژار لە شار و شارۆچکە و گونـدەکانی کوردسـتان کە بە هـۆی ڤایرۆسـی کۆرۆنـاوە بێکـار بـوون و هـیچ سـەرچاوەیەکی دیـکەی بژێویـان نەبـوو، وەک لە ســـەرچاوەکاندا ئامـــاژەی پـێ دراوە لە ســـەرەتادا و لە مـــانگی یەکەمـــی ئەو ئافـــاتەدا کـــۆمەک و هاوکـــاریی گەیانـــدە زیـــاتر لە(٤٥٠٠) چوار هەزارو پێنج سـەد خێزانـی هەژار بەفەرمـی، هەر لەو دەمەدا و لەو ســاتە مەترســیدارەدا هاوکــاری و بەخشــینی سنووری هەمـوو شـار و شـارۆچکە و گونـدەکانی کوردسـتانی باشــووری تێپەڕانــد و هاوکــاریی گەیانــدە پارچەکــانی دیــکەی کوردسـتان، ئەمە جگە لەوەی چەنـدین کۆمەک و هاوکـاری بـۆ کـوردانی ئـاوارەی پارچەکـانی دیـکەی کوردسـتان دابـین کـرد لە کوردســـتانی باشـــوور کـــە لـــە کامپەکانـــدان، زۆرن ئەوانەی لەو ڕۆژە ســـەختانەدا ئاماژەیـــان بەهەڵوێســـتی جـــوانی ئەم مـــرۆڤە نیشتمانپەرستەدا داوە، لەوانە فۆتۆگرافەر و ڕۆشـنبیریی ناسـراو کاک "فایەق حەمە ساڵح عەلی" لە وتارێکیدا بەم شێوەیە بـاس لە هەڵوێســتێکی "د. تەهــا ڕەســووڵ" دەکــات ئـێمە بەکـورتکراوەیی وتارەکەی لێرەدا دەخەینە ڕوو.

# (سوپاس)

**فایەق حەمە ساڵح عەلی**

لە زەمەن و ساڵی کۆرۆنادا باس لە چۆنێتی هاوکاری و دەستگیرۆیی خێزانەکەمدەرامەت و هەژارەکانی ناو شار کرا، بەڕێزیان وتی: دەبێت هەموومان پێکەوە ئەم شەمەندەفەرە پاڵ پێوە بنێین و ئەگەر پێویستیش کات دەبێت ڕایبکێشین، فەرمووی لێ کردین و پێکەوە چوین بۆ عەماری خواردنەکانی و ٢٠٠ فەردە برنجی پێنج کیلۆیی بەخشی بە خێزانە هەژار و کرێچییەکانی سلێمانی و پێش هەموومان خۆی دەستی کرد بە بارکردنی برنجەکان، من و بێسارانی فۆتۆگرافەر و خانمی شانۆکار شایی و لاوکی کوڕم دەستمان کرد بە دابەشکردنی ئەو بڕە هاوکاری و یارمەتییە، لە گەڕەکەکانیسەرشەقام ، جوولەکان و خەبات بە هاوکاری لەگەڵ کاک کەریمی شووشەی ئەنجوومەن و کاک فەرەیدون، هەر خێزانێک دوو فەردە برنجی پێ بەخشرا سوپاس بۆ ڕێکخراوی خێرخوازیی کەریمی عەلەکە، سوپاس بۆ بەختیار سەعید، سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی هاوکارمان بوون.




زۆرن ئەو هاوکاری و دەستگیرۆیانەی دکتۆر تەها بەشاڵاو لەو دەمەدا بەخشی بۆ پاراستنی نیشتمان بۆ نموونە: هەر لە سەرەتاوە دەستی کرد بە هاوکاریکردنی نەخۆشخانەکان و ئەرکی دروستکردنی بەشێک لە تێچوی نەخۆشخانەکانی خستە ئەستۆی خۆی، وەک دروستکردنی نەخۆشخانەی قەڵا لە کەلار و دروستکردنی نەخۆشخانەی کۆیە، دربەندیخان، چەمچەماڵ، ڕەواندز و...تاد. وەک دەست پێشخەرییەکیش لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئەو ڤایرۆسەدا پەیوەندیی کرد بە پارێزگاری هەڵەبجەوە بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی هاوشێوەی کەلار و سلێمانی ئامادەیی و هاوکاریی خۆی خستە ڕوو، بە هەمان شێوە پەیوەندیی کردوە بە قایمقامی سۆران و کەسایەتییە دیارەکانی پشدەرەوە و ئامادەیی خۆی نیشان دەدات هەر کاتێک بڕیار لە دروستکردنی پڕۆژەیەکی لەو شێوەیە بدەن ئەو بەشێک لە تێچووی ئەو پڕۆژانە دەگرێتە ئەستۆ.

ئەمە جگە لەوەی هاوکاریی گەیاندە کارمەندانی چەندین فەرمانگەی خزمەتگوزاری حکومی و ناحکومی وەک هاندانێک بۆ

زیــاتر خزمەتکردنــی نیشــتمان لەو کــاتە مەترســیدارەدا، وەک بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی و نەخۆشخانەکانی تایبەت بە چارەسـەری نەخۆشـەکانی کۆرۆنـا و چەنـدین نەخۆشـخانەی دیـکە وەک نەخۆشـخانەی شـەهید شـەوکەتی حـاجی مشـیر لە سەیدســادق و نەخۆشــخانەی شــەهید ئاســۆ لە ســلێمانی... تاد.بەهەمـان شـێوە بۆ پاراسـتنی ژینگە، هاوکـاریی گەیانـدە ئەو گــرووپەی لەودەمەدا هاوکــاریی ئاژەڵەکــانی نــاو شــاری "سـلێمانی"یان دەکـرد، بە هەمـان شـێوە هاوکـاریی فەرمـانبەرانی پەروەردەی ســلێمانی کــردووە و لە ڕێگــای ســەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان لقـی "سلیمانی"شـەوە کـۆمەک و هاوکاریی بەخشییە ڕۆژنامەنووسان، بە هەمان شێوە هاوکـاریی کۆمەڵەی ئۆتیزمی کوردسـتان لقـی سلێمانی کـرد و هاوکـاریی بەخشییە کۆمەڵەی کورتە باڵاکانی سلێمانی و ڕێکخراوی هیـوای هەژاران و گرووپــی خێرخــوازیی شــاری کەرکــووک و ئەو گــرووپە خۆبەخشــەی هاوکــاریی بەشــی خزمەتگــوزاریی سـەرۆکایەتی شـارەوانی سـلێمانیان دەکـرد بـێ بەرامـبەر لەو دەمەدا،



هەر لەو کاتەدا بۆ بەرزڕاگرتنی هەڵوێستی ئەو قارەمانانەی بەرەو ڕووی پەتـای کۆرۆنـا بـوونەوە، بیـرۆکەی کلیپێکـی لا دروسـت دەبێـت وەک ڕێزلێنانێـک بـۆ ئەو بەرێـزانە، بـۆ ئەو مەبەسـتە ئەنجامـدانی کلیپـی "ڕێـز" بـۆ هونەرمەنـدی ناسـراو "لوقمـان سـەلیم"دەگرێتە ئەسـتۆی خـۆی، لە کـاتی نمایشـی کلیـپەکەدا سـتافی کلیـپەکە وەک ڕێزێـک سـەردانی پارێزگـاری سـلێمانی و قایمقـامیەت و شـارەوانی و پۆلیسـی هـاتوچۆ و تەندروسـتی دەکەن وەک ڕێزلێنـان و سـتایش بـۆ هەوڵ و ماندوبوونیان.

به هەمان شێوە بۆ بەرزڕاگرتنی هەڵوێستی ئەو قارەمانانەی شێر ئاسا بەگژ پەتای کۆرۆنادا چوونەوە بۆ جاری دووهەم بڕیار دەدات لەسەر ئەرکی خۆی سرووودێک بۆ هونەرمەند "جاسم ساز" بگرێتە ئەستۆ بە ناوی سرووودی "جەنگاوەرانی کۆرۆنا" دەرئەنجام سرووودێکی پڕ واتا و مانا بەرهەم دەهێنرێت لەکاتی گوتنەوەی سرووودەکەدا هونەرمەند و کۆرسەکە گوڵ بەسـەر کارمەنـدانی تەندروسـتی و هێزەکـانی نـاوخۆدا دەبەخشنەوە.

ئەوەی دکتـۆر تەهـا لەو کـاتە مەترسـیدارەدا ئەنجـامی دا لەڕاسـتیدا کـاری حکـومەت بـوو لەبەر ئەوە وەک پێویسـت ڕاگەیانـدنەکانی حکـومەت و حیزبەکـان گرنگییەکـی ئەوتۆیـان بەهەڵوێسـتەکانی نەدا، بەڵام بەرێـزەوە لەلایەن زۆرێـک لە ڕۆشنبیران و کەسایەتییە ناسراوەکانەوە ئەم هەڵوێستانەی بەرز نرخێنرا و چەندین وتاری لەسەر نووسرا، وە لەلایەن هەردوو ڕۆژنامـەنووس "ئاریـان محەمـەد و ئـاری عومـەر"ەوە

تویژینەوەیەکیان ئەنجام دا نزیکەی ٢٧٠ لاپەڕە لەخۆ دەگرێت تێیدا ڕومالّی هەژاری و برسیەتی و چاکەخوازی و ئەوپرسە مرۆییەی تێدا بلّاو کراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی "ڕێوی فڕیو میدیا و سۆشیال میدیا لە زەمەنی کۆڕۆنا"دا، تێیدا بەستایشەوە باس لە ڕێکخراوی خێرخوازی کەریمی ئەلەکە دەکات و وەک پالّەوانی دەورانی کۆڕۆنا وێنای دەکات.




وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، هاوکاری و دەستگیرۆی و هەلّوێستەکانی "د. تەها ڕەسوولّ" گەلەک زۆرن بۆ بەگژداچوونەوە و تێکشکاندی کۆرۆنا، بەئێستاشەوە لەکاتی

نووسینی ئەم بەشەدا ڕۆژانە کاری دیکە و هەڵویستی مەردانەی دیکە بۆ مێژووی کورد تۆمار دەکات لە بەخشین و هاوکاری و کاری مرۆڤانە، لەبەر ئەوە بمانبوورن ناکرێت لێرەدا ئاماژە بە هەموو هەڵوێستەکانی بدەین و ئاماژە بە ناوی هەموو ئەو شار و شارۆچکە و گوندانە و ڕێکخراو و کۆمەڵە و فەرمانگە حکومی و ناحکومییانە بدەین کە دەستی بەخشینی دکتۆر تەها ڕەسووڵ گەیشتوون پێی، لەبەر ئەوە زۆر بەکورتی لێرەدا ئاماژە بە هێندێکیان وەک نموونە دەدەین.

دکتۆر تەها ڕەسووڵ لە ڕێگای دەزگای خێرخوازیی کەریمی ئەلەکەوە کە هەر بەڕێزی سەرپەرشتی و ئەرکی بەڕێوەبردنی گرتووەتە ئەستۆ، بە مەبەستی هاوکاری و خزمەتکردنی هاولاتییان و خۆپاریزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا هاوکاریی چەندین نەخۆشخانە و شوێنی کردووە بە شێوەی جۆراوجۆر و زۆر جاریش هاوکارییەکانی لەو شوینانەدا دووبارە و چەند بارە بوونەتەوە لەوانە: "نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر هێمن، بانکی خوێنی سلێمانی، نەخۆشخانەی شۆڕش، نەخۆشخانەی شەهید ئاسۆ، نەخۆشخانەی شەهید تاهیر عەلی والی بەگ، نەخۆشخانەی قەلا لە کەلار، نەخۆشخانەی هەڵەبجە تایبەت بە کۆرۆنا، نەخۆشخانەی چەتری باوک، نەخۆشخانەی ڕەواندز، نەخۆشخانەی کۆیە، نەخۆشخانەی سۆران، نەخۆشخانەی چوارقورنە،بنکەی تەندروستی بازیان، نەخۆشخانەی شەهید پێشڕەو لە چەمچەماڵ،نەخۆشخانەی قەرەداغ ، نەخۆشخانەی زەڕایەن، نەخۆشخانەی ڕانیە، نەخۆشخانەی شۆڕش بەشی

ژنان، نەخۆشخانەی گشتی قەلادزێ، نەخۆشخانەی جمهوری لە کەرکوک... تاد."

ئەمە جگە لە هاوکاریی جۆراوجۆر و دابینکردنی پێداویستیی تەندروستی بۆ خۆپاراستن لە ڤایرسی کۆرۆنا بۆچەندین شوێنی دیکە بە چەندین شێوە وەک: "بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی نیشینگەی سلێمانی، سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیریی پێشمەرگە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوان، کۆمەڵەی نابینایان، گرتوخانەی چاکسازیی گەوران، ڕێکخراوی ڕۆشنایی دڵ بۆ خزمەت،سەنتەری چالاکیی گەنجانی شۆڕش لە چەمچەماڵ ... تاد."

هەروەها لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی "سلێمانی"یەوە سەدو پەنجا هەزار دەمامکی بەخشییە پەروەردەی سلێمانی و هەولێر و دهۆک و گەرمیان و هەڵەبجە و ڕانیە بۆ خۆپاریزی و پاراستنی هەموو خوێندکارانی کوردستانی باشوور لە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی قۆناغی دوانزەدا، ئەمە جگە لە پاککردنەوە و دەرمانڕێژکردنی چەندین شوێن وەک سلێمانی و دەربەندیخان و کفری و پارێزگای کەرکوک و زۆرێک لە دەزگاکانی حکومی و ناحکومی... تاد.




بۆخـۆ پـارێزی و ڕووبەڕووبـونەوەی ئەو ڤایرۆسـە چەنـد هەڵمەتێکی ئەنجام دا بۆ بەکولتوورکردنی بەکارهێنانی ماسک و دەسـتکێش لەلایەن هاوڵاتییـانەوە بـۆ ئەو مەبەسـتە لەسـەر شەقامەکانی سلێمانی لەلایەن کارمەندە خۆنەویستەکانی دەزگای خێرخوازیی کەریمی ئەلەکەوە بەڕوویەکی خۆشەوە دەست کرا بە بەخشینەوەی دەستکێش و دەمامک بەسەر هاوڵاتییاندا.



لەگەڵ ئەو هەموو بەخشینەیداسەدان ئامێریشی دابین کرد بۆ (تعقـیم- پـاکژکردنەوە) بەلۆگـۆی کەریمـی ئەلەکە و بەخشـییە سـەرجەم نەخۆشـخانەکان و ئەو شـوێنانەی سـودی لـێ

وەردەگیرێــت بە ئێستاشــەوە بەردەوام دەبەخشــرێت تــابێتە هۆکارێکی دیکەی خۆپارێزی هاوڵاتییان.




لە هەوڵێکی تردا بە شێوەیێکی نوێ ڕێنماییە تەندروستییەکانی لەسەر ئەرکی خۆی بە ناوی کەریمی ئەلەکەوەگواستەوە شوێنە گشتییەکان و لە ناوەندی شەقام و وێزگەکانی وەستاندا بڵاوی کردنەوە بۆ گەیاندنی ڕێنماییە تەندروستییەکان بە هاوڵاتییان لەبری حکومەت.




وەک پێشــتر ئاماژەمــان پــێ داوە دکتــۆر تەهــا لە ســەردەمی ڕۆژە ڕەشەکانی ڤایرۆسی کۆڕۆنادا وەک ئەرکێکی نیشتمانی کە

گەلەک هاوکاریی بەخشیوە و کاری جوانی ئەنجام داوە لەبەر ئەوە سەدان سوپاسنامەی ئاڕاستە کراوە لەلایەن دەزگاکانی حکومەتی هەرێمەوە و ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان و... تاد، لەبەر زۆری سوپاسنامەکان ناکرێت لێرەدا بخرێنە ڕوو، پێم باشە لەبری ئەو سوپاسنامە وتارێکی برای بەڕێز "چیای مامە لەتیف" بخەینە بەردیدەی بەڕێزتان.

# بۆ دکتۆر تەها ڕەسووڵ



**چیای مامە لەتیف**

تۆ هەمیشە هەر وا بوویت، سەرت لە ڕێز و حورمەتی دایکدا نزم بووە و دەستت لە پشتیوانی ئایندەی منداڵەوە بووە.

تۆ هەمیشە هەر وا بوویت، هاوڕێی خەباتی پێشکەوتن و ئاشتی بویت و دۆست و وەفادارببە ئەوین و ڕۆشنبیری بوویت.

تۆ هەمیشە هەر وا بوویت، خەونی تۆ بەتاریکیدا نەهاتوە و خەیاڵیشت بەستەم دا نەگەڕاوە.تۆ هەمیشە هەر وا بوویت، یاسای سۆزی تۆ شوناسە بۆ هەژارێک پشتگیریی تۆ سەرکەوتنی بێکەسییە لە تەنیایی.تۆ هەمیشە هەر وا بوویت، پێش خواردن کتێب و پێش جلئەدەب و پێش خەوتن چیرۆک و پێش عشقیش دیوانێکی شیعرت پێ بووە.

تۆ هەمیشە هەر وا بوویت، پلەداری ئێستا باوی نەماوە و ئەوە دەبێتە سەردار کە خزمەت دەکات کۆمەک و هاوکارییەکانت و بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی سوپاسێک بکات.

تۆ هەمیشە هەر وا بوویت، من دەزانم ئەو ڕۆژە نزیکە ناوی تۆ دەبێتە مۆرۆێک و دەدرێت لە دڵی خۆر من دەزانم ئەو شەوە نزیکە ناوی تۆ دەفڕێتە لای ئەستێرەکان و دەبێتە "مانگ"ی دووەم.

## هێندێك لە بەخشینەكانی دكتۆر تەها ڕەسووڵ بۆ كوردستانی ڕۆژهەڵات

وەک پێشتر ئاماژەمان پێ داوە "د. تەها ڕەسووڵ" هەرچوار پارچە لەتکراوەکەی کوردستان بەماڵی خۆی دەزانێت، بۆ ئەو مەبەستە هەر لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ئەو ڤایرۆسەوە ١٥٠ ملیۆن تمەنی وەک یارمەتیی بەخشییە کەمپین و نوێنەرانی چالاکییە مەدەنییەکان لە بانە و بۆکان بۆ ئەوەی بەسەر خەڵکانی هەژار و بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەو پەتایەدا خەرجی بکەن، دواتریش بۆ جارێکی دیکە ١٥٠ ملوێن تمەنی دیکە دەبەخشێتە شارەکانی ورمێ و مەهاباد و سنە بۆ هەمان مەبەست.

ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام لەو کۆمەک و هاوکارییانەی بەڕێزی ئەنجامی داون لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، کاتێک دەبیستێت یەکێک لە پەرستارەکان بە ناوی "ڕەشید شێخ ئاقایی" لە بۆکان بە شێوەی ئۆنلاین هەم لە ماڵان و هەم لە ناوەندە تەندروستییەکان کار بۆ پاراستنی هاوڵاتییان دەکات لە کۆرۆنا، دەرئەنجامی ئەو کارەی خۆشی گیان لەدەست دەدات بە هۆی کۆرۆناوە، لەبەر ئەوە بڕیار دەدات لە زێدی خۆی لە شاری بانە پەیکەرێک بۆ ڕەوانشاد "ڕەشیدی شێخ ئاقایی" دروست بکات وەک وەفایەک بۆ گیان بەخشینی ئەم کەسایەتییە دڵسۆزەی شاری بانە بۆ هاوڵاتییانی نیشتمانەکەی.



**ڕەشیدی شێخ ئاقایی**

زۆرن ئەو کـــۆمەک و هاوکارییـــانەی دکتـــۆر تەهـــا بەخشیویەتییە ڕۆژهەلاتی کوردستان، ئێمە لێرەدا تەنها هێندێک لەو سوپاسنامانە بڵاو دەکەینەوە کە ئاڕاستەی کراون.

### ١. ڕێز و پیزانینی شاری سنە.



ڕێز و پێزانین

ئەو دەمەی خەزان باڵ دەکێشێتە سەر ژیان و تەندروستی مرۆڤەوە و گوڵی خۆشبەختی بەرەو هەڵوەرین ئەبات، کاتێ کە تەواوی ڕەنگەکان بەرەو ڕەشبوون دەچن و ژیان دەکەوێتە هەناسەبڕکێ و گیانکەنشتەوە، دەستێک دێ و تابلۆی خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی ئەنەخشێنێ و وەک ڕێژنەیێک گوڵی ژیان بەرەو بوان ئەباتەوە.

ڕێزدار و خۆشەویست دوکتور تەها ڕەسووڵ
بەرپرسی دەزگای خێرخوازی کەریمی ئەلەکە لە شاری سلێمانی

نەک هەر مرۆڤ، گۆی زەوی و پانتایی ئاسمان شانازی بە بوونی بەڕێزت و هەموو مرۆڤدۆستانەوە دەکات. ئێمەش بە نێوی «کەمپەینی سنەی سەربەرز» (کۆی خێرخوازان و چالاکانی کۆمەڵایەتی شاری سنە) و بە نوێنەرایەتی جەماوەری شارەکەمان بە ئەرکی خۆمان دەزانین ڕێز لە ئێوەی بەڕێز و دەزگای خێرخوازی کەریمی ئەلەکە بگرین کە لەم بارودۆخە نەخوازراوە و لەم قەیرانە ناحەزەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە هانای خەڵکی شارەکەمانەوە هاتن و یارمەتیدەری ئەم کەمپەینە بوون بۆ یارمەتی لێقەوماوانی کۆرۆنا.
سپاس و پێزانینی ئێمەتان پێشکەش. سەرفرازی و تەندروستی خۆتان و سەرکەوتنی هەرچی زیاتری دەزگا خێرخوازییەکەتان ئاواتی هەرە گەورەمانە.

سنە - ١٥ی خاکەلێوەی ٢٧٢٠ی کوردی



سپاس و پێزانین

9 ی ئاپریلی 2020

ڕێزدار دوکتور تەها ڕەسووڵ

سەرۆکی دەزگای خێرخوازی کەریم ئەلەکە لە ( سلێمانی-هەرێمی کوردستان)
لە لایەن ڕێکخراوەی ماڵی ئینسانەوە لە شاری مەریوان، سپاسی گەرم و بەتینی خۆمان ئاراستەی ئێوەی هێژا و دڵۆڤان ئەکەین بۆ ئەو یارمەتییانەی ئاراستەی خەڵکی بەشمەینەتی شارە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانتان کردووە لەم دۆخ و قەیرانەی ( تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ) کە زۆربەی گەلان و لەوانە گەلی کوردیشی گرتووەتەوە و هەموو مرۆڤانی گۆی زەوی تەنیوە. دیارە ژیانی زۆرێک لە خەڵکان لە مەترسیدایە ولەوانەش زیاتر کەم داهاتەکانی کۆمەڵگاکەمانن کە پێویستیان بە یارمەتی و ئاوڕدانەوەی جدی هەیە و ئەم هەوڵ و یارمەتییەی ئێوە، ئێمە لە خزمەت کردن بە خەڵکی نیشتمانەکە-ماندا نزیکتر دەکاتەوە.
ئەو بڕەپارەیە(پەنجا ملوێن تمەن) کە لە لایەن بەڕێزتانەوە گەشتووەتە دەستمان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەم دۆخەدا، مەسرەفی پێداویستییەکانی خەڵکی هەژار و بەشمەینەتی شارەکەمان دەکرێ. هیواداریین دڵسۆزان و خەمخۆرانی وەک بەڕێزتان لە ناو گەلەکەماندا ڕوو لە زیاد بوون بکەن و هەردەم بتوانن هەروەک ئێستا دەوری کاریگەر بگێڕن لە مێژوو و کۆمەڵگاکەماندا. دڵنیاین کە ئەم بە هانا هاتنەی ئێوە لەم کاتە پڕ مەترسییەدا لە بیر ناکرێ و بۆ هەمیشە لە دڵی خەڵکدا دەمێنێتەوە.
هیوای سەرفەرازی ولەش ساقی بۆ هەموان وتێپەڕ بوونی ئەم کۆسپەش لە ناوگەلەکەماندا

ڕێکخراوەی ماڵی ئینسان-مەریوان

٢. سوپاس و پێزانینی ڕێکخراوی ماڵی ئینسان لە شاری مەریوان



Birêz Dr Taha Resûl

Berpirsê saziya xêrxwazî ya Kerîm Eleke li bajarê Silêymaniyê

[illegible]

Weke civak a medenî û çalakvanên bajarê Ûrmiyê, erka ser milê xwe dizanin ku spasdariya we bikin ji bo yarmetîdana gelê bajarê Ûrmiyê ji bo têkoşîna hember nexweşiya Koronayê.

Em hêvîdarin ku nimûneyên wek we zêde bin û hûn hertim di jiyan û xebatên xwe yên mirovheziyê de serkevtî bin.

Çalakvanên têkoşîna hember koronayê ya bajarê Ûrmiyê

7 Avrêla 2020
Ûrmiye

٣. سوپاسنامەی چالاکانی مەدەنیی ورمێ بە زمانی کرمانجیی سەروو و بە کرمانجیی ناوەڕاست.



لە جیاتی ئەوەی نەفرەت لە تاریکی بکەی شەمێک داگیرسێنە.
کۆنفۆشیۆس

رێز و پێزانین

هێژا دوکتۆر تەها ڕەسووڵ
بەڕێوەبەری دەزگای خێرخوازی کەریمی ئەلەکە؛ لە سلێمانی

ئەو سەردەمەی کە تریفەی تەندروستی دەشڵەژێ و تا و تینی ئازارێکی گیان ئەستێن جێ بە فێنکایەتی خۆشبەختی تەنگ ئەکات، ئەو دەمەی هەناسەی هیوا تووشی ئاستەنگی دێت و تەمێک لە پەژارە بەری ئاسۆ دەگرێ و مرۆڤ بۆ پاراستنی خۆی و قوتاربوونی لە نەمان ناچارە لە یەک دابڕێ و لە قوژبنی هاوێرگە بخزێت؛ دەستێک پڕ لە بەزەیی و میهرەبانی ڕووپۆشی تەم و تاریکی لە ڕوخساری ئاسمان دەسڕێ و خۆرێک لە هەستی یەکبوون و خۆشەویستی دادەگیرسێنێ و شکۆفەی بزە و سۆز و گەشانەوە دەبەخشێتەوە.
بە خۆشییەوە ڕێک لە وەها دۆخێکی نەخوازراوی وەک قەیرانی کۆرۆنا ڤایرۆس دا دەستی یارمەتی و هاوسۆزی ئێوە باڵای کرد و هەستێکی خۆشی لە بازێرەکەمان وروژاند.
یارمەتی نەختینەی بنکە خێرخوازییەکەتان بووە هۆ و هەوێنی کڕینی چەند دەزگایەکی تایبەت بە بەشی« ئای سی یوو» ی نەخۆشخانەکانی بانە و جارێکی تر برایەتی و هاوخوێن و دەنگیی هەردوو بازێری بانە و سلێمانی سەلماندەوە. هەربۆیەش بە ناوی کەمپەینی بنکە و دامەزراوە مەدەنییەکانی بانە و لە بری هەموو جەماوەری شارەکەمان و نەخۆشخانەی ڕازیشەوە ئەو هەنگاوە بەجێ و ڕێیەتان بەرز دەنرخێنین و سوپاس و پێزانینی خۆمانتان ئاراستە دەکەین. سەرفرازی و تەندروستی بۆخۆتان و سەرکەوتنی هەرچی زیاتری دەزگا خێرخوازییەکەی کەریمی ئەلەکەش بە ئاوات دەخوازین.

کەمپەینی بنکە و دامەزراوە مەدەنییەکانی بانە
بۆ بەرەنگار بوونەوەی قەیرانی کۆرۆنا ڤایرۆس
بانە - دوازدەی خاکەلێوەی ٢٧٢٠ی کوردی

٤.سوپاسنامەی کەمپینی بنکە و دامەزراوە مەدەنییەکانیشاری بانە بۆ دەزگای خێرخوازیی کەریمی ئەلەکە



سپاس و پێزانین

١ی ئەپریلی ٢٠٢٠

بەڕێز و حورمەت دوکتور تەها ڕەسوڵ

سپۆنسەری دەزگای خێرخوازی کەریمی ئەلەکە
(لە سولەیمانی- هەریمی کوردستانی عێراق)

بە نێوی کۆی ڕێکخراوە مەدەنێیەکانی بۆکان بۆ بەرەنگار بوونەوەی ڤایرۆسی کرۆنا و بە نۆێنەرایەتی خەڵکی ئەمەگدۆستی شاری بۆکان، سپاسی هەستی نیشمان پەروەری و ئینسان دۆستی بەڕێزتان دەکەین کە لەو کاتە ئاستەمە دا کە خەڵکی ئێمە لە بەرەنگاری ئەو پەتایە پێویستیان بە یارمەتی هەمەلایەنەهەیە، بە بڕی پەنجا ملوێن تمەن یاریدەدەری کەمپەینی ئێمە بوون.
هیوادارین کەسایەتی وەک بەڕێزتان بەردەوام بن لە یارمەتێەکانتان و دەوری کاریگەرتان بێ لە حاست کۆمەڵگا دا.
دڵنیاین هەروەک ئێمە، گشت خەڵکی کورد شانازی بە جەنابتان و ئەو کەسانە دەکەن کە وەک ئێوە بۆ یارمەتی گەلەکەیان هەوڵدەدەن.

کەمپەینی کۆی ڕێکخراوە مەدەنێیەکانی بۆکان
بۆ بەرەنگاری ڤایرۆسی کرۆنا

٥. سوپاسنامەی کەمپەینی کۆی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی بۆکان



کەمپێنی پرسمانی سەقز سپاسی ماڵی کەریمی عەلەکە لە سلێمانی دەکات بۆ هاوکاریکردنی شاری سەقز لە بەرەنگاربوونەوەی کۆرونا
https://twitter.com/KMohamadzada

٦. سوپاسنامەی کەمپێنی پرسمانی سەقز



دیارە خۆ پەروانە هەر سووتانە ئەسڵی مودەعای
بۆیە ئێمەش عاشقین، ئەی شەخسی ئاتەش‌خوو بە خووت

سپاس‌نامە

بەڕێز دوکتور تەها رەسووڵ،

لەم کاتە هەستیارەدا کە بەشێکی زۆر لە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشینی کۆرۆناوە، تووشی نەهامەتی و دژواریی بوونەتەوە، "دەزگای خێرخوازیی کەریمی ئەلەکە" بە سپۆنسەریی جەنابتان، یارمەتییە مادییەکانی خۆی گەیاندە شاری سەقز بۆ خزمەت بە تووشبوان و سیستەمی تەندروستیی و نەخۆشخانەکانی ئەم شارە.
لێرەوە بە نوێنەرایەتی خەڵکی سەقز و بە ناوی "کەمپینی پۆرسمان ـ بۆ بەرەنگاربوونەوەی کرۆنا" و "ناوەندی شیفا ـ بۆ منداڵانی کەمئەندامی بێسەرپەرشت" کە بری پەنجا ملوێن تمەنی ئەم یارمەتییانە گەیشتووەتە دەستمان، سپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان دەکەین کە وەک کەسایەتییەکی خاوەن ئینتمای نیشتمانی، بەردەوام بیرتان لای خەڵکی لێقەوماوە و لە کاتی تەنگانەدا بە هانایانەوە دەچن. هیواداریین نموونەی ئینسانی نیشتمانی و خێرخوازی وەکوو ئێوە کە بەردەوام بە سەرمایەی مادیی و مرۆیی خۆتان خزمەتی خەڵکی کوردستان دەکەن، روو لە زیادبوون بن و ببنە نموونەیەک بۆ دیکەی خێرخوازان و دەستڕۆیشتووانی وڵاتەکەمان.

کەمپینی پۆرسمان
بۆ بەرەنگاربوونەوەی کرۆنا لە سەقز

ناوەندی شیفا
بۆ منداڵانی کەمئەندامی بێسەرپەرشت سەقز

٧. سوپاسنامەی ناوەندی شیفا بۆ منداڵانی کەمئەندامی بێسەرپەرشت لە سەقز.

ئەوەی من لێرەدا ئاماژەم پێ داوە لەسەر هێندێک لە هەڵوێستە جوامێرەکانی لە سەردەمی ئافات و مەینەتی ڕۆژانی دڵەڕاوکێیی پەتای کۆرۆنادا زۆر کەمترە لەوەی ئەنجامی داون بە شێوەی نهێنی، لەبەر ئەوە زۆر بەئاسیی دەبینم بڵێم: "دکتۆر تەها ڕەسووڵ کەسێکە گیرفانی پڕە لە گەوهەری بەخشین و دامێنیشی پڕاو پڕە لە ڕەوشت."

**زۆرن ئەو بەڕێزانەی لەو دەمەدا لەسەر هەڵوێستە مەزنانەکانی دکتۆر تەها هاتوونەتە دەنگ و لە ڕێگای گوتار و نووسینەوە سوپاسیان ئاڕاستە کردووە، پێم باشە وتاری یەکێک لەوو بەڕێزانە لێرەدا بخەمە بەردیدەی بەڕێزتان.**

## دکتۆر تەها ڕەسووڵ پیاوێك لە چەشنی میهرەبانی و خاوەنی دەستێکی زێڕین




**عەتا حەمەساڵح**

ئەگەر بەخێرایی یادێک لە مێژووی ژیانی کورد بکەینەوە پڕیەتی لە قەیرانی، دارایی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و توشی چەندین قەدەری برسێتی و تاعوونی کوشندەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی بووینەتەوە، هەندێک لەوانە قەدەری ئیلاهی بوون و زۆرینەش دروستکراوی دەستەڵاتە یەک لە دواییەکەکانی ئەو

دەوڵەتانە بوون کە کورد لەبن دەستیاندا ژیاوە، بەداخەوە بەدەستەڵاتی کوردیشەوە لە باشووری کوردستان، لە نێو ئەو کێشە و قەیرانی قڕکردن و پەتایانەدا کەسانێک هەبوون لە ساتی ڕووداوەکاندا بوونەتە فریشتەی فریاکەوتن و دەستی ئەوانەیان گرتووە کە خەریک بووە ببنە قوربانی و لە مردنێکی بێدەنگ ڕزگاریان کردوون، دیارترین کەسایەتیش "کەریمی ئەلەکە"یە ئەگەر چی بە ئاین لە ئێمە دوور بووە، بەڵام هاوزمانمان بوو، تێکۆشەرێکی یەکەم ئەزموونی دەوڵەتداری کوردی بوو، کە لەساتی گرانییە گەورەکەدا ئەوەی هەیبوو لەگەڵ هەژاراندا بەشی کرد، کە بەداخەوە هەتا ئێستا هەموو ئەو کەسانەی لە سایەی ئەم دەستەڵاتەوە هەڵتۆقیوون، نەک نەیانتوانی ببنە کەریمی ئەلەکە، بەڵکوو بیریشیان لەوە نەکردەوە کە ئەو نەریتە جوانەی یەکەم دەوڵەتی کوردی بپارێزن، چونکە ئەوەی لای ئێمە نەبووەتە نەریت دووبارەکردنەوەی کرداری چاکەکارانە، بەڵام لە خۆشبەختی هەژاراندا پیاوێک بەهێمنی، لەودیوی چاوی کامێراکان و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانەوە بە ناوی "دکتۆر تەها ڕەسووڵ" نموونەی ئەو پیاوە بێدەنگ و دوور لە هەڵمەتی ڕاگەیاندکارانەیە کە مێژووی پیاوێکی دەست و دڵ سپی وەک کەریمی ئەلەکەی دووبارە کردەوە، لە سەرەتای سەرهەڵدانی تاعوونی کۆرۆنادا ئەگەر چی زۆرێک لە سەرمایەداران هاتن بەهانای خەڵکەوە، بەڵام لەلای من گرنگ نەبوو، چونکە هەندێکیان بۆ ڕازیکردنی دەسەڵات و هەندێکیش بۆ ڕووسپیکردنی ئەو هێزە بوو کە لەپشتی سەرمایەکەوەن هەشبوو بۆ پڕوپاگەندەی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوو، بەڵام

کەس وەک ئەم پیاوە مەزنە نادیارەی نێو کۆمەڵی کوردەواری نەبوو کە وتی "ئەوەی هەمە میللەت خاوەنیەتی" بەشێکی بۆ دەزگای خیرخوازی کەریمی ئەلەکە بیت و نیوەکەی تریش بۆ بەڕێوەبردنی پرۆژەکەیە"، چونکە ئەم پیاوە ئەوەی دەستی کەوتووە بەدەستی ماندووبوون و عەقڵی خۆی پەیدای کردووە و دروستکراوی سێبەری سیاسەت و سیستمی چەوتی سەرمایەداری نییە، هەر بۆیە ئەوەندەی من ئاگادار بم وەک خۆبەخشێکی دەزگای خێرخوازیی کەریمی ئەلەکە جگە لەوەی لە شارەکانی باشوور توانی دەستی هەژارانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتیش بگرێت و لەنێو کێشەی دارایی و دڵەڕاوکێی مەرگ و ژیاندا لەگەڵ پەتای کۆرۆنا کەمێک لە خەمەکانی گەلەکەی کەم بکاتەوە، بۆیە جێگەی خۆیەتی سوپاسی ئەم پیاوە جوان و دەست زێڕینەی کورد بکرێت و شیاوی ئەوەیە لە مێژووی ئەم گەلەدا وەک کەریمی ئەلەکە ناوی ببرێت و حکومەتیش سوپاسگوزاری بێت کە نەیهێشت برسێتی بڕستی خەڵک ببڕێت و توڕەبوون ئەوان بخنکێنێت.

من بێگومانم لەوەی زۆرێک گلەیی دەکەن لەوەی ئێمە زۆر بەکورتی باسمان لە بەخشینەکانی دکتۆر تەها کردووە لەو دەمەدا، لەبەر ئەوەی دکتۆر تەها ئەوەندەی بەخشیوە و ئەوەندە ماندوو بووە و ئەوەندە هەڵوێستی مەردانەی نواندووە، بە دە کتێبی وەک ئەوەی بەردەمی بەڕێزتان تەواو نابێت، ئەوەش لە توانای ئێمەدا نییە لە هەمان کاتیشدا کاتێکی زۆر لە بەڕێزتان دەگرێت هیوادارم بمانبەخشن.

## هێندێك لەو نووسین و ستایشانەی لەسەر دکتۆر تەها ڕەسووڵ نووسراون

زۆرن ئەو وتار و نووسینانەی لەسەر هەڵوێست و بەخشینەکانی "د. تەها ڕەسووڵ" نووسراون و لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو کراونەتەوە، نووسەران و ڕۆشنبیران لە نووسینەکانیاندا ئاماژەیان بە سەروەرییەکانی "د. تەها ڕەسووڵ" داوە و ناوهێنانیان بە پێویست زانیوە، تادەستی میهرەبانی لە هاندانی پرۆسەی بەنەتەوەبووندا بۆ مێژوو لەیاد نەکرێت، زۆرێکیش "د. تەها ڕەسووڵ"یان بە ئەستێرەیەکی گەشاوە پێناسە کردووە لە ئاسمانی نیشتماندا و بە مولکی نەتەوەیان داناوەنەک خۆی، لەبەر ئەوەی تەمەن و خۆشیی خۆی تەرخان کردووە بۆ جوانکردنی نیشتمان، هێندێکیش هێندە خۆشیان دەوێت و متمانە و باوەڕیان پێیەتی، لە ڕوانگەی خەمخۆری و دڵسۆزییانەوە بۆ نیشتمان لە وتارەکانیاندا دەڵێن: "خۆزگە تۆ سەرۆکمان دەبوویت" یان "تۆ لە هەموو سەرۆکەکان سەرۆکتریت".

لە سەرەتادا لەبری خستنەڕووی وتار و نووسینەکان، بەدروستی دەبینم نامەی ستایشی کەسایەتییەکی خۆشەویست و ناسراوی ڕابردوو پاک بخەمە بەردیدەی بەڕێزتان کە بووە هۆکار و هاندەرێکی دیکەمان بۆ بەردەوامبوونمان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، ئەویش هاوڕێ و کاکی خۆشەویستمان کاک "شێخ محەمەدی سەرگەڵو"ە، بەڕێزی لە سەرەتاوە جگە

لەوەی بەردەوام دڵخۆشی خۆی دەخستە ڕوو بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەمان، وەک هاندان و پشتگیریش نامەیەکی ئاڕاستە کردین تێیدا نووسیویەتی.





"دکتۆر تەها ڕەسووڵ پیاوە سپیە جوانەکەی سلێمانی، لە مێژووی دروستبوونی شاری سلێمانیدا، زۆر کەسایەتی گەورە و بەخشندەی تێدا هەڵکەوتووە کە لە ڕووی ڕۆشنبیری و هونەری و فەلسەفی و مرۆڤایەتییەوە بوونەتە جێگای شانازی لە مێژووی شاری سلێمانی و دەوروبەریدا، هەمیشەش یادیان

دەکرێتەوە و بوونەتە ڕەمزی جوانی و گەورەیی نیشتمان، لە ئێستاشدا دکتۆر تەها یەکێکە لەو پیاوە هێمن و بەخشندە و کەسایەتییانەی بۆتە جێی شانازی بۆ هاوڕێ و کەسوکار و شار و وڵاتەکەی، هەمیشەش لە خزمەتی هەژاران و هونەرمەندان و تێکۆشەران و پیاوە ناودار و گەورەکانی ئەم نیشتمانەدایە، بەبێ ئەوەی خۆی باسی بکات، من لێرەدا ناتوانم ئاماژە بە هەموو کارە جوان و خۆبەخشەکانی بدەم، لەبەر ئەوەی بە هیچ جۆرێک خۆی ئاماژەی پێ نەداون و باسی نەکردوون و ڕۆژانەش بەردەوام جێگادەستی لە کاری تازە و چاکخوازیدا دیارە.

زۆر سوپاس بۆ کاکە کارزان کۆیی کە هەستاوە بە ئاماژەدان بە بەشێک لە کارە جوان و هەڵوێستە مەزنەکانی بە هیوای ئەوەی نموونەی دکتۆر تەها زۆر بێت و دەستی کاکە "کارزان"یش خۆش بێت بۆ بەرزڕاگرتنی هەڵوێستەکانی".

لێـرەدا هێنـدێک لەو وتـارانە بە کـورتکراوەیی دەخەمە بەردیدەی بەڕێزتان کە ئاماژەمان پێ داوە، بەبێ هیچ سەرنج و شیکردنەوەیەک، تەنها ئەوەندە نەبێت دەڵێم: "ئەوە مرۆڤەکانن بەڕەوشتی خۆیان وێنەی خۆیان لە ناخی بەرامبەردا وێنە دەکەن نەک بەسەروەت و سامانیان. ک.ک."

## کێ پەیکەرێك بۆ خۆت دروست بکات ؟



**پەشێو حەمەد ئەمین**
**نووسەر و ڕۆژنامەنووس**

ئاشـنایيم لەگەڵ ئەم پیـاوەدا مێژوویەکـی دووری نیـیە، بەڵام باشی دەناسم، چونکە خەسڵەتی من وایە هەر کەسێک بە دۆست بگرم، بەدواداچـوون بـۆ پێشـینە و کەسـایەتی دەکەم، کـاتێ لە مێـژووی ئەم پیـاوەم کـۆڵییەوە، بینـیم مرۆڤـایەتی لە وجودیـا

گەیشـــتووەتە لـــوتکە، ئەو کەســـێکە غروربـــوون ناناســـێت، سـەرمایەداری نەیتوانیوە دڵی بکات بە بەرد پیاوێکە جوانتر لە بـــارانی ســـاڵی نەهـــات، گەورەتـــرە لەوەی ئـێمە لە وێنەیەکـدا دەیبینـــین، چـــونکە ئەو دڵەی ئەو خـــاوەنیەتی هێنـــدە گەورەیە، مـرۆڤ نـاتوانێ بـاوەڕ بەوە بێنێت کە هیـی تەنیـا کەسـێک بێت، دەزگـــای خێرخـــوازیی کەریمـــی عەلەکە، ناوەنـــدی ڕۆشـــنبیریی جەمـــال عیرفـــان، نەوەد لە ســـەدی ئەو پەیـکەرانەی لە ســـلێمانی دروست کراون هیی ئەون.

ئەم پیـــاوە شـــەو و ڕۆژ تێدەکۆشـــێت، تـــا لە هەر کـــوێیەک خەمێکـی گەورە هەبێت بـڕوات و لەنـاوی بەرێت، جەنگـاوەرێکە دوور لە چاوی کامێراکان، هەرگیز دۆست نەبووە لەگەڵ ئەوەی ئەو هاوکارییـانەی بە خەڵکـی دەگەیەنێـت پێیـان بفرۆشـێتەوە، چونکە لە بەهـای بەخشـین تێدەگات، دەزانێت چۆن مرۆڤبوونی خۆی جلە و بکات هەر لە دروسـتکردنی نەخۆشـخانە، خوێندنگا، یارمەتیـــدانی کەســـانی کەمـــدەرامەت، تەنـــانەت لە ئاســـتی کوردستانی گەورەیشدا، ئامـادەیی هەبووە و بەخشـندەیی خۆی نواندووە،

کەمـن ئەوانەی لەم سـەردەمەدا لە دکتـۆر تەهـا دەچـن، زۆر نین ئەوانەی وەکوو ئەو بیر دەکەنەوە کـاتێ لەگەڵیـا دادەنیشـیت و گـــوێی بـــۆ دەگریـــت، تێـــدەگەیت کە ئەم پیـــاوە جیـــا لەوەی سەرمایەدارێک بێت، هەڵگری ئەخلاقی بەرز، ڕۆشنبیرییەکی باڵا، کەسـایەتێکی ئێجگـار مەزنـی هەیە، بۆیە لێرەوە بە مـافی خـۆمی دەزانـم، ستایشـی بـوونی بکەم و پێـی بڵێم: "جوانیت بـاش پیـاو خۆشمان دەوێی، لە سەردەمی بوون و نەبوونتدا."

## دکتۆر تەها ڕەسووڵ
## مرۆڤێك پڕاوپڕ لە جوانی و میهرەبانی



**شاعیر و ڕووناکبیر**
**حەسەن هەڵەبجەیی**

من پێم وایە ترۆپکی هەموو جوانییەکانی ئەم ژیانە قسەکردنە لەسەر وەفاداری بۆ ئەوانەی لەژیاندا شوێن پەنجەیان هەیە یان شوێن پەنجەیان بووە بەسەر لاپەڕەکانی ژیانی ئەم کۆمەڵگایە، یەکێک لەوانەی لە لاپەڕەی یادەوەری مندا پێگە و جێگایەکی جوانی هەیە کەسایەتی دیار کاک "دکتۆر تەها ڕەسووڵ"ە کە خاوەنی ئەو چەندان و چەندانە لەو پڕۆژە جوانانەی نێو شاری سلێمانی، بەندە لە ڕێگای کتێبخانەکەمەوە توانیم ئەم کەسایەتییە جوانەی شار بناسم و لەو ڕێگایەوە ئاشنایم لەگەڵیدا پەیدا کرد، دواتریش لەلای خۆمەوە هیوا و ئومێدی چاکەخوازیم تێدا بینییەوە، هەر لەبەر ئەوە لەسەر و بەندی نەخۆشکەوتنی کاک "ئاوات"ی کتێبخانەی "ئاوات"دا، ئێمە

وهاوڕێکانی هەر هەموومان لە چارەسەری لێرە و لەم وڵاتەدا تەواو بێهیوا بووبووین، من وەک خودی خۆم و لەگەڵ هاوڕێکانیدا، زۆر هەوڵمان دا لە ڕێی بەرپرسانی وڵاتەوە هەر چۆن بووە شتێک بۆ کاک ئاوات بکەین کە وەها بکرێت بە شێوەی کۆمەک ئەرکی ناردنەدەرەوەی ئاوات وەئەستۆ بگرێت کە بەو نەخۆشییەیی ئەو کاتەی نەمرێت، چونکە ئاوات کەسایەتییەک بوو زۆر لە بەرپرسە خاوەن قەڵەمەکان لە ڕووی هۆشیاری و ڕۆشنبیرییەوە قەرزاری کاک ئاوات و کتێبخانەکەی بوون، چونکە بەڕای من کاک ئاوات هەر بەتەنها کتێب فرۆشێک یان خاوەنی کتێبخانەیەک نەبوو، بەڵکوو ڕۆشنبیرێکی هێندە هۆشیار بوو هەر ئەهلی قەڵەمێک ڕووی لێدەنا بۆ کتێبێک یا بۆ سەرچاوەیەک ئاوات وەک منەوەرێکی هۆشیار ڕێنمایی کەسەکەی دەکرد و هێندەی دەیان و سەدان لە پرۆفیسۆرەکانی زانکۆکان سوودی بەو کەسە دەگەیاند و ڕێنمایی دەکرد، سەرئەنجام لە هەموو هەوڵەکانمان بێهیواو بێئومێد بوین لە هاوکاریی بەرپرسان و حکومەت، دواجار من هاتم بیرم کردەوە وتم کاک دکتۆر تەها ڕەسووڵ یەکێکە لەو مرۆڤە باشانەی لەئیستادا دەکرێت بۆ چارەی کاک ئاوات وەک کەسایەتییەکی شار و وەک مرۆڤێکی بێوێنە و دەگمەن لەئیستادا ئێمە پەنای کۆمەک و یارمەتیی بۆ بەرین، لەبەر ئەوە تەلەفونم بۆ کرد سەرەتا وەڵامی تەلەفونەکەمی نەدایەوە، بەڵام دواتر گەشتمە ماڵەوە تێلی بۆ کردم، دوای سڵاو چاک و چۆنی گوتی کاکە حەسەن من دکتۆر تەهام تێڵت کردبوو من سەرقاڵ بووم ئیستا لە کۆبوونەوەیەک هاتوومە دەرەوە ژمارەکەم بینی تۆبووی،

بفەرموو چ ئیشێکت بەمن هەبوو، منیش وتم دکتۆر گیان من بۆ شتێک تێلم بۆ کردی ئیتر نازانم وەڵامی بەڕێزتان بۆ داواکەم چۆن دەبێت پاشان بابەتی کۆمەککردنی کاک "ئاوات"م زۆر زۆر بەوردی بۆ باس کرد لە ڕاستیدا سەرەتا وام نەدەڕوانی کە بەڕێزیان بەو شێوە پڕمیهرەبانییەوە ئاوا دڵسۆزانە و بەبێ هیچ ئەملاولایەک یەکسەر پێشوازیی پێشنیارەکەم بکات و بەبێ هیچ ئەرقەلە دروستکردنێک بڵێت: ئەو واتە کاک ئاوات پاسپۆرتی هەیە؟ منیش گوتم دکتۆر گیان بەڵێ هەیەتی. ئەنجا فەرمووی: دەتۆ هەوڵ بدە هەر ئەمشەو پەیوەندییەک لەگەڵ ماڵی کاک ئاوات دروست بکە بۆ ئەوەی ئامادەکاری بکەن، منیش هەر ئەمشەو هەوڵ بدەم پەیوەندی بە ئەو نەخۆشخانەیەوە بکەم لە دەرەوەی وڵات تا شوێنی بۆ دابین بکرێت و هەر چۆن بووە بە زووترین کات کاک ئاوات بگەیەنینە ئەوێ، پاشانانیش لەدوای نان خواردنی ئێوارە بەڕێزیان ئاگاداریان کردمەوە کە بە زووی وەڵامی ماڵی کاک ئاواتی بۆ وەربگرم، دواتر کاک "کەمال"ی برای کاک ئاوات ئاگاداری کردم گوتی کاکە حەسەن وەڵام لە دکتۆرەکەی کاک ئاوات وەردەگرین بزانین چی دەڵێت وەڵامت دەدەینەوە، لەڕاستیدا خۆی هەر ئەو گەرموگوڕییەی جەنابی دکتۆر تەها خۆی بۆخۆی مژدە بوو، بەڵام بەداخەوە لەدوای ئەوەی من ئەوشەوە پێوەندیم کرد بە ماڵی کاک ئاواتەوە پێیان وتم کە دکتۆرەکەی ئێرە بە ماڵی کاک "ئاوات"ی گوتوە لە ئێستادا ناکرێت بە هیچ شێوەیەک جووڵە بە کاک ئاوات بکرێ، لەگەڵ داخ و پەژارەیەکی زۆردا هەر ئەوشەوە درەنگانی شەو بەمنیان ڕاگەیاند ئاوات وەفاتی کرد، بەڵام من لەوێ ڕۆژێوە

هەتــــاکوو ئەمـــــڕۆ، ئەو گەرموگـــــوڕی و دڵســـــۆزی وەفــــا و مرۆڤدۆستی و بەخشندەییەی ڕێزدار دکتۆر تەها ڕەسووڵ لەلام بوەتە جوانترین هێمای ئینساندۆستی بۆ جەنابیان، لە ئەوساوە هەتـا ئیسـتا و هەتـا مـردنیش دوا پێکم پێ نۆش دەکات، لەلای بەندە کاک دکتۆر تەها ڕەسووڵ هێمای جوانییەکی زۆر بێوینەیە و لە دڵیشـــەوە پـــێم خـــۆش بـــوو ئەو دەورە جـــوانەی وەک نووسینێک بۆ مێژوو لەم کتێبەدا یاداشت بکەم کە کاتێک هەواڵی ئەوەم پێگەیشـت هـاوڕێی ئـازیزم قەڵەم بـوێر ڕێـزدار "کـارزان کۆیی" بەتەمـای ئەوەیە کتێبێک لەسـەر کارە جوانەکانی ڕێزدار دکتــۆر تەهــا ڕەســـووڵ دەربکـــات تکـــام لـــێ کـــرد ئەم دەورە جوانەشی بخاتە ڕیزی سەرجەم کارە جوانەکانی جەنابی دکتۆر تەها و وەها بکات هەم وەک یادێکی کـاک "ئـاوات"ی کتێبخـانەی ئاوات و هەم وەک دەورێکی جوانی کـاک دکتـۆر تەهـا ڕەسـووڵ لە ڕیزبەنـدی کتێبەکەیـدا جێگـای بکـاتەوە، بەڵام ئەمـڕۆ کـاک "کارزان کۆیی" خۆی ئاگاداری کردم و گوتی بەداخەوە ئەوەی تۆ نووسیبووت لەلام فەوتاوە بەیانیش کتێبەکە چاپ دەکەم بۆیە فەرمـووی ئەگەر کـرا هەم جارێکـی تـر بـۆی بنووسـمەوە منـیش هەر ئەمشە و بەپەلە دووبارە بۆم نووسییەوە.

لێــرەدا لە کانگـــای دڵەوە دەستخۆشـــی لە هـــاوڕێم کـــاکە "کــارزان کــۆیی" دەکەم بــۆ ئەم کــارە جــوانەی و ڕەتکــردنەوەی ئەوەی دەوترێـت گـوایە "ئـێمە گەلێکـی مـرد و پەرسـتیزیندوو کوژین".

# پیاوە ماندوو نەناسەکەی ڕێگای خزمەتی مرۆڤایەتیی



**ئاکۆ حەمەد ڕابی**
**ڕۆژنامەنووس**

هێندەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و سەرجەم کابینەکانی پێشووی حکومەتی هەرێم، خزمەتی کایەی ڕۆشنبیری و بواری کولتوور و ئەدەب و فەرهەنگی کردووە، کەم شاری کوردستانی عێراق بە پارچەکانی دیکەشەوە هەیە، کە ڕادیۆیەکی تێدا دانەمەزراندبێت، کەم هونەرمەندی ناسراو هەیە کە پەیکەرێکی بۆ چێ نەکردبێت، کەم ڕێکخراوی مەدەنی هەیە کە ئەو هاوکاریی نەکردبێت، بەرهەمی دەیان نووسەری کوردی چاپ کردووە، یارمەتیی چەندین هونەرمەندی داوە تا پرۆژەکان و کارە هونەرییەکانی خۆیان تەواو بکەن، چەندین کتێبخانەی لە شارە جیاجیاکانی کوردستان دامەزراندووە، خودانی دەیان چالاکیی ژینگەیی و ڕۆشنبیریی و کولتووری بووە، خزمەتی

دەیـــان مـــاڵی شـــەهید و کەمـــدەرامەتی کـــردووە، پێداویســـتیی پزیشکی بۆ چەندین نەخۆشخانە دابین کردووە و هاوکار بووە بۆ دروستکردنی چەندین نەخۆشخانە، هاوکاریی تایبەتی عەلی عاشـق وەزیـری تەنیـای کـردووە، هەمـوو کـات بـۆ خزمەتـی مرۆڤـــایەتی دەســـت لەســـەر ســـنگە، کەســـێکی مرۆدۆســـتی چاکەخوازی خۆنەویستی ئەهلی خزمەتی مرۆڤایەتی و چاکەی گشتییە ئەو کەسە "د. تەها ڕەسووڵە" من هیچ کارێکم پێی نییە... ئەممـا مـرۆڤ کە ئەو کـار و خزمەتـانە دەبینێـت کە بـێ هـیچ مەبەســتێکی سیاســی یــان نــاو و ناوبانــگ کردویەتــی، قەڵەم ناتوانێت لە ئاستیدا بێدەنگ بێت، هیڤیدارم سەرکەوتوو و تەمەنی درێژ بێت بۆ خزمەتی زیاتری مرۆڤایەتی.

# د . تەها ڕەسووڵ، پیاوێك گەورەتر لە پیاوەتی



**نووسەر: هونەر تۆفیق**

ئەم دکتۆر تەهایەم لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا لە مۆسکۆ ناسی، خانمێکی کورد ئاوارە بە منداڵێکەوە، مێردەکەی بە هۆی کێشەیەکەوە سزای هەشت ساڵ زیندانی درابوو، ناونیشانی ئەم دکتۆر تەهایەیان بۆ هەڵدام کە دەتوانرێت لە نوێنەرایەتی و بنکەی میدیای پەکەکە لە مۆسکۆ ببینین، لەو دۆخە خراپەی ڕووسەکاندا کە تازە سۆڤیەت هەڵوەشابوویەوە، کەس بەکەس نەبوو، ئەم پیاوە بوویە فریاد ڕەسی ئەو خێزانە، لەو کاتەوە کەم تا زۆر ئەم پیاوە دەناسم، سپۆنسەری دەیان پەیکەری لە سلێمانیدا کردووە (بەدەر لەوەی بەها هونەرییەکەی چۆنە و چییە!) ئەم پیاوە دەستکراوەیە لە پشتیوانی هونەری و ڕۆشنبیریی سلێمانی، زیاتر لە ٥٨٠ کتێبی لەسەر ئەرکی خۆی بۆ نووسەر و وەرگێر لە دەزگاکەی دەزگای جەمال عیرفان بە چاپ گەیاندووە، هیچ کام لەو

ئیشانەی هێندەی ئەم گەورەییەی لەبەردەم ئەم ژنە نەناسەدا کە دایکـی شـەهیدێکە هـانی ئەم ستایشـەی نەدام، چ گەورەییەکـی جـوانە پیاوێـک، بزنسـمانێکی کـورد ئـاوا بەتەوازوعەوە بچـووک بێـتەوە لەبەردەم خەڵـک و خاکـدا، فیـزی سـەرمایەکەی مەسـتی نەکردبێت... بژیت دکتۆر تەها، خۆت گەورە کرد و لـوتی ملیـارد دێرەکانی کوردت شکاند.

## سێبەری پەیکەرێك بۆ هەمووان،
## پیاوێك لە خەمی نیشتماندا



**شاخەوان سدیق**

### چەند ووشەیەک بۆ فیداکارییەکانی "د. تەها ڕەسووڵ"

هەمیشە و لە هەموو کۆمەڵگاکانی دونیادا، مرۆڤانێک هەن قوربانین، هەندێک جار ئەم قوربانیبوونە ئارەزوومەندانەیە و هەندێک جاریش ناچاری و زۆرەملێ. ئەوەی کە وا دەکات هەمیشە کەسی قوربانیدەر نرخ و بەهای زیاتربێت و کارەکانی نرخی زیاتریان هەبێت، چ لەناو کۆمەڵگا و چ لەناو مێژوودا، ئەو جۆرە لە قوربانیدانە کە ئارەزوومەندانەیە و بێ هیچ زۆرلێکردنێک مرۆ خۆی هەڵیدەبژێرێت و وەک ئەرک لەسەر شانی خۆی دەیبینێت. (د. تەها ڕەسووڵ) لە جۆری ئەو مرۆڤانەیە، کە سەرمەشقی قوربانیدانی ئارەزوومەندانەیە بۆ نیشتمان. بەبێ ئەوەی کەس ڕای سپاردبێت و زۆری لێ کردبێت، ئەو خزمەتکردنی نیشتمان و گەلەکەی هەمیشە وەک ئەرک و پێویستی بینیوە.

لە کتێبی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا "ڕۆسۆ" کاتێک باس لە چەمکی هاوڵاتیبوون دەکات، باس لە یاسای "ئەرک و ماف" لە نێوان تاک و دەسەڵاتدا دەکات، واتە هەموو هاوڵاتییەک لە کۆمەڵگادا، "ئەرکی چییە و مافی چییە). بەپێی ئەم بنەمایەش مرۆ کە زانی مافەکانی چین، پێویستە ئەرکەکانی بەباشی بەڕێوە بەرێت، "د. تەها ڕەسووڵ" لە جۆری ئەو مرۆڤانەیە، کە نەک پێداگری لەسەر مافەکانی خۆی ناکات، بەڵکوو هەمیشە لە خەمی بەجێهێنانی ئەرکەکانیدا، بۆ ئەو لای ئەو ئەرکەکانی تەنها بەرامبەر بە تاک یان دەسەڵات نییە، ئەو خەمی نیشتمان و خزمەتکردنی وەک ئەرکە گەورە ئەخلاقییەکە دەبینێت و هەمیشە خۆی بە قەرزاربار و خزمەتکاری نیشتمان دەبینێت. بۆیە چەمکی هاوڵاتیبوون لای ئەو بەستراوە بە چەمکی خزمەتکاریبوون بۆ دایکی نیشتمان. ئەمەش لە ئەنجامدانی کارەکانیا دیارە نەک تەنها قسە و گوفتار.  ئەگەر بەوردی لە بیرۆکەی سەرمایەداری بڕوانین، تێدەگەین ئەو چەمکە چەند کار لەسەر جیاوازیی کۆمەڵایەتی "تبقات لاجتماعی" دەکات، بە جۆرێک مرۆ گەر خاوەنی سەرمایە بوو بێ مەبەست لە کۆمەڵگا دوور دەکەوێتەوە و خۆی لە تاکەکان بەدوور دەگرێت، "د. تەها ڕەسووڵ" لە جۆری ئەو مرۆڤانەیە، یاسایی چینایەتی ڕەت دەکاتەوە و بوونی سەرمایە لای ئەو پێچەوانە دەبێتەوە، سەرمایە بۆ ئەو دەبێتە ئامرازێک بۆ خزمەتی گشتی و هێنانەناوەوەی بۆ ناو کۆمەڵگا و زیاتر تێکەڵبوون بە تاکەکان.

ئەگەر بەوردی سەرنج لە شێوەی ژیانی مرۆڤ بدەین، تێدەگەین کە بەسروشت بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و پێویستی

بە پێکەوەژیـــان و هاوکـــاریی یەکتـــر هەیە، هەر ئەم پێویســـتی پێکەوە ژیانەش وای لـێ کـردووە لە ئەشکەوتەکانەوە دابەزێتە خـوارەوە و شـــار دروســـت بکـــات، وەک "هانـــا ئارێنـــت" دەڵێـــت "دواجـــار ئەوەی لەســـەر زەوی دەژی مـــرۆڤ نیـــیە، بەڵکـــوو مرۆڤەکـــانن" واتە مـــرۆڤ بەتەنهـــا ناتوانێـــت بـــژی و هەمیشـــە پێویستی بەهاوکاری و پێکەوەبوونی مرۆڤەکانی تـرە، جـا لەو نێوانەدا یەکێک بەهێزە، یەکێک لاواز، یەکێک ژیـر و وریـایە و یەک تەمەڵ و کەم توانـا، یەک سـەرمایەدارە و یەکێـک هەژار و مامناوەند. کە بوونی هەموو ئەم جیاوازییانە و سەدانی تـر، وا دەکـات پێویســـتیی مرۆڤەکـــان بەیەکتـــر زیـــاتر بێـــت، "د. تەهـــا ڕەســـووڵ" لە جـــۆری ئەو مرۆڤـــانەیە، کە هەمیشـــە هاوکـــار و پشـــتیوانی هەمـــووان بـــووە و ئەوەی بیناســـێت یـــان نـــاو ڕێـــی کەوتبێـــتە لای ئەو ئیشـــی پێـــی بووبێـــت، بەو پەڕی ســـنگ فراوانییەوە بۆی جێبەجێ کردووە.

ئەگەر سەرنج بدەین لە گرنگی توانستەکانی مرۆڤ، دەبینین کە هەنـدێک مـرۆڤ بەسروسـت خۆیـان خـاوەن تایبەتمەنـدیی گەورەن و چ لەسـەر ئاستی کۆمەڵگاکانیـان و چ لەسـەر ئاسـتی دەرەوەش کـــاریگەری و نـــاوی گەورەیـــان هەیە، ئەو مرۆڤـــانە ئەوانەن کە یـــان بە بەهەرە و تواناکـــانی خۆیـــان، یـــان بەو سـەرمایەی هەیـانە خزمەت بە کۆمەڵگـا و بـواری پەروەردەی و ڕۆشنبیری دەکەن هەر وەک ئەوەی "هەمزە هـاتۆڤ" لە وڵاتێکی بچووکی وەک "داغستان" کردی و بە نووسینی کتێبێک بە نـاوی "داغستانی من" وڵاتێکی بچـووک و فەرامۆشکراوی بە هەمـووان ناسـاند و بەبیـری هەمـووانی هێنـایەوە، "د. تەهـا ڕەسـووڵ" لە

جۆری ئەو مرۆڤە کاریگەرانەیە، کە بەتوانا مادییەکەی خزمەتێکی گەورە و فراوانی لە بوارەکانی "پەروەردە و ڕۆشنبیری"دا کردووە و نەک هەر ئەوەش زیاد لە هەمووان لە خەمی ناساندنی پیاوە گەورە و منەوەر و نووسەر و شاعیرانی گەلەکەیدایە و ئەوەندەی بۆی کرابێت لە ڕێگەی دەرکردنی کتێب لەسەر ژیان و ئەزموونەکەیان و دروستکردنی پەیکەر بۆیان، خزمەتی گەورەیان دەکات و بەو کارەش بە هەمووان دەڵێت با داهێنەرەکانی خۆمان لەبیر نەکەین. هەر گەلێک ڕێز لە داهێنەرەکانی خۆی نەگرێت، هەرگیز ناتوانێت پێش بکەوێت.

هەموو ئەمانەش لە هەرە باشترین ئەو تایبەتمەندییانەن، کە پێویستە لە هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان و کەسایەتیدا هەبێت. هەم بەرامبەر بە کۆمەڵگا و هەم بەرامبەر بە نیشتمان. بۆیە من ئەم پیاوە وەک پەیکەرێکی زیندوو دەبینم کە سێبەری بێ جیاوازی بۆ هەمووانە و خەمی ئەو جیاواز لە هەمووان تەنها و تەنها پێشکەوتنی نیشتمانە و نیشتمانە و بەس.

# دکتۆر تەها ڕەسووڵیش، لەسەرێکی ترەوە خەریکە



**نووسەر: بەهرۆز جەعفەر**

کـــــــورد لە کەیەوە خەریــــــکە... ئەمە ناونیشـــــــانێکی سەرنجڕاکێشـــی نـــاو ئەو کتێـــبە بـــوو، کە هـــاوەڵی ئـــازیز و خۆشەویســت "دکتـۆر تەهـا ڕەسـووڵ" پێشکەشـی کـردم، ئێـرە ناوەندی هزریی و چاپ و بڵاوکردنەوەی جەمال عیرفانە، یەکێک لە دەیـان پـڕۆژەی دکتـۆر تەهـا... هەوڵـێکە بـۆ قوتـاربوون لە هەژاریـی فەرهەنگـی، ئەمە سـەری گـرفتە گەورەکەیە... ئەممـا سەرێکی پێویست

مەسەلەن، نزیک بە (٢٦٠) ساڵە ئادام سمس کتێبی "سامانی نەتەوەکـان"ی نووسـیوە، بە هەمـوو زمانەکـانی دونیـا هەیە، بە کوردی تازە لە کتێبخانەی جەمال عیرفان پێش چاوم دەکەوێت، چیخـۆف و کەپیتـاڵی مـارکس بـۆ یەکەم جـار هەر لە ناوەنـدە ڕۆشنبیری و هزرییەکەی جەمال عیرفان بینیم، "بەیەکداکێشـانی شارسـتانیەتەکان"ی سـامویل هۆنتگتـۆن، لە هەمـوو ئەمـانەش گرنگتـر زیـاتر لە دوانـزە سـاڵە دادود ئۆغلـۆ کتێبـی "قـووڵایی ستراتیجی" نووسیوە، تێزەکە جیهان لێی بە ئاگایە، کەچی کورد

لێـی بـێ ئاگـایه، یەکەم جـاره ئەم کتێبخـانەی جەمـال عیرفـانە دەیکەن بە کوردی و چاپی دەکەن.

ئینسـکلۆپیدیای کەرکـوک زیـاتر لە (٥٠٠٠) پێـنج هەزار لاپەڕەیە، بە هەمان شێوە ناوەندی جەمال عیرفان بەشداری لە بەرهەمهێنانیدا دەکات، لێرەدا دەپرسین چوارده ساڵه حوکمڕانی حیـزب و بەرپرسـانی کـورد لە کەرکوکـدا چـی بەشـدارییەکی فەرهەنگی و مێژوویـی و هزریـی بـۆ شـارەکە لە هەگبەدا بـووه جگە لە ڕا و ڕووتی و بە مەڵتی ملیاردێرکردنی چەند گرووپێک، ئەی بۆ ئەم کارانەتان نەکرد؟

حیزبـی کـوردی خـۆی لە کـوێیە و ئـیش و کـاری چیـیە، کە دکتـۆر تەهـا سـەرقاڵی ئەمـانەیە؟ حیزبێـک کە مەکینە فیکریـی و شۆڕشگێڕییەکەی "شەهید ئارام"ە، کەچی دکتۆر تەها ڕەسووڵ پەیکەرێکی بۆ کردووه لە (٢٠١٨)ەدا.

کارەسـات "وجـودێکی لاواز" لە خراپـی دۆخـی سیاسـی یـان ئابوورییەوه نایات، کارەساتە گەورەکانی مێژوو بەسـەر کورددا هـاتوون، هـۆیەکەی فـوقری فەرهەنگیـیە... عەرەب و فـارس و تورک بۆچی بوون بە میللەتانی سەردەست؟ چونکە فەرهەنگیـان بۆ خۆیـان دروسـت کـردووه، ئەوه بۆیە ئیمڕۆکە ئەوان لەسـەر میراتـی فەرمـانڕەوایی ئەخمینییەکـان و عوسـمانییەکان و چەخماخەکـانی نـیمچەدوورگەی عەرەب دانیشـتوون "کە لەسەرەوه گەیشتوونەتە جەبەل تاریق و ئیسپانیا لە خواریشەوه لە ئینـدۆنیزیان"، کـوردیش ئەوەتـا دوو شـارۆچکەی هەیە لە هەرێمێکدا بە پەنجـا حیـزبەوه پێـی ئیداره نادرێت! لە شـارێکدا حیزبێک شەش باڵ و بـاڵۆچکەی هەیە! میللەتێک ڕۆشنبیرەکانی،

وە سیاسییەکانی، نە کتێب، نە مێژوو، نە سینەما، نە هونەر، نە ئەدەب، نە زانستیان بەلاوە گرنگ نەبێت، بێگومان ئەمە هەژارییە لە فەرهەنگدا... ئاخر من و تۆ بەچی کوردین! تاکی کورد جەمال عیرفان ناناسێت؟ ئەمین زەکی بەگ ناناسێت؟ نازانیت لە میزۆپۆتامیا چی گوزەراوە؟ ماددەکان، هەخامەنشینەکان، کورد لە سەردەمی فتوحات، کورد و خەلافەتە یەک لەدوای یەکەکان... داد و بێداد سیاسی و هونەرمەند و نووسەری ئێمە ڕێبازە ئەدەبییەکان و مێژووی ئەدەبی کوردیی نازانێ، خانی و مەلای جەزیری ناناسێت...لە چەمچەماڵ ئەژی گوندی چەرمووی نەدیوە، لە لای مزگەوتی گەورەی سلێمانی پیاسە دەکات نازانێ گۆڕەکانی ناو مزگەوتەکە هیی کێیە...!

دکتۆر تەها ڕەسووڵ، ئالێرەوە خزمەتەکانی دیار و بەرچاوە، دەستکارییەکی گەورەی تێگەیشتنی کۆمەڵگەی کوردیی دەکات بێ ئەوەی هیچ موزایەدەیەکی سیاسی و ئایدۆلۆجی بکات، چی ئەبوو هەر سیاسییەک لە کوردستان نیوەی تەها ڕەسووڵ بەئاگا، خوێندەوار، بە هیمەت کاریان بۆ بیناکردنی "کوردستانێکی بەهێز" کردبایە

سەیری ئەو ناوە "جەمال عیرفان!" ئەم چینەی ئیمڕۆکەی خەڵکی سلێمانی لە هەزار کەس یەکێکیان نەیان دەزانی جەمال عیرفان کێیە و کێ بووە؟ ڕۆشنبیرێکی گەورە و ئەفسەرێکی پایە بەرزی ژێر دەستەلاتی دەوڵەتی عوسمانی بووە، ساڵی (١٨٨١) لە سلێمانی لە دایک بووە، مامۆستا و کەسێتی ئیداری و نووسەر و نیشتمانپەروەر بووە، پێش ئەوەی ئینگلیز دەستی بگاتە بیناقاقای کورد، جەمال عیرفان وتویەتی ئێمە میللەتێکی

سەربەخۆین، ناکرێ هەموومان چاوەڕێی خودا بین، دەبێت لەسەر زەوی خۆمان بۆ خۆمان شتێک بکەین... ئیتر حەشامات پەلاماریان داوە و سەرکۆنەشیان کردووە، بۆ بەرزڕاگرتنی ئەو کەسایەتییە لەو شوێنەی کە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق کوردەکانیان تێدا فەلاقە دەکرد و مرۆڤیان تێدا لەخاچ دەدا پیاوێکی وەک دکتۆر تەها ڕەسووڵ کافتریا و ناوەندێکی چاپ و بڵاوکردنەوە بە ناوی "جەمال عیرفان" کردووەتەوە

ئەم نووسینەم بۆ ئەوەیە دەوڵەمەند و سیاسییە بازرگانەکانی کورد بزانن، ڕۆژی دووجار نەتەوە یەکگرتووەکان و دۆناڵد ترامپ پێشوازیتان لێ بکات، خاوەنی سەدەها ملیاری کەڵەکەبوو بن، ئەگەر ڕەگی حورمەت و پێگەتان بە ناخی دەوروبەر و میللەتەکەی خۆتاندا نەچوبێتە خوار، ئەوا هیچ بەهایەکی نییە.

# بۆ دکتۆر تەها ڕەسووڵ



**چیا لەتیف - بابە علی**

من لەسەر بەڵێنەکەی خۆمم، نەلە بیرم کردویت و نەدەتوانم لەیادت بکەم، من نازانم... سوپاسکردنی من بۆ تۆ هێندە بچووکە شەرمم دەکەم پێتی بڵێم، من نازانم ... کارەکانت هێندە پڕ و بەرزە لە شۆکدام و قسەیەکی تازەم بۆ وتن نییە، من نازانم... کەی دەرگای میوانخانەکەت دادەخەیت؟ کەی دڵت لەو هەمو موحیبەت و سۆزە پڕ دەبێت؟ کەی دەستت ماندوو دەبێت لە ڕەحمەت و بەخشین؟ کەی کتێبخانەی کوردی تێر دەکەیت؟

من ئەمانە هیچی نازانم، بەڵام دەزانم لەم پەتای کۆرۆنایەدا کە وەک دەردێک هاتە ناو ژیانمانتۆی بەرێز بویت بە دەوا بۆ هەژاران، بویت بە فریادرەس بۆ ڕزگارکردنی هەزارن کەس لە برسێتی و بێنانی و بێدەرمانی و بێخەرجی... دەزانم ئەوەی تۆ کردت بەردەوام دەبیت لەسەری و کارێکی وەختی و مەزاجی نییە، چونکە تۆی بەرێز قسەکردنت کەمە و کردارت زۆر و بالایە، ئەوەشی کردار بخاتە پێش قسەکردنەوە، خاوەنی سێ "ڕەگ"ی قوڵ و درێژە کە هیچ دێوەزمەیەک دەرەقەتی نایەت.

ڕەگی یەکەمی لە زەوی دایە.
ڕەگی دووەمی لە دڵی خەڵک دایە.
ڕەگی سێیەمی لە ئاسمان دایە.

دەزانم، خزمەتگوزارییەکانت نە کەمی کردووە و نە ڕەزیلیشت تێدا کردوون کتێب و نەمام و پەیکەر و دەرمان و خەڵات و دیاری و پێشوازیکردنت و دەرچوونەکانی خۆیشت هەموو ئەمانە یەک خەت تۆخە دەکەنەوە، یەک دێڕ مانا دەکەنەوە، یەک پەیام بەرز دەکەنەوە یەک وتار دەنووسنەوە، یەک مرۆڤیان کردووەتە نیشانە، ئەویش دکتۆر تەها ڕەسووڵە.

دەزانم بەدیلی تۆ نییەکەسیش دژایەتیی تۆی پێناکرێت، چونکە مەلەفت خاوێنە و لەسەر خوانی کەس نەبویت و نیت تەمەن و ژیانت پاکە و ڕێت بە هیچ دەست و پێیەکی ساختە نەداوە بگاتە حەرەمی کەسایەتیت و ماڵەکەت، دکتۆر گیان من نابێ هیچ کات و هیچ وەختێک تۆم لەبیر بچێت، بەس دەترسم لەوەی زۆر ناوت بهێنم و لەدەستت بدەم، دەترسم هەڵەیەک بکەم و ئیتر نەتوانم ڕاستی بکەمەوە، دەترسم لە دڵسۆزیمدا بکەومە ناو گوناهێکەوە و ڕووم نەبێ داوای بەخشینت لێ بکەم، دەترسم بەخودا دەترسم لە نەزانینمدا دڵت بشکێنم، خۆشم دەوێیت لە کتێب سەرتر... خۆشم دەوێیت لە ژیان زیاتر، خۆشم دەوێیت لە خەون بانتر... خۆشم دەوێیت لە خۆم پێشتر.

# دکتۆر تەها... توحفەیەك
# لە مرۆڤی ڕابردوو و ئێستا



**شاعیرو نووسەر**
**هێمن بەرزنجی**

هەر هێندەی بتناسێت و جارێکلەگەڵیدا دابنیشیت، لەو جارەدائەو تەنیا دادەنیشێت و گوێت لێ دەگرێت،نەرم پرسیارت لێ دەکات، خۆ ئەگەریەکێک لە کارەکانتجوان و سەنگین بێتبەلایەوە گرنگ بێت، سەرسام دەبێت و بەتەواوی‌دڵخۆشی خۆیت بۆ دەر دەبڕێت، ئەو دەوڵەمەندێکی دڵ و دەرون باشە، میواندۆست وئەدیب پەروەر و هونەردۆست و عاشقی مرۆڤ ونیشتمانی خۆیەتی، کەمتر خۆی لە خەتی سیاسی دەدات، ئەگەرچی‌باگراوندی فیکری و ئایدۆلۆجی‌لەناو بازنەیەکی سووردایە، بەڵام ئەو هەرگیزهێڵی سووری نییە بۆ هیچ پڕۆژەیەکبۆ کەسێک کە ڕووی لێ دەنێت، ئەو بەتەنیاوەزارەتێکی‌ڕۆشنبیری و هونەرە، دۆستی یەکسانی و باوەڕی تەواوی بە ئازادی‌بیر و ڕاوو بەتایبەتریش پشتگیریی ئافرەتانی وڵاتەکەیەتی، ئەو کە دەتناسێت و

لەدوورەوەدەتبینێتوەکنەجیبزادەکان وەک خانەدانەکان لەبەرت هەڵدەستێت و بەباوەشێک خۆشەویستییەوە باڵەکانیت بۆ دەکاتەوە بەرەو ڕووت دێت، فەزایەکی فراوانیبەکارە گەورە و ناوازەکانی بۆ مێژووی خۆی و گەل و نیشتمانێک داگیر کردووە ڕاناوەستێت بەردەوامەوەکباخەوانێکی گوڵچندەگەڕێت و گوڵ دەکات بە قەدی ئەم نیشتمانەبریندار و داگیر کراو و وێرانکراوەدا، لە کوێ نەمامێک هەبێتئەو دەیڕوێنێت بۆ بەرەوبووم و سایە و سێبەری نەوەکانی داهاتوو، ئەو پیاوێکە، هەمیشە نزیک لە خەمی گەلێکی ستەم دیدە و هەژار لە کتێبخانە و هونەردا، هەوڵەکانی خۆی خستووەتە گەڕ، بۆ دەوڵەمەندکردنیسەرجەم ڕەهەندەکان، لەناو کتێبخانەی کوردیدا و بەتەواوی ژانرە جۆراوجۆرەکان و هونەر بەگشتی، بواری پەیکەرتاشی و وێنەکێشان و سیرامیک و شانۆ و دراما و گۆرانی موسیقا، ئەمە جگە لەوەی، کە لەخەمی منداڵاندایە، بۆ فێربوونی زمانی وڵاتانی دیکە، لەم بوارەشدا پەیمانگایەکی خستووەتە خزمەت منداڵانی هەژار و شەهید و ئەنفالەکاندا، لەپاڵ ئەمانەشدا ڕادوێیەکی بونیاد ناوە بۆ زیاتر ڕۆشنگەری گەلەکەی کەم نین ئەو نووسەرانەیلەو دەزگا ڕۆشنبیرییەی ئەو دروستی کردووە، بەرهەمەکانیان لەوێ چاپ کراوە، دەستی ئەو بەڕووی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردییەوە هیجگار باڵایە وە ئیستا چ لە کتێبخانەی ماڵان و چ لە کتێبخانە گشتی و لاوەکییەکاندا، نابینی بەرهەمی چاپکراوی دەزگای ڕۆشنبیریی جەماڵ عیرفانی تێدا نەبێت، کە ئەو بێ هیچ سوودی سەرمایەیەک لەپشتەوە وەستاوە

من دەزانم ئەو هیچ کات، ئەم قسانەی لە بەرژەوەندیی خۆی پێخۆش نییە، دەزانمئەونایەوێت پێیدا هەڵبدەیت، بەڵامئەیچۆنبۆ مێژووتۆماری بکەینکە ئێمەشخاوەنی مرۆڤی وەها گەورە و بەخشندەین، ناکریت لەڕێزی گەورە پیاوانی وەک "کەریم ئەلەکە، نەجم الدین مەلا، عەلی کەمال، پیرەمیرد" دەیان مرۆڤی جوانی ئەم نیشتمانە بۆ مێژوو ناوزەند نەکرێت، چونکەئەو مێژووی بە بەخشندەیی وبووەکانی خۆی تۆمار کردووە، ئەوە خۆیەتیەنەک ئێمە پێمان بەخشیبێت، ئەم مرۆڤە گەورە و مەزنە سەد پەیکەری بۆ نووسەر و هونەرمەند و کەسایەتی شۆڕشگێڕ لەسەر ئەستۆی خۆی دروست کردوە، هەروەهاسەد وێنەی بەقەبارەی گەورە و ئۆرجیناڵ دیسان بۆ هونەرمەند و نووسەر وکەسایەتی دیاریئەم گەلەی لەسەر ئەستۆی خۆی دروست کردووە، زیاتر لە هەزارکتێبیشی لە بوارە جیاجیاکاندا، بۆ نووسەران چاپ کردووە، ئەمە سەرەڕای دەیان هاوکاریی تایبەت بۆ ئەو کەسانەی پێویستیان پێی بووە و ڕووی متمانەیان لێ ناوە، لەگەڵ دروستکردنی چەندیننەخۆشخانە و قوتابخانە و کاری مرۆدۆستانەی دیکە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانمبەسەرهاتێکی بەڕێزی بگێڕمەوە، کاک دکتۆر تەها ڕەسووڵ، بۆ پێداویستیی خۆی دەڕواتە بازاڕ، لە یەکێک لە شەقامەکان، دوو منداڵی بۆیاخچی بانگی لی دەکەن، مامە با قۆندەرەکانت بۆ بۆیاخ بکەین، ئەویش بەڕوویەکی شیرینەوە پێیان دەڵێت: نا من قۆندەرەکانی ئێوە بۆیاخ دەکەم و پارەشتان دەدەمێ، من دەزانم ئەو منداڵانە، لەو ساتەدا هیچکار

دڵیان خۆش بووە زەوی و ئاسمانی ئەو جێگایەیان پڕ کردووە لە قریوە و پێکەنین.

ئەمەیە بەخشندەی مرۆڤی باڵا، پیرەمێرد وتەنی سوراحی سەری فروهێناوە بۆ پیاڵە ئەمە جگە لەوەیلە چەندان بۆنەی تایبەتدا دەیانکاری مرۆڤدۆستانەم لێ دیوە، لە هەموویان جوانتر و بالاّتر وێنەیەک هەیەبەڕێزی دادەنەوێتەوە قاچی‌دایکێکی شەهید ماچ دەکات.

سوپاس کاک دکتۆر تەها، کە تۆ هەیت. دەستی میهرەبانیت لەجێگەی ئەو منداڵانە ماچ دەکەم، چونکە منرۆژگارێکبۆیاخچی و حەماڵ بووم دەزانم ئەوهەستە چەند خۆشە.

# دوور لە ئەجندای حیزبی
# دکتۆر تەها ڕەسووڵم خۆش دەوێت



**دارەوان حاجی حامید**
**سەرۆکی دامەزراوەی سەنتەری فەرەنسی کوردی بۆ گەشەپێدانی پەروەردە و کولتوور**

دوور لە ئەجندای حزبی، دوور لە بیرکردنەوەی تەسکی حیزبی دکتۆر تەها ڕەسووڵم خۆش دەوێ، لەبەر ئەوەی جیاواز لە لایەنە مادیی خاوەنی جیاوازییەکی تری فیکیرییە...!

ئەم دکتۆرە لایەنێکی ئێپستۆمۆلۆژی لۆژیکییانەی هەیە و خاوەنی فەزیلەتێکە بۆیە ئومێدێک لەم مەعریفەتە دەبینم، من پێم وایە ئەو چینە ئەرستۆکراتییەی دوای شۆرش کە لەلایەن چەند پرۆڤیسۆرێکی کوردی بەم شێوەیە ناسێنراوە، لەلایەنی مادییەکەیەوە جیاوازییان لەگەڵ چینەکانی تردا هەبێت، ئەوانە زیاتر کەسانی پارەدار و سەرمایەدارن نەک لە جەوهەری فیکریدا لە کۆمەڵگا جیا بکرێنەوە دەشێ بە بورژوا ناویان بەرین، وەلێ ئەم پیاوە وەک ئەرستۆکراتییەکی کۆنی گریکییە جگە لەوەی سەرمایەدارێکی دەستڕۆشتووە خاوەنی بیرێکی

فەلسەفی و فیکری مەزنە لەناو ڕۆشنبیر و کتێبخانەکانی ئەمڕۆی کوردستاندا.

من دەستخۆشی لە دکتۆر تەها دەکەم و ئومێدەوارم هەموو لایەک بتوانن هاوشێوەیی ئەم پیاوە توێژینەوە دروست بکەن، ئومێدێکی زۆرم بەم پیاوە هەیە و لەپەنای ئەوەوە هەوڵێکی مەزنی بەرپاکردنی ڕێنسانسێکی فیکری لاهوتی ئیسلامی جیاواز لە پیاوانی تەسەوف دەبینم، هیوادارم ڕێز لە کارەکانی ئەم پیاوە بگیرێت، دکتۆر بەردەوامبە و لە ڕێگەی کۆمەڵگەی پەروەردەی مارگرێت و دەزگای خێرخوازی کەریمی عەلەکە و ڕادوێی مارگرێت و تیڤی مارگرێتەوە دەستی ئەو گەنجانە بگرە کە ئەمڕۆکە ئومێدێکی گەورەیان لێ چاوەڕوان دەکرێت، بەڵام بەداخەوە تاوەکوو ئێستا وەکوو پێویست گرنگییان پێ نەدراوە و نەتوانراوە لە کەسانی بیرتەسک و کۆیلەی پارە جیا بکرێنەوە، کۆمەڵگای ئێمە چەند پێویستی بە ڕیفۆرمی ئایدۆلۆجی هەیە هێندەش زیاتر پێویستی بە ناساندنی ئەزموونی قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا هەیە و پێویستی بە ناساندنی قۆناغی مۆدێرنی عەقڵخوازەکان و ئەزمونخوازەکان هەیە.

لەکۆتاییدا سوپاسی ماندووبوونت دەکەم و بەندە کە خاوەنی بڕوانامەی ماستەر و خوێندکاری دکتۆرام لە فەرەنسا تەواو ئیمانم بە ڕێنسانسێکی فیکری ئیسلامی هەیە دەستخۆشییەکی گەورەت لێ دەکەم، پاڵپشتی تەواوی کارەکانتنم، وەک چۆن هەمیشە پاڵپشتی کارەکانی منیت.

# پیاوە ئاڵتونییەکەی شار



**ڕزگار غفور ڕەحیم**

زۆرن ئەو کەسانەی بەبێ گوێدانە بەرژەوەندی مادی لە سوچێکی کۆمەڵگادا بەهێمنی دوور لە موزایەدە و بەرژەوەندیی سیاسی کاری مرۆڤانە دەکەن بۆ هاونیشتمانان، گەر لە سەردەمی شێخ مەحموود ناوی "کەریمی ئەلەکە" لە سەخاوەت و دەست و دڵ باشی لە بەخشین ئەستێرەیەکی درەوشاوە بووبێت، ئەوە خۆشبەختانە ئەمڕۆ "دکتۆر تەها ڕەسووڵ" پیاوە ئاڵتونییە سادە و ڕۆشنبیرەکەیشار درێژەپێدەری هەمان دڵ و دەروونە بۆ بەخشین و هاوکاریی هاونیشتمانیان، جێگەی خۆیەتی سوپاسی ئەم هاوڕێ بەڕێزە بکەم کە توانی ئەمڕۆ پاڵپشتی و پشتیوانی خۆیمان بۆ دووپات بکاتەوە و لە خەمی تەندروستی هاوڵاتییاندا بێت، هەر وەک چۆن پێشتر لە خەمی خوێندکاراندا بوو لە سنوورە جیاکانی کوردستان، ئەمڕۆش لەخەمی ئێمەدا بوو کۆمەڵی پێداویستیی بۆ دابین کردین، جێی خۆیەتی سوپاس و دەستخۆشی لێ بکەین و هیوای بەردەوامی و خزمەتی زیاتر بۆ دکتۆری ئازیز و خۆشەویست و مرۆڤدۆست.

# بەدەوڵەمەندەکانی کورد بڵێ پیاوێك هەیە نیوەی سەروەتەکەی دەبەخشێت بە شێتی دەزانن



**دەرباز جەمال**
**شاعیری خەمەکانی نیشتمان**

دکتۆر تەها ڕەسووڵ من ئەم پیاوە لە نزیکەوە دەناسم گومانم هەیە لە کوردبوونی ئاخر کام سەرمایەداری کورد بایی ٢٠٠ دەفتەر دۆلار کتێب لە زمانەکانی دنیاوە وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی و چاپی دەکات بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی و چەندین پەیکەر دروست دەکات بۆ کەسایەتییە گەورەکانی کورد، کێ دەچێت کارگەی برنج دادەنێت و لە وڵاتی ئازەربایجانەوە چەڵتوک دەهێنێت و دەیهاڕێت، هەمووی دەبەخشێت بە ماڵە هەژارەکان لە هەموو شارەکانی کوردستان؟ کە بەشێکی زۆری بە دەستی خۆم دابەشم کردووە، کێ چەندین دەفتەر دۆلار دەبەخشێت بۆ دروستکردنی خەستەخانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا، کێ بڕی ٦٠٠ ملیۆن تمەن دەنێرێت بۆ شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا هەروەها کێ ١٠٠ هەزار دەستکێش

و دەمامـک و پـاککەرەوە بەبـی بەرامـبەر لەسـەر شـەقامەکان دەبەخشێت بە هاولاتییان، کێ وەک ئەو بەبێ دەنگی هاوکاریی هەزاران هەژاری ئەم ولاتە دەکات، چی بژمێرم هێشتا ڕوبعێکی ئەو کـارە خیرخوازییـانەم بەیـان نەکـردووە کە خـۆم ئاگـادارم دەیانکـات، ئەم نووسـینەم تەنیـا لەبەر ئەوە نووسـیوە خەڵـک بێئومێد بووە لەم ولاتە پێیان وایە مرۆڤی باشی تێدا نەمـاوە مـن ئەم مـرۆڤە باشـە دەناسـم و لە نـزیکەوە ئاگـاداری کارەکـانیم و خۆشـم لە دەزگـای خیرخـوازی کەریمـی عەلەکە کە هیـی دکتـۆر تەها ڕەسوولە و من کاری خێرخوازیی تێدا دەکەم.

**هەر لایێ بادەی شەوقـــــێوەم وەردا**
**یەکسەر سەر چون گیان شاباشم کەردا**

(مەولەوی کورد)



**اسماعیل محمودینووسەر**

وەک کەمترین ئەمەگ و وەفا بۆ کاک دکتۆر تەها ڕەسووڵ و دەزگای خیرخوازیی کەریمی ئەلەکە چ جوان و چ هیوابەخش و چ شـــکۆمەندە لەم دۆخە هەســـتیار و کوشـــندەیەدا، هاونیشـتمانییەک هەسـتێت بەوپەڕی دڵسـۆزی، بەخشـندەیی و دڵفـراوانییەوە ئەرکـی ئینسـانی و ئەخلاقـی و نیشـتمانیی خـۆی بەجـێ بێنیـت، دەزگـای خێرخـوازیی کەریمـی ئەلەکە بە سەرپەرشتیی زۆر بەڕێز کاک دکتۆر تەها ڕەسووڵ، شارەکانی کوردسـتانی ئێرانـی لەیـاد نەکـردووە و بەوپەڕی گەورەیـی و دڵسـۆزییەوە بە هانـای ئەو ڕێخـراوانەوە هـات کە سـەرقاڵی دابەشـکردنی بەسـتەی خـۆراکیین بەسـەر بنەمـاڵە هەژار و کەمداهاتەکانی نیشتماندا، بۆیە من وەک تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە پاش ئاگاداربوونەوە لەو کـارە بەرز و بەنـرخەی کـاک دکتـۆر، جیا لەوەی گەشامەوە، لێوانلێو بووم لە هیوا و ژیـان و داهـاتوو، بە ئەرکـی خـۆم زانـی، سپاس و پێزانینـی خـۆم ئاڕاسـتەی ئەو یـادکردنەوە و وەفـایەی کـاک دکتـۆر و دەزگـای کەریمـی ئەلەکە بکەم، ئاواتەخوازم نموونەی کاک دکتۆر لەم نیشتمانەدا زۆرتـر و زۆتر بێت بمێنیت بۆمان بە تەندروستی و سەرفەرازی.

# پاڵەوان و مێرخاسی زەمەنی کۆڕۆنا

سەهەند محەمەد

بەسروشت وایە کورد چێژ لە ناونیشانی گەورە وەردەگرێت، هەمیشە حەزی لێیە بە مانشێتی گەورە و تابلۆی گەورە کاڵای خۆی وەبازاڕ بخات، لەسەر بنەڕەتی "گڵی دوور دەرمانە" ناوی سەمەرەی دەرەوەی فەرهەنگی کوردەواری بۆ دامەزراوە و کارخانە و ڕێکخراوەکانی هەڵدەبژێرێت، هەموویان حەز دەکەن دەستەواژە و ئیدیۆمی "نێودەوڵەتی" بە ڕێکخراوەکانیانەوە بلکێنن، لە کاتێکدا ئەو ناوە گەورانە، جگە لە شارێکی وێران بترازێ چیتری لێ شین نابێتەوە. بۆ هەموو چوارچێوەیەک، ڕێکخراو بێت یان کارخانە، سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنان بێت یان خێرۆمەندی و قازانجنەویست، زۆر گرنگە لەسەر دوو ئاست کار بکات، یەکەمیان خۆدوورخستنەوە بێت لە بەکارخستنی ئیدیۆمی ناکوردی و دەرەوەی فەرهەنگی نەتەوەیی، دووەمیش زیندووکردنەوەی ئەو ناو و نازناوانە بێت، کە کورد یادەوەریی ئەرێنی لەگەڵ هەیە و لەسەر ئاستی نەتەوەیی شانازین، بەو مانایەی بوژانەوەی ناوی ئەو کەسایەتی و کارەکتەرە مێژووییانەی لە یادەوەری مرۆڤی کورددا بووەتە وێنەیەکی زەینی و جێگەی شانازی، یان ئەو ناوچە و ڕووداوە دێرۆکیانەی سەرکەوتنی مێژووی نەتەوەیی دەگێڕێتەوە، کارێکی پەسەندترە، لەو بوارەش ڕەنگە نموونەی هەرە سەرکەوتووی

زیندوو، کاری هەرە بەجێ و گەورە لەو بوارەدا ئەنجام درابێت، پڕۆژە و پاکێجە گشتگیرەکەی بەڕێز "تەها ڕەسووڵ"ە، کە لە چەند ئاستێکی جیاواز و هەمە چەشنە، لە چەند پڕۆژەیەکی قازانجنەویستدا جگە لە بەکارخستنی ئیدیۆمی کوردەواریی ڕەسەن، هاودەم ناوی چەند کارەکتەرێکی مێژوویی زیندوو کردووەتەوە، لە "مارگرێت"ی پێشمەرگەوە بۆ "جەمال عیرفان"ی منەوەر و خوێندەوار، تا دەگاتە "مەلا جەمیل"ی ڕۆژبەیانی و بۆ شەهیدی سەرکردە "ئارام" و دوا پڕۆژەی چاکەخوازی و خێرۆمەندیشی بەکارخستنی چاکەکاریی مێژووی کورد و سلێمانی "کەریمی عەلەکە"یە، کە زیندووکردنەوەی تەواوی ئەو ناوانە نیشانەی ئەوەیە، کە خەیاڵی د. تەها ڕەسووڵ، بەتەنها بریتی نییە لە وەبەرهێنانی ئاکار و مۆراڵ لە پێشخستنی فەرهەنگ و ئاکار و کولتوور، بەڵکوو هاوتا لەگەڵ ئەو ئەرک و خەونە گەورەیەدا دەشخوازێت ناوی ئەو کارەکتەرانە زیندوو بکاتەوە، کە ڕەهەندێکی شانازیی مێژووییان هەیە. ماوەی ڕابردوو ئەوەی دامەزراوەی کەریمی عەلەکە لەپێناو چاکەی گشتی و خزمەتی گشتیدا پێشکەشی کردووە، ئەوەی ئەو ڕێکخراوە خێرۆمەندییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا و بەهاناوەچوونی خەڵک خستویەتییە ڕوو، بەتەنها چاکە و گەورەییەکە بۆ کارەکتەری "د. تەها ڕەسووڵ" ناگەڕێتەوە، بەڵکوو وەک دواجار زیندووکردنەوەی ناوی کارەکتەرێکی مێژووییشە، کە ئەویش کەسایەتی گەورە و مەزنی کەریمی عەلەکەیە.

# پیاوی مـەزن خـزمەتی مەزن دەکات



**ئاسۆ قازی**

لە نـاو کوردا هەر سـەدەیەک کەسـێکی تێدا هەڵدەکەوێت کە بەخشندە بێت، سەدەی ڕابردوو کەریمی عەلەکە خزمەتی زۆری خەڵکی سلێمانی کرد، ئەم سەدەیەش دکتۆر تەها ڕەسـووڵ، زۆر جار گومان دەکەم کەسانی وەک سەرۆک ئاپۆ یان دکتۆر تەها کـورد بـن، چـونکە ئەم جـۆرە لە بیرکـردنەوە زۆر دەگـمەن و دانسـقەیە لەنـاو کـورددا، ئەم هۆشـمەندییە زۆر کەمە کە خـۆت تەرخـان بـکەی بـۆ مـیللەت بەبێ بەرژەوەنـدی و خودپەرسـتی، کەسـێک هەبێ تەمەنـی بەخشـیوە بە کوردسـتان، کەسـێک هەیە سـەروەتەکەی دەبەخشـێت بە چاپکردنی کتێـب، بە دابەشـکردنی بـرنج و خـواردن بەسـەر خەڵـکی شـارەکەیدا، بە دروسـتکردنی سـەدان پەیـکەر بـۆ کەسـایەتییەکانی کـورد، یـارمەتیی چـوار پارچەی کوردستان بدات ئەوانەی لە نزیکەوە دەیناسن دەزانن کـاک دکتـۆر تەهـا ڕسـووڵ چ خزمەتێـکی مەزنـی کـردووە بـۆ ڕۆژئـاوا بە ڕۆژهەڵات و بـاکوور، بەردەوام لە خزمەتکردنـی

باشــوور و بەتــایبەت خەڵکــی ســلێمانی دایە، ئێســتا لە هەوڵــی دابینکردنــی دەرمــانە لە ڕووســیاوە بــۆ بەرکەوتــووانی کۆرۆنــا، ســەیرە ئەم پیــاوە مەزنە هەمــوو هەوڵەکــانی بــۆ خزمەتکردنــی هــاوڵاتیی کــوردە، شــارێک نیــیە لە کوردســتای گەورە دەســتی خزمەتی دکتۆر تەهای پێنەگەشتبێت، هەر چی بنووسین لەسەر ئەم پیاوە مەزنە هێشتا سەرەتایە، جگە لە هیوای تەمەن درێژی و لەش ســاغی بــۆ جەنــابی کــاک دکتــۆر، ئومێــد دەکەم خــوا کارئاسانی زیاتری بۆ بکات بۆ خزمەتکردنی کورد و کوردستان.

# پیاوە ئاڵتونییەکە




**علی دینکە**

دکتۆر تەها ڕەسووڵ ئەو پیاوەی خەمی نیشتمانی پەرتەوازەی لە چاوەکانی دا دیارە، نەک خەمێک هەزاران خەمی نەتەوە و نیشتمان، یەکێک لەو خەمانەی لە کۆڵی ناوە بۆ پشدەرییەکانە، خۆی وتەنی دڵنیابە هەر چیم پێ بکرێت بۆ پشدەر دەیکەم، چونکە دەبێت پاداشتی پشدەرییەکان زۆر لەوە زیاتر بێت، بۆیە خۆمان بە قەرزداری پشدەرییەکان دەزانین، چونکە پشت و پەنای شۆڕشەکانی ڕۆژهەڵات و باکوور و باشوور بوون، یاخوا ئەوانەی دەسەڵات و پارە کوێری کردوون خوای دکتۆر تەها هاوشێوەکانی دکتۆر تەها بتانگرێ، لەکۆتایدا هەر پیاوە دڵسۆزەکان دەبنە خاوەنی نیشتمان و شانازی مێژوو، هاوڕێیان ئەو پێهەڵدانەم بۆ هیچ بەرژوەندییەک نییە هیچ کارێکی شەخسی لە بەینی من و ئەودا نییە، بەڵام تاکوو لێی نزیک نەبیت نازانی چۆنە، بەڵکوو دەڵێن ئەو پێداهەڵدانە کەمە بۆ ئەو پیاوە.

# زەمەنی جوامێران

## نووسینی ئاریان

لە دۆخی ئافات و مەینەتی، لە مەرگەسات و خەمی گشتیدا، پیاوی بۆ مرۆڤایەتی سوڵحاو و لەخەم چاکەی گشتیدا دەردەکەون، لێرەو لەوێ لەو زەمەنە ئاڵۆسکاوەی ترس و دڵەڕاوکێی پەتای کۆرۆنا و لاوازی سیستمی تەندروستی و هەژاری و نەداریدا، هەندێک جوامێر بۆ هەموو ئان و زەمانێک دەست دەدەن، یەکێک لەوان د. تەها ڕەسووڵە، لەوەی دەیناسم جوامێری هەموو زەمەنێکە، زەمەنی کتێب و زەمەنی پەیکەر و زەمەنی نەخۆشخانە و زەمەنی هەژاری، ئاخر لە کوێی دنیادا هەبووە، پیاوێک بۆ یادەوەری ڕابردوو پەیکەرەکان بنیاد بنێتەوە بۆ ئەوەی مێرخاسانی دوێنێ لەبیر نەچنەوە، هەر ئەو زاتەش بۆ داهاتوو نەخۆشخانە و قوتابخانە و هەموو خانەکانی تری ئاکار بینا بکاتەوە، شوێن هەر هەنگاوێک بکەوێت کە چاکەی گشتی و خەمی گشتی تێدا بێت، ڕاستییەکەشی وەک ئێمەیە لە گۆشت و خوێن، وەک ئەوانی دیکەیە لە گیرفان، بەڵام گیرفانی ئەو پڕە لە گەوهەری بەخشین و دامێنی پڕە لە ڕەوشت ماوەی ڕابردوو، لەو کاتەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووەتە بەڵایەکی گەورە لەسەر مرۆڤایەتی و هەرێمی کوردستانیش لەو بەڵایە گەورە پشکێکی بەرکەوتووە، ئامادەسازییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئەو ڤایرۆسە لە ئامادەسازیدان، بەڵام دامودەزگاکانی حکومەت و

دەسـەڵاتی کوردی بەتـەنیا دەرەقـەتی ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەو جەنگـە نایـەن، بـەڵکوو لـەو جەنگـە گەورەدایـە، پێویسـتیان بـە پاڵپشت و پشـتیوانی دڵسۆز و جوامێرانی نیشـتمان هەیە، لـەناو ئــەو مێرخاســانە تــەها ڕەســوول، لــەماوەی ڕابــردوودا شــانی کوردایەتی و مرۆڤدۆستی داوەتە بەر ئەو ئەرکە و توانیوویـەتـی لە سۆران و چەمچەماڵ و هەڵەبجە لە بیناکردنی نەخۆشخانەی تایبەت بەشدار بێت و لـە ناوچـەی پێنجوێن و شـوێنگەلی تـریش لـە دابینکردنـی پێویسـتییەکانی هـەژاران دریغـی نـەکات، ئـەوەش نیشـانی دەدات، کـە دەشـێت کارەسـاتەکان گـەورە بـن، بـەڵام بـۆ تێپەڕاندنی ئەو میحنەتانە، ئەوەی پێویستە تەنها پیاوی جوامێر و سەرمایەداری بە ئاکارە، چونکـە شـەڕی ڕاسـتەقینە لـە بەرامبـەر ئــەو چەشــنە میحناتانــە، بــە جــوامێر و مێرخاســی وەک تــەها ڕەسـوول دەکرێـت، لـە درامـای بازرگـان، کەسـایەتی سـانجۆک نموونەی ئەو مرۆڤانەیـە کـە لـەپێناو بەخشـین و چاکـەی گشـتیدا دەبەخشێت، ئەو قسـەیەکی گرنگی هـەبوو، کـە دەیـوت "بازرگـانی بەدەستهێنانی دڵ و متمانەی خەڵکـە نـەک پارەکانیـان"، هـەر بـەو پێودانگـەش تـەها ڕەسـوول وەک سـانجۆک شـوێن دڵ و ڕۆحـی خەڵک دەکەوێت، نموونەی زیاد بێت و هیوادارم ئـەوانی دیکـەش لەپێناو تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە شوێن ئەو ئاکارانە بکەون.

# سڵاو لە دکتۆر تەهای خێرخوازیی جوامێر



**حەمەی ئەحمەد ڕەسووڵ**
**کۆمەڵناس**

زۆر کەمـــــن ئەو مرۆڤـــــانەی لەپـــــاڵ دەوڵەمەنـــــدی و خۆشگوزەرانی و کەیف و سەفای ژیانی تایبەتی خۆیاندا، بیریان لای ئازار و مەینەتی و هەژاری و نەخۆشی خەڵکانی دیکە بێت و لە دەستگیرۆیی و بەهاناچوونەوە دەست و دڵیان کراوە و گەورەبـــــێ، دکتۆر تەها ڕەسووڵ یەکێکە لەو پیاوە شکۆدارە پـارەدارەی خـاوەنی بیروبـاوەڕی پـاک و مرۆڤدۆسـتییە، لە خێزانێکی نەجیب و وەتەنی و ڕێزدارە، من و کاک دکتۆر پێکەوە دوو ساڵی قۆناغی وێژەیی و ئامادەییمان خوێند، ئەم پیاوە جوانە یەکەمین کتێبی بەنرخی پێشکەش کردم و هۆکارێک بوو بۆ هاندانم لە بواری خوێندنەوە و نووسیندا... بۆیە ئێستاکەش هەر لە بـــواری ئەدەب و هـــونەر و مرۆڤدۆســـتیدا یەکەمـــی بێڕکابەرە و وەکوو کەریمی عەلەکەی نەمر، قۆڵی لێ هەڵماڵیوە

و چـاکی مەردایەتـی و خێرخـوازیی لـێ کـردووە و یەکـێکە لەو پیـاوە شـکۆدارە دەگمەنـانەی کە جـێگەی شـانازی و ڕێـز و ستایشە، ئەم کەڵە خێرخوازە لەمکاتە پڕ لە میحنەتەدا بەهانای خەڵکـان و کەمـدەرامەتان و نەخـۆش و هەژارانەوەیە و خـۆی کەسـێکی سـادەی خـاکەڕای بێفیـز و لووتبەرزییە،هیـوادارم دەوڵەمەند و پارەدارەکانی دیکەی ئەم هەرێمەش چاو لەم مەرد و شکۆدارە بکەن و بەفریادی خەڵکی هەناسە سارد و نەخۆش و بێدەرەتانەوە بچن، دەبووایە زووتر ئەم نووسینەم بخستایەتە بەرچاوی هەمووان تا ببێتە هاندەرێک بۆ کەسانی دیکەی وەکوو غەیسـی ئیمـاراتی بەتەنـگ خەڵـکەوە بـن و واز لە چـاوچنۆکی و بێویژدانی و پارەپەرستی بێنن و چاو لە دکتۆر تەهای دڵسۆز بکەن و لەجیاتی حکومەتە شکستخواردووەکە ڕوویان لە ئازار و دەردی بێنەوایان بێ دونیایەک سڵاو و ڕێز و ستایش بۆ کاک دکتۆری دڵسۆز و پیاوی جوانی شارەکەمان.

# سوپاس بۆتۆ دکتۆر تەها ڕەسووڵ



**هێمن بەرزنجی**
**نووسەر و چیرۆکنووس**

مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لەو مرۆڤە جوان و دەگمەنانەی، کە هێدی هێدی لە پاڵ ژیانی ئاسایی خۆیاندا وەک خۆر پرشنگیان بۆ ڕووناکی ژیانی کەسانی دیکە هەیە، لەکن ئەم جۆرە کەسانە بوونی مرۆڤ سەرمایەیەکی گرنگی جیهانییە، وا بیر دەکەنەوە مرۆڤ کە بۆ ئەوە نەهاتووەتە ژیانەوەی سروشتی زەوی وێران بکات، بەڵکوو هەموو گەورەیی مرۆڤ ئاوەدانکردنەوە و جوانکردنی سیمای زەوییە لەپێناو ئەو تەمەنەی کە خۆی لەناویدا دەژی.

دکتۆر تەها ڕەسووڵ ، بۆ من نەک ناوێکی دیار و مرۆڤدۆست و بەخشندەیە، بەڵکوو زاتێکی گەورەی ناو مرۆڤی کوردە، کە لەتەنیشت هێدی هێی ژیانکردنی خۆیەوە، خەمی گەورەی نەتەوایەتی و مرۆڤدۆستی کوردی تاکلایەنانە لە ئەستۆی خۆی گرتووە ئەوەی ئێمە دەیبینین بەرووی خزمەتکردن لەسەر ئەم نیشتمانە دەکرێت وەک بەشێکی بچووک لای خۆمان وێنای بکەین، چونکە ئەو هەر بەخەسڵەت حەزی بە

پیاهەڵـدان و سـتاییش نیـیە زۆریـنەی بەخشـندەییەکانی لەنـاو سندووقێکی نهێنیدا بۆ مێژوو ماوەتەوە، کە دواجار خەڵکانێک بەسیفەتی وەفادارییان باس لە مێژووی پرشکۆی خزمەتی ئەم زاتە گەورەیە دەکەن، ئەوەی ئێمە دەیبینین تەنیا وەک هاوکاری لە پڕۆژەی فەرهەنگدا، وەک پەیکەر و کتێب و شانۆ، کلیپ و هتد ... کە جار و بار لەملا و لا سەر دەردێنێت، بەڵام گەورەی ئەم مرۆڤە لەوەدایە، کە دێت نەخۆشخانە دروست دەکات، قوتابخانە دروست دەکات، هاوکاری دەیان خوێندکار دەکات، کە هەژارییان نەبێتە هۆی دەستهەڵگرتنیان لە خوێندن، دەیان نەخۆش کە بە هاوکاریی ئەو دەتوانن بەهەڵستی نەخۆشی بکەن و تەمەنیان بۆ درێژ بێتەوە، بۆیە پڕۆژە مرۆڤدۆستانەکەی ئەو تەنیا کتێب و مۆسیقا و پەیکەر و فیلم نییە، بەڵکوو هەنگاوی گەورە و جدی خەمی ئەو لە ڕووی گەشەی پێشکەوتنی شارستانیەتە سەرچاوە دەگرێت، هەر بۆیە زیادە ڕەوی نییە ئەگەر بڵێین لە هەر کەلێنێکەوە کە دەیگرێت، چەپکێک لە خەرمانی خزمەتی ئەو لەسەر مەلۆی جوانی مرۆڤی گەورەی ئەم نیشتمانە هەیە.

من بەو پەڕی شانازییەوە دەڵێم سوپاس بۆ بوونت دکتۆر گیان، کە وەک چرایەک بۆ خۆت دەسوتێت و دەوروبەر ڕۆشن دەکەیتەوە، سوپاس، کە بێ گوێدانە ماندووبوونت، سەروەتێکی خزمەتگوزاری لەگەڵ ناوەکەت دەستەبەر دەکەیت، سوپاس کە کرنوش بۆ دایکێکی شەهید دەبیت و سەری پڕ گەورەیت دادەنەوێنیت.

# تەها ڕەسووڵ پیاوی ژمارەکانە

**ئاکۆ قەڵادزێی**

جیهان وەختە دەبێتە ژمارە و مرۆڤەکانیش خەریکە دەبنە کۆد، لەناو ئەو جیهانە گریمانەییەی بازاڕ و ئابووری نوێ، ئەو دنیا هاوچەرخەی فیلم و سینەما وەختە بە باڵای مرۆڤیدا ببڕن، زۆر کەس بە ژمارەکان دەناسرێنەوە، مەگەر کێ فیلم و شاکاری (١٩٠٠)ی بیر دەچێتەوە، ئەو پاڵەوانەی لەسەر کەشتی لە دایک بوو، هەر لەسەر ئەو کەشتییەش ماڵئاوایی لە ژیان کرد، کاممان فیلمی (٣٠٠)ی لە یادەوەریدا دەسڕێتەوە، ئەو پاڵەوانانەی لەبەرامبەر سوپای بێشوماری داریوشی گەورە وەستانەوە و نەیانهێشت سپارتە بکەوێت، ئیدی لەو دەمەوە، لەسایەی تەکنۆلۆژیا و گەشەی بێ سنووری جیهانگیری، لەپەنای گۆڕینی فۆڕم و شوناسی مرۆڤ و وەرگۆڕانی بۆ کائینێک لە دنیایەکی ژمارەیی، وەختە مرۆڤ تەنها ئەوەی بۆ دەمێنێتەوە ژمارە بێت، خەریکە هەموومان بە کۆدێک دەناسرێینەوە و ناو و ناوبانگ و ڕەچەڵەک و نەژادمان دەبێتە ژمارە، ئا لەو ئان و ساتەدا، کە هەموومان بە ژمارە دەناسرێینەوە، پیاوێک هەیە دەبێتە باوکی ژمارەکان، ئەویش تەها ڕەسووڵی چاکەکارە

نازانین بەکام ژمارە بیناسینەوە، بە تەلەفۆنەکەی کە هەرگیز خامۆشبوون و داخستن و وەڵام نەدانەوەی بەخۆیەوە نەبینیوە و بە ئەدەب و کەرەمی خۆی، بە ئاخاوتنی شیرین و پڕ لەڕێزی بەردەوام بەکراوەیی ماوەتەوە، ئاخۆ بە ژمارەی پەیکەرەکان بیناسینەوە، کە هەر شەقامە و ڕاستەڕێیەک بە پەیکەرێکی سپۆنسەرکراوی ئەو یادەوەرییەکانی تۆمار کراوە، بە کتێب و بەخششەکانی جەمال عیرفان بیناسینەوە، کە بنمیچی هەموو کتێبخانەیەک و هەر دەستگێڕێکی بازاڕ کتێبێکی ئەوی بەدەستەوەیە، ئایا دەبێت بەو سەدان هەزار دەمامکە بیناسینەوە، کە بۆ پاراستنی ڕۆڵەکانی نیشتمان شار بە شار و دێ بە دێ بەسەر خەڵکیدا بەخشیوونییەوە، دەشێت بپرسین ئەو تەها ڕەسووڵە دەبێت بە دەیان هەزار بۆکسی خۆراک و پێویستی بۆ هەژاران ژمارەکەی بناسینەوە، ئاخۆ ئەو زاتە دەبێت بە ژمارەی بەسەرکردنەوەی جوامێران و تێکۆشەران بیناسینەوە، کە ئەوەی ڕۆژێک بۆ کولتوور و کوردایەتی دارێکی لەسەر کەڵەکی نەتەوە دانابێت بەسەری کرووەتەوە، ڕاستییەکەی تەها ڕەسووڵ، پیاوی ژمارەکانە، باوکی ئەو ڕەقەمانەیە کە بۆ چاکەی گشتی و خێری کۆمەڵگا و پێشخستنی کولتوور و فەرهەنگ بەخشیوونی، ئومێدەوارم بۆ تەمەنیشی هەر ژمارە زۆرەکە بێ و بۆ پیاوەتی و سەخاوەت بە تەندروستی و تەمەن درێژییەوە هەر بمێنێتەوە.

# دکتۆر دڵی بۆ هەموو
# چوار پارچەی کوردستان لێ دەدات



**ئازاد سیجانی**

سڵاو و ڕێز بۆ دکتۆرێک لە جنسی ئاشتی و مرۆڤایەتی، لە جنسی خزمەت بە نەتەوەکەی و نەسرەوتن بۆ گەیاندنی یارمەتی بە کەسانی دەستەنگ و بەشمەینەت، خزمەتەکانی دکتۆر کە لەسەر شانی خۆی تا ئێستا بۆ نەتەوەکەی کردوویەتی زۆر زۆرن، لێرەدا ئەمرۆ دەمەوێت ئاماژە بە بەشێکیان بکەم کە بەڕاستی زۆر گرنگ و جێگای ڕێزن، خۆزگە کورد ئەم مرۆڤە بلیمەتانەی خۆی بناسێت و لە بیریان نەکات، خۆزگە نموونەی دکتۆر لە کۆمەڵگای کوردستان زۆر بکات، هەزار خۆزگە سەدان کەسی وەکوو دکتۆرمان ببوایە، کە لەسەر ئەرک و گیرفانی خۆیان خزمەتی گەل و نیشتمانیان کردایە، هەزاران داخ، لە کۆمەڵگای ئێمە نییە ئەو کولتوورەی کە بەبێ چاوەڕوانی، ڕێز لە هەوڵ و تێکۆشانی یەک بگرین، من بۆ خۆم جەنابی دکتۆر لە نزیکەوە دەناسم و ڕێز و حورمەتم هەیە بۆی، ئاگاداری دەیان کاری خێرخوازانەیم لە بوارە جیا جیاکاندا لە چوارپارچەی کوردستان، یەکێک لەو خاڵانەی کە دکتۆری لەلای

من هەر لە یەکەم ڕۆژەوە جیاواز دەرخست ئەوە بوو کە دکتۆر دڵی بۆ هەموو چوارپارچەی کوردستان لێ دەدات و بۆی گرنگ ئەوەیە یارمەتییەکانی بگات بەدەستی ئەو کەسانەی وا پێویستە یارمەتی بکرێن، هەر لە کڕنۆشبردن و ماچکردنی پای دایکە شەهیدێک لە کۆبانی، هەتا دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان لە سلێمانی بۆ گەشەدان بە ئاستی ڕۆشنبیریی گەنجانی سلێمانی و دەیان دەزگای دیکەی خێرخوازیی لە کوردستان و یارمەتیی دەیان بنەماڵەی دەستنەڕۆیشتووی گەلەکەمان و ڕەخساندنی هەلی کار و ئیشکردن بۆ دەیان و سەدان کەس لە بەشە جیاوازەکاندا، هەروەها کۆمەڵێکی تر چالاکیی ڕۆشنبیرانە و خزمەتگوزاریگەلی جۆراوجۆر، زۆر شتی تر کە لێرەدا باس ناکرێت، بەڵام لەم سەردەمی پەتای کڕۆنادا زۆر زۆر ئینسان دۆستانە و دڵسۆزانە لەم سەردەمی دەستتەنگی و هەژارییەدا کە باڵی بەسەر هەموو ئێراندا کێشاوە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ڕووخانی جومگە ئابوورییەکانی ڕژێمی ئێران لەبەر گەمارۆ توندەکانی وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکا، لەسەر هۆکارگەلی جیاواز وەک دەستبردن بۆ دروستکردنی چەکی کۆمەڵکوژ و ناوکی و دەیان هۆکاری تر، دکتۆر دەستی کردووە بە چالاکیی مرۆڤدۆستانە لە ڕۆژهەڵات و یارمەتیدانی ئەو بنەماڵە دەستکورتانەی کە لەم سەردەمی "کەرەنتینە"دا داماون بۆ بژیوی ژیانیان و جێگای ئاماژەیە کە چالاکییەکانی دکتۆر لەژێر ناوی "دەزگای خێرخوازیی کەریمی ئەلەکە" لە ڕۆژهەڵات زۆر گرینگ بووە، لە ڕۆژهەڵات خەڵک دڵخۆش بوون منیش بە ئەرکی خۆمم زانی لێرەدا سەری ڕێز و ئیحترام دابنەوێنم بۆ پیاوێکی مەزن لە گەلەکەم و فەخر بکەم بە خۆمەوە کە ئیفتخاری ئەوەم بووە لە نزیکەوە ئاشنای ئەم مرۆڤە مەزنە بم.

# کورد کەریمی عەلەکەی لێ نابڕێت

ئاریان محەمەد

نەتەوە بە تەنها یادەوەری و سمبولسازی نییە، بەڵکوو ڕۆح بەبەرداکردنەوەی ئەو یادەوەرییانە و زیندووکردنەوەی سمبول و هێما نەتەوەییەکانیش دیوێکی گرنگیی دیکەیە، چونکە ڕاستییەکەی، بۆ ئەوەی ئەو یادەوەرییانە بە هەمیشەیی و نەمری بمێننەوە، دەبێت بەردەوام لە ڕێگەی بیرهێنانەوە و تەوزیفکردنەوە، جارێکی تر بیر خەڵک بهێنرێنەوە، بەم چەشنەش هەم یادەوەری مێژوویی زیندوو دەبێت و هەمیش ئیلهام و بەها لەو یادەوەریانە وەردەگیرێت، دروستکردن و ڕۆڵبینینی ڕێکخراوی خێرخوازی "کەریمی عەلەکە" لە ئانوساتێکدا، کە هەژاری و نەداری، برسیەتی و بێدادی تەنگی بە کۆمەڵگا هەڵچنیوە، بە تەنها بەو دیوەیدا گرنگ نییە کە ناوی ئەو کەسایەتییە مێژووییەی کوردستان و سلێمانی بەزیندوویی دەمێنێتەوە، بەڵکوو بەو ئاستەشدا گرنگە، کە پیاوێکی نازداری وەک "تەها ڕەسووڵ"ی چاکەخواز و خێرۆمەند، بۆ خوا و خەڵک سوڵحاو، لە ڕێگەی زیندووکردنەوەی بەهاکانی بەخشینەوە ناوی "کەریمی عەلەکە" و بەها و ڕەوشتی ئەومان بیر دینێتەوە، دەوران و ساتی بەڵای کۆرۆنا تا بەمرۆ دەگات، هەمیشە ئەو جوامێرە لە ڕێگەی دەزگای خێرخوازیی کەریمی عەلەکەوە،

دەست بەباڵی هەژار و نەدارانەوە دەگریَ و شار بە شار و گەڕەک، دەیهەویێت ئازار و میحنەتی لێکەوتەکانی کۆرۆنا لەسەر خەڵکی کاڵ بکاتەوە، لە هەر شوێنێک پێویستی کردبێت لە دانانی تەلاری نەخۆشخانە و بەتەنگەوەچوونی بنکە تەندروستییەکان، دەست لەسەر سنگ بەدەم خواستی خەڵکەوە چووە، لە هەر پنتێک و دوور لە دابەشکاریی سیاسی پێویستییان بە کەرەمی ئەو هەبووبێت، بێ دوودڵی، نەک هەر گیرفانی، بەڵکوو دڵیشی بۆ ئاوەڵا کردوون، ئەو دەستپێشخەرییە مرۆییانە تەنها لەو ئاستەدا گرنگ نییە، کە مێرخاسێک لە میحنەتدا وەک سوراحی سەر فرودێنیَ، بەڵکوو بەو دیوەشدا بەبایەخە، کە ناوی کارەکتەرێکی مێژوویی وەک کەریمی عەلەکە زیندوو دەکاتەوە، ئاخر ڕاستییەکەی خۆشی قوتابییەکی سەرڕاستی کەریمی عەلەکەیە ئەو پیاوە جوامێر و کەم وێنە، چونکە لەناو یادەوەری نەتەوەیەک دەژیت، هەمیشەش ئاکاری بەرپرسیاریەتی بەرامبەر ئەو مێژووە وای لێ کردووە، بە سامان و ڕەوشتی خۆی سمبولەکانی نەتەوە زیندوو بکاتەوە، ئەوەش چیرۆکێکە تەنها بە "مارگرێت"ی پێشمەرگە و خۆنەویست ناوەستێت، بەڵکوو بە مێژووی "جەمال عیرفان"دا ڕەت دەبێت و دەچێتە سەر "مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی"و دواجاریش بەهاکانی "کەریمی عەلەکە"مان بۆ زیندوو دەکاتەوە. "تەها ڕەسووڵ" ئەو پیاوەی دەست بەباڵی هەژارانەوە دەگرێت، خوا دەست بەباڵییەوە بگرێت.

# دکتۆر تەها پیاوە مەزنەکە



**عەلی قەندە**

دکتۆر تەها پیاوێکە سەرتاپای جەستەی میهرەبانییە و مەحیبەتە بەرامبەر مرۆڤە هەناسە ساردەکان، دکتۆر تەها ئەوەی من بیناسم لە نزیکەوە هێندە کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر و خۆشەویستە، کە هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان بیری لەوە نەکردووەتەوە و چاوی نەبریوەتە ئەوەی خۆی بسەپێنێ وەک بەرپرسێکی نابەرپرس، دەتوانم بڵێم ئەو پیاوە لەوانەیە زۆر پلەوپایەشی پێ ڕەوا نرابێت، بەڵام قبووڵی نەکردووە، بەڵام من تا نەمردووم ئاواتێک دەخۆزم خۆزگە دکتۆر تەها لەمەکانەیەکی زۆر بەرزدا بوایە، جا ئەوجا ئێمە ئەو پیاوە پڕشەهامەت و بەویقارەمان دەناسی، ئێستا تەواوی لاشەی داهێناوەتەوە و کوڕنوش بۆ دایکی شەهیدێک دەبات، کە تا ئێستا ئەو شەهامەتەم لە هیچ بەرپرسێکی ئەم باشوورە نەبینیوە و ناشی بینین، گەر دکتۆر تەها لەو ئاستە بەرزانە بوایە گورگ و مەڕ بەیەکەوە ئاویان دەخواردەوە، کەسیش خاوەن بیرەنەوت نەدەبوو، نە کەسیش خاوەنی کۆمپانیا زەبەلاحەکانیش دەبوو، نە مووچەش ئاوای بەسەر دەهات نە ئەو هەموو کوڕ و کچە دەرچوانەی زانکۆکانیش لەماڵەوە بێکار دەبوون.

# لە فەراغی حکومەت و وەزارەت و وەزیری پەروەردەدا بۆ دکتۆری شیفا بۆ مرۆڤایەتی دکتۆر تەها ڕەسووڵ




**هاوشان عەزیز**

سڵاو دکتۆر گیان، زۆر جار وتوویانە بۆ ستایشی گوڵ تەنها گوڵ خۆی ستایشە، دەزانم هەندێک وا ڕاهاتوون دەڵێن: بۆ وەسفت نازانین چی بڵێین و وشەیەک نییە جێی گوڵدانی باشییەکانی تۆبێت! بەڵام باوەڕ بکە من بە شاعیربوونی خۆمەوە نازانم چی بڵێم بۆ ئاسمانی هەڵۆی ئومێدبەخشینت؟ خۆم و خوێندکارەکانم وەک باڵندەیەکی عاسی لە ئاسمانی کوردستان، بێناز هەردەم ڕاوچییەکانی جەسارەت بە لولەی نا ئومێدی شۆڕیان دەکردینەوە بە ناو جەنگەڵەکانی کەبد! بەڵام تۆ بێ گوێدانە شەختەی هەزار زستان بە سورعەتی ئەسپێکی سپی هاتیت گوڵ و ڕەیحانەت خستە دڵی خوێندکارەکانمەوە، تۆ هەم دڵت و هەم گیانت خستووەتە خزمەت کانییە تینووەکانی کوردستان هاتی فەرهەنگی ڕقت گۆڕی بۆ سەرای جوانی جاویدانی و فەیز و فەیروزت خستە تابلۆ تاریکەکەی حەقیقەت، دکتۆر بمێنە بۆ جوانی بمێنە بۆ حاڵ و ئەحواڵی هەژاران بمێنە بۆ باخی هەزاران داری تینووی نیشتمان.

# جوانترین مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە



**حەسەن عەلی**
**بەڕێوبەری ناوەندی ئاوێر**

دکتۆر تەها ڕەسووڵ یەکێ لە جوانترین مرۆڤەکانی کوردە ئێستا لای من، چونکە کاک دکتۆر بێ ڕاوەستان خزمەتێکی بێ ئەندازەی کتێبخانەی کوردی دەکات سپۆنسەر بۆ سەدان کتێب دەکات بەڕاستی مرۆڤێکی جوانە لەم سەردەمە دەستی دەیان نووسەر و وەرگێریش دەگرێت شانازی پێوە دەکەم خۆزگە دەیان دەوڵەمەندی تر چاویان لە بەڕێزیان دەکرد تا کتێبخانە هەژارەکەی کورد دەوڵەمەند بوایە لە سەرچاوە کە دەیان کەموکوری هەیە.

# دکتۆر تەها ڕەسووڵ



د. مەغدید سەپان

لە ساڵی ١٩٨٧ بۆ خوێندن بۆ مۆسکۆ چووم "د. تەها ڕەسووڵ"م ناسی و دواتر ناوە ناوە یەکترمان دەبینی و زۆر جاریش بۆ سەردان و بینینی برادەرانی لێنینگراد، بۆلامان دەهات، د. تەها ڕەسووڵ وەک ئێمە کەسێکی حیزبی بوو، بەڵام حیزبیبوونی ئێمە یان هەڤاڵانی دیکە، قەت نەدەبووە ساردکردنەوە و لاوازبوونی برادەرایەتی، چونکە هەموومان دەمانزانی ئێمە لە سۆڤییێت و دواتر لە ڕووسیا کوردین، پێش ئەوەی یەکێتی، پارتی، سۆسیالیت، پاسۆک یان هەر حیزبێکی دیکە بین، د. تەها ڕەسووڵ بەردەوام لە بەرەی گەلدا بووە و لە هەموو چالاکییەکانی سیاسی و بۆنە نیشتمانییەکان، چالاکییەکانی کولتووری وەک زۆربەمان بەشدار دەبوو، کەسیش وەک د. تەها ڕەسووڵ دڵی بە یارمەتیی خەڵکی دیکە "قوتابییانی کورد" خۆش نەدەبوو

پاش تەواوکردنی خوێندن و گەڕانەوەمان بۆ سوید و کوردستان، دیسان ناوە ناوە یەکترمان دەبینی، ئەو پێش من (٢٠٠٤) بەیەکجاری بۆ کوردستان گەڕاوەتەوە د. تەها ڕەسووڵ، لە کوردستان کۆمەڵێک خەونی گەورەی هەبوو، لەتەک

بازرگانی، کارکردن و پەرەپێدان بە بواری فەرهەنگ بۆ ئەو زۆر گرنگ بوو، زوو دەزگای چاپ و پەخشی بە ناوی: "جەمال عیرفان" لە شاری سولەیمانی دانا، تا ئێستا نزیکەی ٦٠٠ کتێبی لەسەر ئەرکی خۆی چاپ کردییە و بە پارەش نزیکەی دوو ملیۆن و نیو دۆلار لەسەری کەوتییە... دەزگای جەمال عیرفان، قەت قازانجی نەکردییە و خەرجی خۆی نەهێناوەتەوە، لەگەڵ ئەوەش د. تەها ڕەسووڵ پەرەی پێدەدات و هەفتانە کتێبی تازە چاپ دەکات، دە فیلمی دەکیومێنتاری و دراما لەسەر ئەرکی د. تەها ڕەسووڵ بەرهەم هێندراون، جگە لەوانە ١٧ ئێزگەی ڕادیۆی دامەزراندییە و پێشکەش بە سەنتەر و دەزگا و ڕێکخراوی جیا جیای کوردی کردییە، هەروەها دەیان پەیکەری نووسەر و شاعیری کوردی لەسەر داوای ئەو دروستکراین و لە پارک و شوێنی جیای کوردستان داندراین، من و د. سامانی هاوڕێم، (١ی ئازار) سەردانی دەزگای چاپ و پەخشی: "جەمال عیرفان"مان کرد و لەوێندەر (د. تەها ڕەسووڵ)مان بینی و قسەی زۆرمان کرد و هەندێک وێنەشمان بۆ یادگاری گرت.

لەگەڵ نووسینی ئەو چەند دێڕەی سەرەوە، دەمەوێ سڵاوێکی گەرمی لە هەولێرەوە بۆ بنێرم و هیوادارم د. تەها ڕەسووڵ هەر لەخۆشی و شادی بژیت و لەسەر پرۆژە کولتوورییەکانیشی بەردەوام بیت، چونکە ئەگەر سەرکردایەتی کوردیش لە شەونخونی وماندیبوونی ئەو تێنەگەن و نەزانن، ئێمەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی بواری فەرهەنگ، بە ئەرک و ماندیبوون و کارە گەورەکانی دڵخۆش دەبین و دەزانین پاش تەواوکردنی هەر بەرهەمێکمان، کەسێک، دەزگایەک هەیە، خەمە گەورەکەمان لەکۆڵ بکاتەوە، کتێبەکەمان بۆ چاپ بکات، بێ ئەوەی لێمان بپرسێ: تۆ ئەندامی چ حیزبێکی یا خەڵکی چ شار یان هەرێمێکی.

# دکتۆر تەها هەر چی بۆ بکەین
# حەقی خۆی نادەینێ



**ظاهر شکر**

د. تەها ڕەسووڵ، مرۆڤێک، هەر چی بۆ بکەین حەقی خۆی نادەینێ، لە بواری ڕۆشنبیری و چاپکردنی کتێب، لە بواری خێرخوازیی و مرۆڤدۆستی، لە بواری ژینگەپارێزی و چەندین بواری تر، کام لەو بوارانە بگرین، د. تەها سەر قافڵەیەتی، فریشتەی ڕۆژە ناخۆشەکانی سەرەتای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، ڕۆشنبیر و خەمخۆری میللەتەکەی، خەمخۆری شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و کوردستانی باشوور بە کەرکووکیشەوە، دڵسۆز و بەوەفا و هێمن و لەسەرخۆ.

پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، دەستی شێخ مارف بەرزنجی گرت و بەرەو کەرکوک کەوتە ڕێ و ئێمەش شەرەفی ئەوەمان بەرکەوت لە پێشوازییاندابین و ساتێک دەست لەسەر سنگ لە حوزوری شەهید شێخ مارف ڕاوەستین و دەستخۆشیش لە د. تەها بکەین بۆ دیارییە بەنرخەکەین.

# سڵاو لە کاك تەهــا ڕەسووڵ



**جەوهەر مەحموود داراغا**
**وەرگێڕ**

منیش بە ئاگام لە خەباتەکانی کاک تەها ڕەسووڵ، بەوەی گەلێک پشتگیریی وەرگێڕە بەڕێزەکان دەکات و شاکارە سێ بەرگییەکەی "شەڕوئاشتی"ی بۆ منی وەرگێڕ چاپ کرد! شاکارێک کە چەند ناوەندێک چاپکردنی ئەم ڕۆمانەیان بۆ چاپ نەکردم و ساڵێک دەستیدەستیان پێ کردم.

بۆیە ئەم تەها ڕەسووڵە شۆڕەسوارێکی تری بەکولتوورکردنی خوێندنەوەیە... تەمەن درێژ بێت.

# دکتۆر تەهام قبوولە



**یاسین ڕۆستەمی**

خۆزگە هەموو سەرمایەدارێک وەکوو دکتۆر تەها ڕەسووڵ نیشتمانی دەبوو ئەو بۆرژواناسیونالیستی کوردی گەشەی دەکرد و کۆمەڵگایەکی گەشەکردوو دیمۆکرات و کراوەمان دەبوو کەسێکە سەرمایەکەی خستووەتە خزمەتی کوردوستراتیژی نەتەوەیی و نیشتمانی و من وەکوو مارکسییەک لەم قۆناغەدا سەرمایەداری وەکوو دکتۆر تەهام قبوولە و جیگای ڕیز و خۆشەویستمانە و هیوادارم سەرکەوتوو و بەردەوام بێت شارەکەمانی ڕازاندووەتەوە بە پەیکەری مرۆڤە گەورەکان ئەدیب و شاعیران و بیرمەند و ڕووناکبیرەکان خۆشی بەڵگەی ئەوەیە کەسیکی ڕۆشنبیر و ئاگایە دووبارە سڵاو ڕێز.

# ڕێکاری کاروانی شارستانیەت- دکتۆر تەها ڕەسووڵ

یوسف برادۆستی - پیرمام

بۆ جاری یەکەمە لە ژیانی من کەسێک لەخۆیەوە وەک هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی مێژووی یا وەک چاوێکی سالمی بێ چاویلکەی ئەم نیشتمانە منیش ببینێ.

ئەو بە دوای ڕێکارانی وەک خۆی کاروانی پرۆسەی بەنەتەوەبوون بونیاد دەوڵەتی نەتەوە و کار و چالاکی و بەرهەمە شارستانییەکانەوەیە، کە ئەوەندەی پەیکەر لە شاری سلیمانی دروست کرد وا دەزانی سەردەمی ڕێنسانسە لەم وڵاتە، ئەو چاوە چاوی "دکتور تەها ڕەسووڵ"ە کە لەدوورەوە لەنێو سۆشیاڵ میدیاوە، منیشی بینی، دەستی فریادڕەس وەک شۆشیانتی سەد ساڵەی نەتەوەیەک.

سەرتا کۆمەڵێ کتێبی بۆ ناردم و پەیمانی دا شۆشیانت فریادڕەسی خەونێکی شەوانی شوانیم تا ئەمڕۆهزر و خەیالی منی داگیر کردبوو، بێنێتە دی، ئەویش دروستکردنی پەیکەری "خانی لەپ زێرین، ئەمیرخانی برادۆست"ە دامەزرینەر و شەهیدی کۆماری دمدم، دروست بکات بۆ داغستانەکەم: برادۆست" منیش وەعد و پەیمان دەدەم تا ماوم کار و کاسبیم تەنیا خزمەتی ئەو گەل و نیشتمانە بێ، هەموو ڕێگاکانیش بۆ گەڕاندنەوەی ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەی و دەوڵەتی نەتەوە بێ و خەونەکەی خانیش بێنمە جێ.

# ئەوەی من دەمەوێت گەلێکی هۆشیارە
# نەك ناو و ناوبانگێکی دیار



**هێژا شێخ ڕەووف**

کاک دکتۆر پیاوێکی بەرز و بەڕێزە هەموو کات بۆ خزمەتی گەلەکەی قازانجنەویست بووە و چەندین پڕۆژەی خزمەتگوزاری و خێرخــوازیی هەیە لە شــاردا، بیــرمە ســەرەتا کە دەزگــای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان دامەزرا هەمیشە ئێمە وەک ستافی جەمال عیرفان هەوڵمان دەدا کتێب بفرۆشین و قازانج بکەین بۆ ئەوەی دەزگــاکە قــازانجی هەبێــت وە هەر نەبێــت مووچەکــانی خۆمان تەواو بکەین پێی، بەڵام هەموو مانگێ کاک دکتۆر دەبوو خــۆی پارەمــان بــۆ بنێــرێ ئەگەر نــا هیچمــان نەبــوو لەســەرو ئەوەشــەوە کە ئەوەنــدە بێقــازانج بــوو دەزگــاکە هێشــتا بەردەوام کــاری جــوان و پێشکەشــکردنی کتێبــی بە مەکتەبەکــان و کەسایەتییە خوێندەوارەکان نەدەوەستا زۆر جار یەک سەیارە کتێبی پێدا دەناردین بۆ کەسێک یان ناوەندێکی خێرخوازی ڕۆژێکیان پێی وتم کەی مەخزەنەکەمان ڕێک دەبێت وتم کاک دکتۆر بەم زوانە ڕێک نابێت زۆری پێ ناخۆش بوو وتی بۆ؟

وتم، لەبەر ئەوەی هەموو ڕۆژێک کتێب زیاد دەکەین و هیچی لێ ناڕوات مەگەر بیبەخشین وای لێهاتوە شوێنی ڕۆیشتن نەماوە کە مەخزەنەکە ماڵی باوکی خۆی بوو، کە خانوویەکی دووقات بوو پڕ بوو لە کتێب کردبوویە خزمەت کتێبخانەکەوە ڕۆژێک پێم وت کاک دکتۆر دەستت خۆش بێت وا بڕوا دەبیت بە ناوێکی دیار و خەڵکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر هەمیشە سوپاسگوزارت دەبن. لە وەڵامدا وتی، خوا دەکات خەڵک دەخوێنێتەوە من پێویستم بە سوپاس و پیاهەڵدان نییە ئەوەی من دەمەوێ گەلێکی هۆشیارە نەک ناو و ناوبانگێکی، دیارە لەو ڕۆژەوە زانیم کە پیاوێکی چەند گەورە و خۆنەویستە بەرامبەر هاونیشتمانییەکانی.

## لێـرەدا زۆر بەکـورتی هێنـدێک لە نووســین و بۆچونی کەسایەتییەکان و خەڵکانی نیشتمانپەروەر لەسەر "دکتۆر تەها ڕەسووڵ" دەخەمە ڕوو



**زاهیر شکور**

"دکتۆر تەهـای دڵ فـراوان و بەئەمەک ڕۆشـنکەرەوەی شـەوە تاریکەکانی کوردستانە و پیاوی ڕۆژی تەنگانە و سفرەی مـاڵی هەژارانە، هەموو سەردەمە سەخت و دژوارەکان پیاوی خـاوەن هەڵوێستی خۆی هەیە، دکتۆر تەهاش جوامێری ئەم سەردەمەیە، لەلایەک خـزمەت بە فکـر و مەعـریفە دەکـات لەلایەکـی تـریش خزمەتی هەژار و بێنەوایان دەکات".



**ئاكار محەمەد**

"ئەو پیاوەی پێغەمبەر ئاسا لە قۆناغێکی هەرە هەستیاری کۆمەڵگەی کوردییەوە دووبارە دێت و خزمەت بە ئینسان دەکات،

بۆ نموونە د. تەها ڕەسووڵ، ئەگەر بڕوانینە کارەکانی دکتۆر تەها ئەوە هیچ جیاوازییەکی نییە لەو ئەرکەی کە خودا بە پێغەمبەرەکانی دابوو، بەش بەحاڵی خۆم لەمێژە من کاک دکتۆر تەها دەناسم و وە لەنزیکیشەوە دەزانم چۆن کار دەکات، هەڵبەتە بۆ من جێی سەرسوڕمانێکی سەیرە کە ئینسانێک هێندە بەهای ئینسانی لابێت و هەمیشە جەخت لەسەر نەتەوەبوونی خۆیەوە بکات، ئەمە ئەو خاڵە گرنگەیەکە بەراستی من شانازی بەم کاراکتەرەوە دەکەم کە هاوکارییەکی زۆر دڵ فراوانی هەیە هەم لە ڕووی ئینسانییەوە هەم لە ڕووی ئەدەبی و هونەری و... تاد.بۆیە ئەم بەشە لێرەدا ڕادەگرم و دەمەوێت لە وتارێکی درێژدا باس لەوە بکەم کە چۆن پێغەمبەران دێن و دەبنە فریادڕەس و نموونەی ئینسانی مۆدێرنە و بوون بە فریادڕەس".




**عەلی دینکە**

"ئەوەی دکتۆر دەستی داوەتێ شۆڕشە، شۆڕشیش بە پیاوی بە ئیرادە و تێکۆشەر دەکرێت شۆڕشیش هەر تەقاندنی گوللە و تفەنگلەشانکردن نییە، ئەو شۆڕشەی ئەو بەرپای کردووە، ناوی لە مێژوودا تۆمار دەکرێت، خەڵکی زۆر هەیە ئەو شۆڕشەی پێ دەکرێت، بەڵام ئیرادەیان نییە و ترسنۆکن، لە کۆتاییدا ناوی دکتۆر لە مێژوودا بەسەربەرزی دەمێنێتەوە، ناوی ئەو بێئیرادە و ترسنۆکانەش بۆ ژێرگڵ".



**کارزان جرجیس حسن**

"گەواهی ئەوە دەدەم کە دکتۆر، موڵکی هەرچوار پارچەی کوردستان و کوردستانی سووریشە، کە پارچەیەکی دابڕێنراوی لەیاد چووە".



**فوئاد ئەحمەد**

"سڵاو لە پیاوی خێرخواز و مەرد، بەتایبەتی کە قۆڵی مەردایەتی لێ هەڵکردوو بە هەموو جۆرێک و لە هەموو بوارێک خزمەت بکات بە هەموو چین و توێژەکان و هەموو ناوچەکان بەبێ جیاوازی، خۆزگە سەرمایەدار و بەرپرسەکان چاویان لە دکتۆر تەها ڕەسووڵ دەکرد لەش ساغ و تەمەن درێژ بێت"



**خالد شريف**

"هەموو کارەکانی جێگای دەستخۆشییە لەم سەردەمەدا، بەس لەناوجەرگەی شاری سلێمانیدا بە داتا هەزار ملیۆنەر هەیە کەس نایانناسێت لەبەر ئەوەی نەیانتوانیوە یەک کاری چاکە بە

سامانەکەیانەوە بکەن دڵنیام هەموو ئەوانە عاقیبەت کە دەمرن بێ ناونیشـان دەمێنـنەوە، گرنگتـرین ئامـانجی ژیـان لە هەر بوارێکـدا توانـات هەبـوو کارێـک بکەیـت دوای مردنـی خـۆت ناونیشـانێک بەجێ بهێڵیت نەک هەر منداڵەکانت، بەڵکوو خەڵک شـانازی بەو ناونیشـانەوە بکەن ئاسـان نییە ئینسـان بەتوانـا و لێهاتوویی خۆی سـەرمایە پەیدا بکات و دوایی ئاوا بەئاسـانی بیخاتە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتیی گەلەکەیەوە بەبێ جیاوازی ناوچەگەری و چینایەتی و فیکری".



**ڕێبوار هەڵەبجەیی**

"نمـوونەی بەڕێـز بـرا و هـاوڕێی زۆر خۆشـەویسـتم "دکتـۆر تەها ڕەسووڵ" زۆر بێت لە کۆمەڵگەکەمـان، بەڕاسـتی جێدەسـتی لە هەمـوو شـارەکانی هەرێـم و پارچەکـانی تـری کوردسـتانیش دیـارە بە پـڕۆژە خێرخوازییەکـانی، هیـوای تەمەنـدرێژی و تەندروسـتییەکی باشـی بـۆ دەخـوازم لە ژیانـدا بـۆ زیـاتر خزمەتکردنی کومەڵگەکەمان بە پڕۆژە جوانەکانی، ئێمەش وەک هەڵەبجەییەکان دەستخۆشی لێ دەکەین بەکارە خێرخوازییەکانی بۆ شارە بێکەسەکەمان".



**ئیسماعیل مصطفی زادە**

"تەنیا دەتوانم بڵێم سڵاوت لێ بێت "د. تەها ڕەسووڵ"، پیاوە یاقوتێکەی نیشتمان، نیشتمان بە تێکۆشانی کەسانی وەک ئێوەوە سەر دەکەوێت.

مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە
ئەوی باقی بمێنێ هەر ناوە
حاجی قادری کۆیی".



**زەردەشت عادل**

"کاک دکتۆر تەها یەکێکە لە پیاوە دڵسۆزەکانی نیشتمان بەردەوام دەستکراوەیە، بەشی زۆری سامانەکەی لەخزمەت خەڵکانی کەمدەرامەت و هەژاران خستووەتە گەر، لەبواری ئەدەبیشدا کوردانە دەستی کردووە بە خزمەتکردن نزیکەی بە

بەهای دوو ملیۆن دۆلار کتێبی لە زمانەکانی ترەوە وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی بێبەرامبەر پێشکەشی کتێبخانەکانی کوردستانی کردووە، تەمەن درێژ بێت و نموونەی زۆر بێت".



**غفور عبدالله**

"دکتۆر تەها شایەنی ڕێز و تەقدیرە پیاوێکی سادە خەمخۆر و خۆشەویستی هەمووانە، هیوای لەشساخی بۆ دەخوازم، سڵاوی تایبەت بۆ دکتۆر تەها براو هاوڕێی دێرینم هەر بژیت".



**هاوشان عەزیز**

"خودایە خولگەی زەویی بخولێنەرەوە بە دڵی ئەم مرۆڤە جوانە، خودایە مەسکەنەکەت شینکە، بە ئەلیفی هەناسەی ئەم مرۆڤە جوانە، خودایە گەر ویستمان لە جوانی تۆ ورد بینەوە، بهێڵە کەمێ سەیری ئەم مرۆڤەت بکەین، تەهایە و تەهارەتی پڕ

میسـکی کـوردەوارییە، دەسـتی لە عەرشـێکی خـودادا ئەڵاوە و دەسـتێکی تـری لەلای هەژاران و دەسـتێکی پەنهانیشـی هەیە لای ڕۆحی شیعر و ئەدەبەوە نەخشاوە، شـاعیرە مەهتابییەکان نەبن کەس ئەو دەستەی چێژ نەکردووە، ئەگەر هەمـوو نەورەسـەکان ماندوو بن ئەو هێشتا کۆترێکە هـێلانە بۆ جـوانی چـێ دەکات و ماندوو نابێ، توخنی وەستان ناکەوێ ئەم هاژەی دڵە میهربازە".




**وەلید عاصی**

"خزمەت و پاراستنی فەرهەنگ و کولتووری نەتەوە و وڵات کـارێکی جـوان ڕەوشـتی و نەتەوایەتیـیە، لە هەر سـوچێکی کوردستاندا بێت، هاوکاری و خزمەتکردن کارێکی پیرۆزە، کاک "دکتـۆر تەهـا" کەسـایەتییەکی ڕۆشـنبیر و خەمخـۆری نەتەوە و فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەی کوردە، دڵسۆزانە ئاوڕ لە کاری هـونەری و هونەرمەنـدان دەداتەوە، پرسـیارەکە بە دیـوێکی دی بکرێت باشترە، ئایە ئێمە چەند کەسـی وەک دکتـۆر "تەهـا"مـان دەوێت بۆ ئەوەی بتوانین ئاستی هونەری باڵا بەدەست بکەین لە کوردستان...؟"




**عمر صالح ئەحمەد**

"دکتۆر تەها ڕەسووڵ ئەو پیاوەی نەک پێویستە بیناسین، بەڵکوو پێویستە زۆری لێوە فێر ببین ئەو نووسەر و مێژووناس و ئەدەبدۆستێکی گەورەی کوردە و بەداخەوە هاوسنفەکانی زۆریان لە ژیاندا نەماون، ئەو بە کتێب و چاپخانە و کتێبخانە کتێبخانەی کوردی تا ئاستی نایاب دەوڵەمەند کردووە، ئەو سەرمایەکەی لە خزمەتی نیشتمان و گەلی خۆیدا دادەنێت و باوکێکی باشی هەژارانە، ئەو پەیکەر بۆ مرۆڤە مەزنەکان دروست دەکات تا لەبەرچاوی میللەتەکەیان ون نەبن و میللەت بەمەزنی ئەو کەسانە بەردەوام ئاشنابێت، سوپاس کە دەست بە ڕووی کەسدا نانێیت ئەگەر کارەکەیت بەخزمەت زانی بۆ نیشتمانەکەت".




**لەتیف فاتیح فەرەج**

لە وتارێکدا بە ناوی "شێخ مارف و تەها ڕەسووڵ" نووسیوویەتی: "جارێکی تر شێخ مارف بەرزنجی لەسەر دەستی دکتۆر تەها ڕەسووڵ گەڕایەوە کەرکووک، جاری یەکەم ئەو کاتە بوو کە دیدارێکی بایەخدار و گەورە بۆ شێخ مارف ڕێکخراو کەسایەتی و میوانی زۆر لە تەواوی باشووری کوردستانەوە هاتبوون، لەوێدا بەڕێزەوە باسی شێخ مارف و هاوڕێ جوامێرەکانی کرا، ئەمجارەش دکتۆر تەها ڕەسووڵ هەستا بە ئەرککێشانی پەیکەرێکی ناوازە بۆ ئەو شاعیر و نووسەرە ئازادیخوازە ئەو مرۆڤەی بە گەورەیی لە مرۆڤی دەڕوانی و هەموو هیوا و ئومێد و خەونی ئەوە بوو مرۆڤایەتی لە کەند و لەند و کۆسپ و تەگەرە ڕزگاری بێت وێڕای دەستخۆشی و دەستگوشینی دکتۆر تەها سەبارەت بەو کارە،

خۆزگە دیوار بەندی هەموو شەهیدەکانی ئەو ڕۆژە و وێنەی نامەکانیان پێش لەداردان دەکرایە مۆزەیەکی تایبەت بۆ ئەوەی هەمیشە لە یاد و یادەوەریدا بن".



**کوردی مستەفا**

"من زۆر جار کتێبم دەخوێندەوە، دیقەتم دەدا لە پەڕی دووەمی، یا بەرگی دواوەی کتێب گەلێک نووسرابوو "لەسەر ئەرکی دکتۆر تەها ڕەسووڵ چاپ کراوە" لەو کاتەوە بێ ئەوەی دکتۆر خۆیی لە نزیکەوە ببینم یا پەیوەندیم لەگەڵی هەبێت خۆشم دەوێت. هیوادارم سەرمایەدارەکانی تر شەرم دایان بگرێت، تۆزقاڵێک بەقەد دکتۆر بیر بکەنەوە خزمەتی کتێبخانە و کتێب و خوێنەرەکانی کورد بکەن، بەهیوای بەردەوامی هەمیشەیی بۆ دکتۆر".




**محەمەد حەسەن**

"دکتۆر تەها ڕەسووڵ: گەوهەرە خوا بەگەلی کوردی بەخشیوە مروڤێک تا سەر ئیسقان کورد پەروەرە ڕۆشنبیرە و خزمەتێکی گەورەی مێژوو کولتووری کوردی کردووە خزمەتی ماڵەشەهید و خەڵکی کەمدەرامەتی کردوە چی بنووسی تەواو نابیت دەربارەی گەورەیی ئەم بەڕێزە".



**ئاری مەحموود**

"دکتۆر تەها ڕەسووڵ جێگە دەستی دیارە لە بواری کتێب و هونەر و ڕۆشنبیری و هاوکاریی نەداران و خوێندکاران و ڕێکخراوی کەریمی ئەلەکە و دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان،

سەرکەوتوو بێت کەسێکی خۆنەویست و شاکارەکانی سلێمانییە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، نموونەی ئەم جۆرە پیاوانە زۆر بێت من لە نزیکەوە ئاگاداری کارە خێرخوازییەکانی و ڕۆشنبیری و کولتوورییەکانیم، یارمەتی نەدار و خوێندکارەکان دەدات بە بەردەوامی بێ وەستان، ئەم بەرێزە سامانێکی نیشتمانی کوردستانییە بەبێ جیاوازی کاری لەسەر هەموو بوارەکان کردووە.



**دیاری ئەحمەد**

"دکتۆر تەها باشی و چاکەکانی بە نووسین باس ناکرێت شایەنی زۆر شتە، خۆزگە مردن لە ڕێگەی کەسە باشەکاندا نەبووایە، نموونەی زۆربێت نیشتمان چەند کەسێکی وا نیشتمانپەروەری تێدابوایە کورد دەگەشت بە ئاواتی خۆی، هیوا خوازم سەرمایەدارەکان چاوێک لە دکتۆر تەها بکەن خزمەتی نیشتمان بکەن".




**فریا محەمەد**

"پەیکەرێک بکەن بۆ ئەم پیاوە هەتا لە ژیاندا ماوە، وێنەی نەبێ لە دونیادا دکتۆر تەها ڕەسووڵ چۆن وێنەی ئەم پیاوە یەک دانەیە و لەم عەسرەدا تیای نەماوە، هەر چی ڕۆژە کە تیایی دەژی تیماری دەردی گرانی سەدان بیماریی بێ حاڵ و چەندین ژیاوی بێ لانە، لە ئەستۆی ویژدانی گرتوون ئەم پیاوە مەردەی زەمانە، خودا عومری نوحت باتێ بۆ زیاتر مانت لە ژیان، چونکە زیانە نەمانی تۆ یاخوا قەد نەڕۆی لەژیان".

**(سەرنج: داوای لێبوردن لەو بەڕێزانە دەکەین وتارەکانیان لێرەدا بڵاو نەکراوەتەوە لەبەر ئەوەی بەرچاوی ئێمە نەکەوتووە، ک.ک.)**

# پێشنیارێك بۆ هاوڕێیان و خۆشەویستانی دکتۆر تەها ڕەسووڵ

ئێمەی هاوڕێیانی دکتۆر تەها و ئەوانەی ڕۆژێک بە دکتۆر تەها ئاشنا بوون، بێگومانین لەوەی ئەم مرۆڤە کەسێکی تایبەتە و هەموو بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی و مەردایەتی و بەخشینی تێدا بەرجەستە بووە، وەک کەسایەتییەکی نیشتمانپەرست و دڵسۆزێکی ڕاستەقینەی گەلەکەشی هەموو وێستگەکانی ژیانی و گیرفانی و تەمەنی خۆی بەخشیوە بە نیشتمان، هەر چەندیش ئاماژە بە هەڵوێستە جوانەکانی بدەین هەر مەڵۆیەک دەبێت لە خەرمان، لەبەر ئەوە لێرەدا کۆتایی پێ دەهێنم، بەڵام ئەوەی مایەی ڕێزلێنانە و پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکەین وەک پێشتر ئاماژەمان پێ داوە هەمیشە "د. تەها ڕەسووڵ" دژی خۆبردنەپێشەوە و ماسولکە دەرپەراندن بووە و مەبەستی نەبووە هەڵوێست و بەخشینەکانی بکاتە منەت بەسەر خەڵکییەوە و خۆی وەک کەسێکی چاکەخواز نمایش بکات، لەبەر ئەوە هاوکاری و بەخشینەکانی هەر هەمووییە ناوی دەزگا و دامەزراوەکانەوە بەخشیوەتە ئەم نیشتمانە نەک بە ناوی خودی خۆیەوە، ئەو کارە مەزنانەشی ئەنجامی داون وەک خزمەتکارێکی ئەم نیشتمانە بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیووە، هەر لەبەر ئەوەیە بۆجارێکیش ئامادە نەبووە لە هیچ شوێنێک ئاماژە بەکارەکانی بدات.

لەبەر ئەو هۆکارانە من بەپێویستی دەزانم ئێمەی هاوڕێیانی "د. تەهـا ڕەسـوول" و ئەوەی ئەو مـرۆڤە سـپییە دەناسـێت وەک وەفایەک بۆ هەڵوێستە جوانەکانی، بە ئەرکی دەزانم بە هەمووان پەیکەرێکی شایستەی بۆ دروست بکەین تـاخۆی لە ژیاندا مـاوە، مـن وەک خـودی خـۆم لە توانامـدا هەیە بەو ئەرکە هەسـتم، وە دەیان کەسی دیکەش ئامادەییان تێدایە بەشـانازییەوە ئەو ئەرکە بگرنە ئەسـتۆ، بەڵام مـن پـێم وایە "د. تەهـا ڕەسـوول" زۆر لەوە گەورەترە کەسێک یا لایەنێک یا ڕێکخراوێک پەیکەری بـۆ بکات، مـن پـێم باشـە هاوڕێیـان و هاوکـارانی سندووقێکی بـۆ بکەن لە شـوێنێکی وەک "دەزگـای جەمـال عیرفـان" دابنـێن هەر کەسـێک بەئارەزووی خۆی لەگەڵ ئامـاژەدان بە نـاوی خـۆی بەبڕی یەک هەزار دینار تاپەنجا هەزار بەژداری بکات بۆ دروسـتکردنی ئەو پەیـکەرە بەمەرجێـک بـوار نەدرێـت کەس لە پەنجـا هەزار پتـر کـۆمەک بکـات تـا دواجـار لە کـاتی دروسـتکردنی پەیـکەرەکەدا بنوسرێت ئەوەندە کەس لە خەڵکانی ڕۆشنبیر و خەمخۆرانی ئەم نیشتمانە بەژدارییان کردووە لە دروستکردنی ئەم پەیکەرەدا، بۆ ئەوەی هەمووومان بەشدار بین لە ڕێزگرتنی ئەو مرۆڤە مـەزنەدا و پەیـکەرەکەی نەبێتـە مـوڵکی تـەنها کـەسـێک یـا ڕێکخـراو و لایەنێک.

**(سەرنج: وەک پێشتر ئاماژەمـان پێ داوە "د. تەهـا ڕەسـوول مـوڵکی نیشـتمانە نەک خـۆی لەبەر ئەوە ئەو مـافە بەخۆمـان دەدەین تانەگرتن و ناڕەزامەندی خودی خۆی فەرامۆش بکەین لە دروستکردنی ئەم پەیکەرەدا. ک.ک)**

لێرەدا لەبەر سەرقاڵی و نەپڕژان و هەڵچوونی تەمەنم، سەرپەرشتیی ئەنجامدانی ئەم کارە دەسپێرمە برای بەڕێز "بەختیار سەعید" لەبەر ئەوەی کەسایەتییەکی زۆر چالاکە، بەدروستکردنی لیژنەیەک لە خۆشەویستانی دکتۆر تەها بۆ ئەنجامدانی ئەو پڕۆژەیە، وەهەر بەڕێزێک مەبەستییەتی بەژدار بێت لەو لیژنەیەدا بۆ بەدیهێنانی ئەو پڕۆژەیە سەربەستە بەبێ هیچ مەرجێک، لە کۆتاییدا دەڵێم: "سەرکەوتنی ئەم پڕۆژەیە یا شکست هێنانی بۆ مێژوو بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی برای بەڕێز "بەختیار سەعید" پاشان هاوکاران و خۆشەویستانی "د. تەها ڕەسووڵ"".

## سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانین: لە هزری مندا هەستێکی سۆزداری و وەفادارییە، دەربڕینی بەختەوەری بە ناخ و کامەرانی بەژیانی مرۆڤ دەبەخشێت، لەبەر ئەوە لێرەدا پڕ بەدڵ لە ناخەوە سوپاسی هاوڕێی هەمیشەیی و خۆشەویستم کاک "شێخ جەمالی موزیع" دەکەم، لەبەر ئەوەی لەمێژ بوو بیرۆکەی ئەنجامدانی ئەم کارە بە هۆی هێندێک ئاستەنگەوە لە هزرمدا قەتیس مابوو، بەڵام بەڕێزی بەدەربڕینی چەند وشەیەک ئاستەنگەکانی نغرۆ کرد و دەروونی بەهێز و ئاسودە کردم بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، ئەوە جگە لەوەی خۆبەخشانە وەک پشتگیرییەک ئەرکی پێداچوونەوەی ئەم کارەمی لەئەستۆ گرت.



مرۆڤەکان بەڕەوشتیان
خۆیان لەناخی بەرامبەردا
وێنا دەکەن...
نەك بەسەروەت و سامانیان.